پەکەکە بناری چیای قەرەچووغی کردووەتە تونێل و بارەگاکانی مەخموری ڕادەستی حەشدی شەعبی کردووە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (7323) دووشەممە 2ی تشرینی دووەم 2026 | "16" لاپەرە | "500" دینار

سەنگەر کانەبی، بەرپرسی لقی ٢٣ی قەرەچووغی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵی زاگرۆس ئاشکرای کردووە کە ماوەیەک پێش ئێستا هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بە فەرمی بنکە و بارەگاکانی خۆیان لەگەڵ کەمپی مەخمور ڕادەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی کردووە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

پەکەکە ئەو تونێلانەی ساڵانێکە بە پارەی تاڵانبردراوی شنگال دروستی کردبوون ڕادەستی عێراقی کرد

ئەو تونێلانەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان «پەکەکە» ساڵانێکە بە پارەی تاڵانکراوی شنگال دروستی کردوون، سەرجەمیان ڕادەستی هێزەکانی عێراق کران، سەرچاوەیەکی ئەمنیی عێراقیش ئاشکرای دەکات کە ئەگەر هەیە هەموو ئەو تونێلانە بتەقێندرێنەوە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

ئەرکی سەرشانمانە قوربانییانی شەڕ و تیرۆر بەتەنیا جێنەهێڵین

جەخت دەکەینەوە کە هەمیشە پشتیوانی مافەکانی ئێزیدییەکان دەبین، هەر پلانێکیش بۆ چارەسەری کێشەکانیان لە شنگال دەبێت بەپێی خواست و بەرژەوەندیی خۆیان بێت



بەیانیی دوێنێ یەکشەممە ١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٦، زانکۆی دهۆك ڕێوڕەسمێکی بۆ یادی 10ساڵەی دامەزراندنی (پەیانگەی چارەسەری دەروونی و تراوما) لە زانکۆ، ئەنجام دا، کە ژمارەیەکی بەرچاوی ئێزدییان و میوانانی ناوخۆیی و بیانی ئامادەی بوون. لە ڕێوڕەسمەکەدا وتاری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشکەش کرا کە لەلایەن بەڕێز دلشاد شەهاب، یاریدەدەری سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە خوێندرایەوە.

(دەقی وتارەکە لە ل3 بخوێنەوە)





بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

یاریی کۆتایی خولی سێیەمی پاڵەوانێتیی تۆپی پێی دیپلۆماسی بەڕێوەچوو

ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە 1ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٦، بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، یاریی کۆتایی خولی سێیەمی پاڵەوانێتیی تۆپی پێی دیپلۆماسی بەڕێوەچوو، کە لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕێکخراوە.

هەردوو تیپی وەرزشیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا (چێک، پۆڵەندا، بولگاریا، ئەرمینیا) و فەلەستین یاریییان کرد و لە ئەنجامدا، تیپی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بە ئەنجامی 2-4 بووە پاڵەوانی خولەکە.

تۆڕی گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان بە یەک بەستراوەوە و ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتیش بۆ ٥٠٠ هەزار بەرمیل بەرز بووەتەوە

سەرۆکی جێبەجێکاری گرووپی کۆمپانیاکانی کار، شێخ باز ڕەئووف کەریم ڕایگەیاند کە تۆڕی گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان لە گەرمیانەوە تا دهۆک بە تەواوی بەیەکەوە بەستراوەتەوە و بە ڕاستەوخۆ گاز دەگەیەنێتە پاڵاوگەکانی بێجی و وێستگەکانی چارەسەرکردن، لە هەمانکاتدا، قەبارەی گواستنەوەی نەوتی خاو لە ڕێگەی بۆریی نەوتی هەرێمەوە گەیشتووەتە ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

شێخ باز، لە پەیامێکدا لە هەژماری فەرمیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (ئێکس)، باڵاویکردووەتەوە کە، لەم قۆناغەدا هەستیارەدا دەستکەوتێکی گرنگ لە ژێرخانی وزەی هەرێمی کوردستان بەدەستهاتووە و تۆڕی گواستنەوەی گازی سرووشتی لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێم بەیەکەوە گرێدراوە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



وەزارەتی نەوتی عێراق:

نەوتی سپی بە نرخی پاڵپشتیکراو بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکرێت

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

جەمال کۆچەر: بڕیارە لەم هەفتەیەدا شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات

تا هەولێر و بەغدا ڕێکنەکەون پڕۆژەیاسای بودجە نایەتە پەرلەمان

ڕەوانەکردنی پڕۆژەیاسای بودجەی فیدراڵی بۆ ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی عێراق، چاوەڕێی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدایە و لەم هەفتەیەدا شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات.

تاوەکوو ئێستاش پڕۆژەیاساکە لە وەزارەتی داراییە و ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران نەکراوە. بۆ ئەم مەبەستە تیمێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکردنی بەڵگەنامەی یاسایی و کارگێڕییە بۆ ئەوەی پشکی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی مسۆگەر بکات.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

ووڵ ستریت جۆرنالْ: تەمپ و نەتانیاهۆ دەستپێکردنەوەی شەڕی دژ بە ئێران تاوتوێ دەکەن

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

سەنگەر کانەبی بەرپرسی لقی ٢٣ی قەرەچووغ:

پەکەکە بناری چیای قەرەچووغی کردووەتە تونێڵ و بارەگاکانی مەخموری ڕادەستی حەشدی شەعبی کردووە



سەنگەر کانەبی، بەرپرسی لقی ٢٣ی قەرەچووغی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵی زاگرۆس ئاشکرای کردووە کە ماوەیەک پێش ئێستا هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بە فەرمی بنکە و بارەگاکانی خۆیان لەگەڵ کەمپی مەخمور ڕادەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی کردووە. هاوکات ئەوەشی خستەڕوو کە پەکەکە لە بناری چیای قەرەچووغ هاوشێوەی چیای شەنگال دەستی بە لێدانی تونێلی ژێرزەوی کردووە و تاوەکو ئێستاش حکوومەتی عێراق بە شێوەیەکی فەرمی دەستی بەسەر ئەو تونێلانەدا نەگرتووە.

گومان دەکرێت تونێڵی دیکەش لە ناوچە جیاوازەکاندا بوونیان هەبێت

پەکەکە ئەو تونێلانەی ساڵانێکە بە پارەی تاڵان بردراوی شنگال دروستی کردبوون ڕادەستی عێراقی کرد

ئەو تونێلانەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان «پەکەکە» ساڵانێکە بە پارەی تاڵانکراوی شنگال دروستی کردوون، سەرجەمیان ڕادەستی هێزەکانی عێراق کران، سەرچاوەیەکی ئەمنیی عێراقیش ئاشکرای دەکات کە ئەگەر هەیە هەموو ئەو تونێلانە بتەقێندرێنەوە.

ئەو سەرچاوە ئەمنییە کە نەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکرێت، بەئاژانسی باسنیوزی ڕاگەیاندووە "هێزە ئەمنییەکان دەستیان بەسەر تەواوی تونێلەکانی پەکەکەدا گرتووە لە شنگال، ئێستا تیمە ئەمنییەکان لە ناو تونێلەکاندا بەردەوامن لە پشکنین بۆ زانینی ناواخنیان."

سەرچاوەکە ئەوەشی خستۆتە ڕوو: "لە داهاتوودا و پاش ئەوەی هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە کرا، حکوومەتی فیدراڵی بڕیار لەسەر چارەنووسی ئەو تونێلانە دەدات. ئەگەر دەربکەوێت مەترسییان لەسەر داهاتووی ناوچەکە هەیە، یەکێک لە بڕیارە سەرەکییەکان تەقاندنەوەی سەرجەم ئەو تونێلانە دەبێت." ناوبراو ڕاشیگەیاندووە: "گومان دەکرێت تونێڵی دیکەش لە ناوچە جیاوازەکاندا بوونیان هەبێت." ئەمە لە کاتێکدایە کە ساڵانێکی زۆرە پەکەکە هەموو توانا داراییەکان لە شاری شنگال گل دەداتەوە و بۆ خۆی دەبات و تاڵانی دەکات، بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکات کە گوایە تونێڵ بۆ بەرگریکردن لە شنگال لێ دەدەن، کەچی هاوشێوەی تونێلەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کە ڕادەستی سووریای کرد، ئەو تونێلانەی شنگالیشی ڕادەستی عێراق کردووە.

هاوشێوەی چیای شەنگال دەستی بە لێدانی تونێلی ژێرزەوی کردووە و تاوەکو ئێستاش حکوومەتی عێراق بە شێوەیەکی فەرمی دەستی بەسەر ئەو تونێلانەدا نەگرتووە.

حەسەن مەجید سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک:

داوامان لە وەزیری ناوخۆ کردووە تایبەتمەندیی کەرکووک بەهەند وەربگیرێت

خەڵکانێک لە شارەکانی دیکەوە دەهێنرێنە کەرکووک و بەرپرسیاریەتی وەردەگرن، کەچی ئەفسەرەکان لێرە ئیستحقاقی خۆیان وەرناگرن



چەند پێشنیازێک لەبارەی کەرکووک ڕاڕاستەی وەزیری ناوخۆی عێراق دەکرێن و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگاکە، ناوەڕۆکی پێشنیازەکان ئاشکرا دەکات.

بەیانیی دوێنێ یەکشەممە، یاسر مالیکی، وەزیری ناوخۆی عێراق، سەردانی پارێزگای کەرکووکی کرد، لەگەڵ بەرپرسە ئەمنی و ئیدارییەکانی سنووری کۆبووەوە، ئامانجی سەردانەکەی تاوتوێکردنی بارودۆخی سنووری پارێزگای کەرکووک بووە. حەسەن مەجید، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بە ئاڤای ڕاگەیاندووە، چەند پێشنیازێکمان ئاڕاستەی وەزیری ناوخۆ کرد، یەکێک لە داواکارییەکان ڕادەستکردنی مەلەفی ئەمنیی ناوشار بووە بە هێزە ئەمنییەکان و مەلەفی شارەکە لەدەست وەزارەتی ناوخۆدا بێت. ئەوەشی گوتووە: لە بارەی بازگەکان، باسی وەرگرتنی باج، ئازاردانی هاوواڵتیان و دروستکردنی کێشە بۆ جووتیاران کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناهاوسەنگیی دەزگا ئەمنی و ئیدارییەکانی سنووری کە خراوەتە بەرباس، داوامان لە وەزیری ناوخۆ کرد، تایبەتمەندیی کەرکووک بەهەند وەربگیرێت، چونکە خەڵکانێک لە شارەکانی دیکەوە دەهێنرێنە کەرکووک و بەرپرسیاریەتی وەردەگرن، کەچی ئەفسەرەکان لێرە ئیستحقاقی خۆیان وەرناگرن. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە هەموو ئەو بابەت و پێشنیازانەمان بە نووسراو ڕادەستی نووسینگەی وەزیری ناوخۆ کردووە و وەزیری ناوخۆش بەڵێنی چارەسەرکردنی ئەو پرسانەی داوە.

شایانی باسە، لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، کورد چەندین پۆستی باڵای ئەمنی و ئیداریی لە کەرکووک لە دەست داوە، لێژنەی باڵای ئەمنی، سەرۆکی ئەنجومەن و فەرماندەی پۆلیس بەشێکی ئەو پۆستانەن.

وەزارەتی نەوتی عێراق: نەوتی سپی بە نرخی پاڵپشتیکراو بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکرێت

تا ئێستا ٤١١ پرۆژەی پیشەسازی مۆڵەتی فەرمییان وەرگرتووە

د. پشتیوان حەمەسەعید: کارگە نوێییەکان سەدان دەرفەتی کاریان لە کوردستان ڕەخساندووە

٧٠٪ی بەرهەمی کارگەکانی هەرێمی کوردستان دەچێتە بازاڕەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق



بەڕێوەبەری شار و ناوچە پیشەسازییەکان لە دەستەی گشتیی وەبەرهێنان ئاماژە بە گەشەسەندنی بەرچاو لە ژێرخانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان دەکات و ڕایدەگەیەنێت، تا ئێستا ٤١١ پرۆژەی پیشەسازی مۆڵەتی فەرمییان وەرگرتووە و بەشێکی زۆری بەرهەمی کارگەکان ڕەوانەی پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەکرێت.

د. پشتیوان حەمەسەعید، بەڕێوەبەری شار و ناوچە پیشەسازییەکان لە دەستەی گشتیی وەبەرهێنان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە «هەرێمی کوردستان لە ڕووی پیشەسازی و بازرگانییەوە گەشەیەکی بەرفراوانی بەخۆیەوە دیوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەپێی سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و ڕەخساندنی دەرفەتی کار، گرنگییەکی زۆر بە کەرتی پیشەسازی دراوە. تا ئێستاش ٤١١ کارگەی پیشەسازی مۆڵەتیان لە دەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە و ئەم ژمارەیەش بەردەوام لە زیابووندایە.» بەرپرسەکەی دەستەی وەبەرهێنان لەبارەی زیادبوونی توانای بەرهەمهێنان و هەناردەکردن گوتوویەتی «لە ئێستادا ٧٠٪ی بەرهەمی کارگەکانی هەرێمی کوردستان دەچێتە بازاڕەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، چونکە ئاستی بەرهەمەکان نەک تەنیا پێداویستیی ناوخۆی پڕ کردووەتەوە، بەڵکو زیادیشی کردووە. بۆ نموونە لە کەرتی چیمەنتۆدا مۆڵەت بە ٢٣ کارگە دراوە و شەش کارگەیان چوونەتە قۆناغی بەرهەمهێنانەوە کە بەشێکی زۆری بەرهەمەکەیان ڕەوانەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەکرێت، هەروەها لە بەرهەمهێنانی ئاسن و کەرپوچیشدا بڕێکی زۆر بەرهەم دەهێندرێت.»

د. پشتیوان حەمەسەعید لە کۆتاییدا جەختی لەسەر گرنگیی ئەم گەشەسەندنە کردۆتەوە و ڕوونی کردۆتەوە «بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی ڕۆڵێکی کارای لە فرەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتی ناوخۆدا هەبووە، بە جۆرێک کە ئیتر تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی داهات نەبەسترێت، هاوکات بە سەدان دەرفەتی کاری نوێی بۆ هاوواڵتیان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا ڕەخساندووە.»

سەرۆکوەزیرانی عێراق فەرمانی بە وەزارەتی نەوت کرد بە ناردن و دابەشکردنی بەشە نەوتی سپی بۆ هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان بە نرخی پاڵپشتیکراو.

دوێنێ یەکشەممە 1ی تشرینی دووەمی 2026، وەزارەتی نەوتی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە: بۆ پشتیوانیکردن لە خەڵکی هەرێمی کوردستان و هاوکات لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان، عەلی فالح ئەلزەیدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕێنماییی داوە بە دابینکردنی بەشە نەوتی سپی بۆ هەرێمی کوردستان بە نرخی پاڵپشتیکراو. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش هاتووە: باسم محەمەد خزر ئەلعەبادی، وەزیری نەوتی عێراق فەرمانی بە کۆمپانیای دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکان کردووە بە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست و بەپەلە، بە مەبەستی ئامادەکردن و دابینکردنی بەشە نەوتی سپی بۆ هەرێمی کوردستان لە زووترین کاتدا.



دادگای کەرخ زیاتر لە 21 ملیار دیناری فێڵکاریی دارایی بۆ خەزێنەی دەوڵەت دەگەڕێنێتەوە



دادگەی لێکۆڵینەوەی دووەم لە کەرخ لە بەغدا گەڕاندنەوەی زیاتر لە 21 ملیار و 424 ملیۆن دیناری لە دوو کۆمپانیای سەرپێچیکار ڕاگەیاند، کە لە ڕێگەی فێڵکاری و حەوالەی نایاسایی دۆلارەوە بۆ دەرەوەی وڵات بەدەستیانهێنابوو. دوێنێ یەکشەممە 1ی تشرینی دووەمی 2026، ئەنجومەنی باڵای داوەریی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە: دادگەی لێکۆڵینەوەی دووەم لە کەرخ، توانیویەتی بڕی (21 ملیار و 424 ملیۆن) دیناری عێراقی لە تاوانێکی فێڵکاریی دارایی وەربگرێتەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە ئەم بڕە پارەیە لە دوو کۆمپانیای سەرپێچیکاری یاسا وەرگیراوەتەوە، کە لە ڕێگەی ئەنجامدانی پرۆسەی حەوالەکردنی پارە بۆ دەرەوەی وڵات بە شێوازی فێڵکاری، جیاوازیی نرخی ئاڵوگۆڕی دۆلاریان بەدەستهێنابوو. ئەنجومەنی باڵای داوەری ئاماژەی بەوەش کردووە، بە هەوڵێکی گەورەی دادگای لێکۆڵینەوەی دووەم لە کەرخ و بە سەرپەرشتیی داوەری یەکەمی دادگاکە توانراوە ئەم پارەیە بگەڕێندرێتەوە، هاوکات جەختیشی کردەوە کە ئەم هەوڵانە بەردەوام دەبن بۆ گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بە سەرجەم ئەو کۆمپانیایانەی کە ڕێگەی نایاسایی دەگرنەبەر بۆ دەستکەوتنی قازانجی گەورە لەسەر حیسابی زیانگەیاندن بە سامانی گشتی.

www.xebat.net
خەبات | دووشەممە 2ی تشرینی دووەم 2026 ژمارە(7323)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

ئەرکی سەرشانمانە قوربانییانی شەڕ و تیرۆر بەتەنیا جێنەهێڵین

ئەڵمانیا لە کاتە سەختەکاندا پشتیوانیی گەلی کوردستانی کردووە، زۆر بە ڕێز و پێزانینەوە دەڕوانینە پشتیوانی و هاوکارییە بەردەوامەکانیان

ئەو کەس و قوربانییانەی بەدەست کاریگەرییەکانی شەڕ و (تروما) دەروونییەکانەوە دەناڵێنن پێویستە هەست بکەن کە بە تەنیا نین؛ پێویستە ببینن کەسانێک هەن خزمەت و چاودێری و هاوکارییان دەکەن





بەیانیی دوێنێ یەکشەممە ١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٦، زانکۆی دهۆك ڕێوڕەسمێکی بۆ یادی 10ساڵەی دامەزراندنی (پەیمانگەی چارەسەری دەروونی و تراوما) لە زانکۆ، ئەنجام دا، کە ژمارەیەکی بەرچاوی ئێزدییان و میوانانی ناوخۆیی و بیانی ئامادەی بوون. لە ڕێوڕەسمەکەدا وتاری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشکەش کرا کە لەلایەن بەڕێز دلشاد شەهاب، یاریدەدەری سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە خوێندرایەوە، ئەمە دەقەکەیەتی:

ئامادەبووێن هێژا،
ڕۆژ باش..

دەستخۆشی و سپاس و پێزانینان پێشکێشی (پەیمانگەها چارەسەریا دەروونی و تراوما) ل زانکۆیا دهۆک و هەڤپشکێن وێ دکەم ژبۆ ئەنجامدانا ڤێ چالاکیێ، هەروەسا ژبۆ کارێ وێ یێ گرنگ یێ هاریکاریکرن و کێمکرنا ئێش و مەینەتی یێن وان کەسێن ژ ئەنجامێ شەڕ، تیرۆر و تۆندوتیژیێ نالاندین.

بەری دەهە سالان دامەزراندنا ڤێ پەیمانگەهێ پێنگاڤەکا گرنگ و پێویست بوو داکو بشێت خزمەتا قوربانییان بکەت. ئەڤ کارێ زانکۆیا دهۆك، کارەکێ بهادار و هێژایە کو دگەل ئەرکێ خۆ یێ زانستی و ئەکادیمی، گرنگیی دایە بوارەکێ کاریگەرێ ناڤ جڤاکێ ژی. هیڤیدارین ئەڤ نموونەیە زێدەتر ببن و بەرفرەهتر گرنگی پێ بێتەدان. گەلێ کوردستانێ و عیراقێ سالێن درێژ یێن شەڕ و نەهامەتیێ دەرباز کرن. گەلەک هەڤوڵاتی یێن مە، کەسوکار و مالێن خۆ ژ دەست دان، ژبۆ نەهێلانا ئازارێن وان، بەلکی بەردەوامییا پشتەڤانییا گرنگیا خەلکەکێ دی ژی نەچار بوو دەڤەرێن خۆ بهێلن و دویری وار و جهێن خۆ بژیِن. جینۆسایدا کو داعشێ ب سەرێ ئێزدییا ئینای، ئێک ژ هۆڤانەترین وان کارەساتان بوو.

کاریگەری یێن ڤێ مەینەتیێ بتنێ ب دویاهیهاتنا شەڕان، یان زڤڕینا خەلکی بۆ سەر مال و جهێن خۆ؛ ب دویاهی ناهێن. هندەك بریِن هەنە د دەروون و کویراهیا مرۆڤاندا دمینن. پێدڤی دەمێ و چاڤدێرییێنە داکو چارەسەر ببن. ئەرکێ سەر ملێ مەیە ئەو کەسێن کو تویشی ڤان کارەساتان بووین، بتنێ نەهێلین. دڤێت هاریکاریا وان بکەین داکو ژیان، باوەری و ئومێدا وان ب پاشەڕۆژەکا باشتر، ڤەگەڕیت.

ئامادەبووێن هێژا..

ئەو خزمەتگوزاریێن چارەسەریا دەروونی یێن کو ئەڤ پەیمانگەهە ل دهۆکێ و شنگالێ پێشکێش دکەت، هەروەسا هەولێن وێ ژبۆ ئامادەکرنا پسپۆران، هەژی هەمی دەستخۆشی و پێزانینانە. کارێ ڤێ پەیمانگەهێ بتنێ نە هاریکاریا زیانڤێکەفتیانە بەردەوامە، بەڵکی ئەو ڕێکارێن پێشگرتنێ ژی دگرتە بەر داکو ئەو کەسێن هێشتا نەکەفتینە بەر کارتێکرنێن دژوار، بهێزتر بکەت. ئەڤ چەندە ژی ب هاریکاریا وان یا بەردەوام دنێڕین، بتایبەتی هاریکاریا پێگەیاندنا کادرێن ژێهاتی ژی کارەکێ گرنگە داکو بشێن پاشەڕۆژێ بەردەوامیێ بدەنە ڤی ئەرکێ گرنگ و بشێن خزمەتا جڤاکێ بکەن.

لەوما دیسا دخازم سپاسی و دەستخۆشیێ ل زانکۆیا دهۆک، سەرپەرشتیارێن پەیمانگەهێ و هەمی کارمەندێن وێ بکەم ژبۆ بزاڤێن وان یێن دلسۆزانە.

هەروەسا سپاس و پێزانین ژبۆ حکوومەت و زانکۆ و ناڤەندێن ئەڵمانیا کو پشتەڤانییا ڤێ پرۆژەیا مرۆڤایەتی دکەن. ئەڵمانیا د دەمێن گراندا پشتەڤانییا گەلێ کوردستانێ کریە. ئەم گەلەك ب ڕێز و پێزانین ل پشتەڤانی و هاریکارییا وان یا بەردەوام دنێڕین، بتایبەتی هاریکارییا ژبۆ نەهێلانا ئازارێن وان، بەلکی ژبۆ ڕزگاربوویێن دەستێ تاوانێن داعشێ.

ئامادەبووێن هێژا،

ئەو کەس و قوربانی یێن کو ژبەر کاریگەری یێن شەڕ و ترۆمایێن دەروونی دنالن، پێدڤی وێ یەکێنە هەست بکەن کو نە بتنێنە. پێدڤییە ببینن کو هندەك هەنە خزمەت و چاڤدێری و هاریکارییا وان دکەن. یا گرنگە هەمی ئەو کەسێن پێدڤی ب هاریکاریا دەروونی هەی؛ بزانن کو داخازکرنا چارەسەریێ کارەکێ ئاساییە و چێنابیت کەس لسەر ڤێ یەکێ، هەستێ ب شەرمێ یان نەئارامیێ بکەت.

ژ بەر هندێ ژی، تەئکیدێ لسەر حکوومی و نێڤدەولەتی دکەین بۆ ڤان بزاڤان، هەروەسا تەئکیدێ لسەر بەرفرەهکرنا خزمەتگوزاریێن چارەسەریا دەروونی دکەین داکو بگەهنە هەمی کەسێن پێدڤی پێ هەی، بتایبەتی ل وان دەڤەرێن کو ژ تیرۆر و دەربەدەریێ؛ نالاندین.

دڤێت هەمی قوربانی و گەلێ مە ژ کارتێکرن و کاریگەری یێن وێ قۆناغێ ساخ بن و ڕزگاربووی و زیانڤێکەفتی بشێن ب تەناهی، کەرامەت و ئومێدەکا مەزن بەردەوامیێ بدەنە ژیانا خۆ. هەر دڤێ دەلیڤێدا تەئکیدێ دکەین کو هەرگاف دێ مینین هاریکار و پشتەڤانێن هەمی مافێن هەڤوڵاتی پێ ببن مە یێن ئێزدی و هەر کار و پلانەك ژبۆ چارەسەرکرنا کێشەیێن وان ل شەنگالێ و ل هەر دەرەکێ، دڤێت لدویڤ داخازی و بەرژوەندی یێن وان بن.

لدویاهیێ، سپاس و پێزانینان ژبۆ هەمی وان کەسان دوبارە دکەین یێن کو پێخەمەتی ڤێ ئارمانجا مرۆڤاهی یا پیرۆز کار دکەن. هیڤیا بەردەوامی و سەرکەفتنێ ژبۆ (پەیمانگەها چارەسەریا دەروونی و تراوما) ل زانکۆیا دهۆک دخازم.

گەلەك سپاس.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ
1/11/2026

سەرۆکی جێبەجێکاری گرووپی کۆمپانیاکانی کار:

تۆڕی گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان بە یەک بەستراوەوە و ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتیش بۆ ٥٠٠ هەزار بەرمیل بەرز بووەتەوە



سەرۆکی جێبەجێکاری گرووپی کۆمپانیاکانی کار، شێخ باز ڕەئووف کەریم ڕایگەیاند کە تۆڕی گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان لە گەرمیانەوە تا دهۆک بە تەواوی بەیەکەوە بەستراوەتەوە و بە ڕاستەوخۆ گاز دەگەیەنێتە پاڵاوگەکانی بێجی و وێستگەکانی چارەسەرکردن، لە هەمانکاتدا، قەبارەی گواستنەوەی نەوتی خاو لە ڕێگەی بۆریی نەوتی هەرێمەوە گەیشتووەتە ٥٠٠ هەزار بەرمیل بە ڕۆژێکدا.

شێخ باز، لە پەیامێکدا لە هەژماری فەرمیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (ئێکس)، بڵاویکردووەتەوە کە، لەم قۆناغە هەستیارەدا دەستکەوتێکی گرنگ لە ژێرخانی وزەی هەرێمی کوردستان بەدەستهاتووە و تۆڕی گواستنەوەی گازی سرووشتی لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێم بەیەکەوە گرێدراوە.

بەپێی پەیامەکەی سەرۆکی جێبەجێکاری گرووپی کۆمپانیاکانی کار، تۆڕی گازی سرووشتی لە گەرمیانەوە تا دهۆک لە ڕێگەی تۆڕێکی بەرفراوانی بۆرییەوە بەیەکەوە بەستراوەتەوە و ڕێگەخۆشکەرە بۆ گەیاندنی گاز بە پاڵاوگەکانی بێجی و وێستگەکانی چارەسەرکردن.

ئەو هەنگاوەی بە دەستکەوتێکی گرنگ بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی وزە لە هەرێمی کوردستان دانراوە و جەختی لەوە کردووەتەوە کە یەکخستنی تۆڕی گازی سرووشتی دەتوانێت ببێتە هۆی زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی چالاکییە پیشەسازییەکان لە هەرێمدا.

لە بەشی نەوتیشدا، سەرۆکی جێبەجێکاری گرووپی کۆمپانیاکانی کار ئاشکرای کردووە کە بڕی نەوتی خاو کە لە ڕێگەی بۆریی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە دەگوازرێتەوە، لە ٢٥٠ هەزار بەرمیلەوە بۆ ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیادیکردووە.

بەپێی ڕوونکردنەوەکەی شێخ باز، ئەگەر بۆرییەکە بگاتە ئەوپەڕی توانای گواستنەوەی خۆی، کە بریتییە لە یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو لە ڕۆژێکدا، ئەوا نزیکەی ٣٣ لە سەدی کۆی نەوتی عێراق دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم بۆرییەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان بگوازرێتەوە.

بڕیارە لەم هەفتەیەدا شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات

جەمال کۆچەر: تا هەوڵێر و بەغدا ڕێکنەکەون پڕۆژەیاسای بودجە نایەتە پەرلەمان

ڕەنگە پلە وەزیفییە ڕەخسێندراوەکان لەبودجەی فیدراڵی 2027 بۆ 200 هەزار بەرزبکرێنەوە

ڕۆژنامەی ئەلسەباحی فەرمیی حکوومەتی عێراق بڵاویکردەوە کە هەوڵێك هەیە بۆ زیادکردنی ژمارەی پلە وەزیفییە ڕەخسێندراوەکان لەبودجەی فیدراڵی ساڵی داهاتوو لە 120 هەزار پلەی وەزیفییەوە بۆ 200 هەزار، کە پێویستە هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە.

ڕۆژنامەکە لە زاری پەرلەمانتار عامر نەسرواڵا، بڵاوی کردووەتەوە: "هەرچەندە عەلی زەیدی، سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕەزامەندیی لەسەر تەرخانکردنی 120 هەزار پلەی وەزیفی لە بودجەی 2027 دەربڕیوە کە بڕیارە بە پێی ڕێژەی دانیشتووان لە نێوان پارێزگاکانی عێراقدا دابەش بکرێن، بەڵام لیژنەی دارایی پەرلەمان چەند پێشنیارێکی هەیە، لەوانە زیادکردنی ژمارەی پلەکانی دامەزراندن بۆ 200 هەزار پلە، بە مەبەستی فراوانکردنی دەرفەتی دامەزراندن و سوودگەیاندن بە ژمارەیەکی زیاتر لە هاووڵاتیان."

ئەلسەباح باسی لەوەش کردوە کە: "بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و زیادبوونی هەناردەکەی دەتوانێت دەرفەتێکی گرنگ بۆ کەمکردنەوەی فشارە دارایەکانی عێراق بڕەخسێنێت، بەڵام پسپۆڕانی ئابووری جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەکارهێنانی دروستی ئەم داهاتە زیادەیە، پەیوەستە بە کۆنترۆڵکردنی خەرجییەکان و بەڕێوەبردنێکی کارای سەرچاوە دارایەکانی وڵات."

شایانی باسە بەگوێرەی دواین سەرژمێری دانیشتووان کە لە عێراق کرا ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان 14.14% لەڕێژەی دانیشتووانی عێراق پێکدێنێت، بەم جۆرەش لەو 200 هەزار پلە وەزیفییە دەبێ نزیکەی 30 هەزاری بۆ هەرێمی کوردستان بێت.



پڕۆژەیاسای بودجە لە وەزارەتی دارایی و ڕەوانەی پەرلەمان نەکراوە. ناوبراو ڕاشیگەیاندووە: ڕەوانەکردنی پڕۆژەیاساکە بۆ پەرلەمان بەستراوەتەوە بە ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ و تاوەکوو هەردوولا لەسەر ڕەوانەکردنی پڕۆژەیاسای بودجەی فیدراڵی بۆ ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی عێراق، چاوەڕێی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدایە و لەم هەفتەیەدا شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات.

تاوەکوو ئێستاش پڕۆژەیاساکە لە وەزارەتی دارایی و ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران نەکراوە. بۆ ئەم مەبەستە تیمێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکردنی بەڵگەنامەی یاسایی و کارگێڕییە بۆ ئەوەی پشکی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی مسۆگەر بکات، بڕیاریشە شاندێکی هەرێمی کوردستان لەم هەفتەیەدا سەردانی بەغدا بکات.

جەمال کۆچەر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بە 24K ی ڕاگەیاندووە، تاوەکوو ئێستا پڕۆژەیاساکە ڕێکنەکەون ناگاتە پەرلەمان.

ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی ئاماژەی بەوەش داوە کە بەغدا دەتوانێت بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان پڕۆژەیاسای بودجە تێپەڕێنێت، بەڵام نایەوێت ئەو کارە بکات و دواتر کێشەی بۆ دروست بێت.

هەروەها سەبارەت بەوەی مانگی داهاتوو پەرلەمانی عێراق دەکەوێتە پشووی وەرزی یاسادانان، جەمال کۆچەر باسی لەوە کردووە کە بەپێی ماددەی 58ی دەستوور دەتوانرێت وەرزی یاسادانانی پەرلەمان یەک مانگ درێژ بکرێتەوە. لە هەمان کاتدا بەپێی ماددەی 57ی دەستوور ئەگەر بودجە پێش 1ی تشرینی دووەم بگاتە پەرلەمان، وەرزی یاسادانان تاوەکوو پەسەندکردنی پڕۆژەیاساکە بەردەوام دەبێت.

KOREK TELECOM

کۆرەک تیلیکۆم:

دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عێراق پابەندی بڕیاری دادگە نابێت

ئایا لە عێراقدا عەقڵانییە بڕیارەکانی بەڕێوەبەرێکی گشتی لە سەرووی حوکم و بڕیارەکانی دەسەڵاتی دادوەرییەوە بن؟

دوێنێ یەکشەممە 1ـی تشرینی دووەمی 2026، کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم لە ڕاگەیەنراوێکدا هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە ناکۆکییەکانی لەگەڵ دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عێراق خستەڕوو و، تێیدا سەرۆکی دەزگای جێبەجێکاری دەستەکەی بە پێشێلکردنی یاسا و سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی دادگا تۆمەتبار کرد.

بە گوێرەی ڕاگەیەنراوەکەی کۆرەک تیلیکۆم، کۆمپانیاکە لەپێناو پاراستنی مافە دەستووری و یاساییەکانی خۆی و بەشداربووانیدا، بە تەواوی ڕێڕەوە یاساییەکانی گرتووەتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو بڕیارە ناڕەوایەی کە لە لایەن سەرۆکی جێبەجێکاری دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندنەوە بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی «گرێبەستی سازان» دەرکرابوو؛ گرێبەستێک کە بە پێی ڕاگەیەنراوەکە، چوارچێوە گشتییەکانی پێشتر بە ڕەزامەندیی فەرمیی سەرۆکوەزیرانی عێراق پەسەند کرابوو. کۆرەک ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە کە سەرەڕای ئەو ڕەزامەندییە، سەرۆکی دەستەکە پێداگریی لەسەر بڕیارەکەی کردووە و تەنانەت لە سنووری گرێبەستی مۆڵەتپێدانیش لایداوە و هەنگاوی نایاسایی هاوشێوەی داخستنی بارەگای کۆمپانیاکەی ناوە کە وەک کۆمپانیایەکی فەرمی بە پێی یاسای کۆمپانیاکانی عێراق تۆمار کراوە.

کۆرەک باسی لەوە کردووە، کە پاش پەنابردنیان بۆ دەسەڵاتی دادوەری، بڕیارێکی دادگایان بەدەستهێناوە کە سیفەتی جێبەجێکردنی بە پەلەی هەیە و بە ڕوونی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکارەکانی سەرۆکی دەستەکە و کارابوونی گرێبەستی سازانی داوە. کۆمپانیاکە سەرسوڕمانی خۆی پێشان داوە کە لەبری پابەندبوون بە دەقی بڕیارەکەی دادگا، سەرۆکی دەستەکە بەردەوامە لە داتاشینی پاساوی نوێ بۆ درێژەدان بە ڕێکارە ناڕەواکانی.

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەنراوەکەدا، کۆرەک تیلیکۆم دووپاتی کردووەتەوە کە تەواوی مافی یاسایی خۆی دەپارێزێت بۆ داواکردنی قەرەبوو لە بەرامبەر سەرجەم ئەو زیانانەی کە لێکەوتەی ئەم هەنگاوە تاکلایەنانەن و بەهۆی ڕەتکردنەوەی جێبەجێکردنی بڕیاری دادگاوە دروست بوون. کۆرەک ئاماژەی بە بەڵگەیەکی ئیداری کردووە کە دەیسەلمێنێت ڕێکارەکان لەسەر بنەمای هەڵوێستی پێشوەختە بوون؛ بە جۆرێک کە سەرۆکی دەستەکە لە ڕێکەوتی 1ـی تشرینی دووەمی 2026 نووسراوێکی بۆ پاسودانی کارەکانی نارد، لە کاتێکدا ڕێکەوتی واژۆکردنی نووسراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێشتر و لە ڕێکەوتی 29ـی تشرینی یەکەمی 2026، بووە.

کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم دەشڵێت: ئایا لە عێراقدا عەقڵانییە بڕیارەکانی بەڕێوەبەرێکی گشتی لە سەرووی حوکم و بڕیارەکانی دەسەڵاتی دادوەرییەوە بن؟

ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرنالی ئەمەریکی:

تەرەمپ و نەتانیاهۆ دەستپێکردنەوەی شەڕی دژ بە ئێران تاوتوێ دەکەن



ڕۆژنامەی «وۆڵ ستریت جۆرنالّ» ئاشکرای کردووە کە دۆنالّد تەرەمپ و بنیامین نەتانیاهۆ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەبارەی دەستپێکردنەوەی هێرشە سەربازییەکانیان بۆ سەر ئێران پاش تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا تاوتوێ کردووە.

ڕۆژنامەی «وۆڵ ستریت جۆرنالّ»ـی ئەمەریکی بڵاوی کردەوە: دۆنالّد تەرەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا، بەیانیی ڕۆژی شەممە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی لەگەڵ بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ئەنجام داوە، ئەم پەیوەندییەش لە کاتێکدایە کە ئەمەریکا ئامادەکاری بۆ ئەگەری دەستپێکردنەوەی شەڕی دژ بە ئێران دەکات و چەند ڕۆژێک پێشتریش تەرەمپ لە کۆشکی سپی لەگەڵ فەرماندە باڵا سەربازییەکان کۆببووەوە بە مەبەستی تاوتوێکردنی بژاردەکانی دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنی شەڕی بەرفراوان لە ناوچەکەدا.

میدیاکانی ئیسرائیل ئاشکرایان کردووە کە تەرەمپ ڕووبەڕووی گوشاری نەتانیاهۆ بووەتەوە بۆ دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژ بە ئێران لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا، لەم بارەیەوە «کەناڵی 12»ـی عیبری لە زاری بەرپرسانی ئەمەریکاوە بڵاوی کردەوە، نەتانیاهۆ گوشار لە ئیدارەی ئەمەریکا دەکات بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ، لە کاتێکدا وڵاتانی نێوەندگیر هەوڵی لێکنزیککردنەوەی ڕوانگەی تاران و واشنتۆن و گەیشتن بە ڕێککەوتن دەدەن.

بەرپرسانی ئیسرائیلی ڕۆژانی ئێستایان بە «زۆر هەستیار» ناو بردووە و جەختیان لەوە کردووەتەوە کە فەرماندە باڵاکانی سوپای ئیسرائیل لە پەیوەندیی ڕۆژانە و بەردەوامدان لەگەڵ هاوتا ئەمەریکییەکانیان، بەپێی سەرچاوەکانی کەناڵەکەش، هەر هەنگاوێکی سەربازیی ئەگەری بۆ سەر ئێران لە ڕووی قەبارەی هێز و سروشتی ئامانجەکانەوە جیاواز دەبێت لە ئۆپەراسیۆنەکانی پێشوو، چونکە هەردوولا لە هەماهەنگیی چڕدان بۆ دیاریکردنی ئامانجی سەربازیی دەستنیشانکراو.

ئەم پەرەسەندنانە هاوکاتن لەگەڵ هەوڵە دیپلۆماسییەکانی هەریەک لە دەوڵەتانی قەتەر، پاکستان، عەرەبستانی سعوودیە، تورکیا و میسر بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی جەنگ لە ڕێگەی دانوستانەوە.

دەتوانین لە 10 خولەکدا دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بکەینە ئامانج

تەرەمپ: هێشتا یەک یان دوو دامەزراوەی ئەتۆمی لە ئێران ماون کە پێویستە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین

سەرۆکی ئەمەریکا ڕایدەگەیێنێت، لە ئەنجامی هێرشەکانیاندا زیانێکی گەورە بەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران کەوتووە و جەخت لەوەش دەکاتەوە، دەتوانن لە ماوەی تەنیا 10 خولەکدا ئەو دامەزراوانەی ماون، بکەنە ئامانج.دۆنالّد تەرەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا لە شوێنی مانەوەی خۆی لە ویلایەتی فلۆریدا بە ڕۆژنامەڤانانی ڕاگەیاند، ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیان بەشێوەیەکی بەرچاو توانای هێزە چەکدارەکانی ئێران و ژێرخانی ئەتۆمیی ئەو وڵاتەیان لاواز کردووە.

لەبارەی هەنگاوەکانی داهاتوویان، سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند: «بەپێی پێشبینییەکانی خۆم، هێشتا یەک یان دوو دامەزراوەی ئەتۆمی لە ئێران ماون کە پێویستە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین؛ دەتوانین لە ماوەی 10 خولەکدا ئەو کارە بکەین و بۆ ئەمەش پلانێکمان هەیە.» هەروەها لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەڤانێکدا لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەمەریکا لە هەفتەی داهاتوودا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی ئێران دەستپێدەکاتەوە؟ تەرەمپ بە تووڕەییەوە گوتی: «بۆچی پرسیارێکی وا گەمژانە دەکەیت؟ ناتوانم ئەوەت پێ بڵێم. ئێران هەرگیز نابێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، ئەوان دەیانەوێت بگەنە ڕێککەوتن، با بزانین چی ڕوودەدات.»

شەپۆلی تووڕەیی ئەوروپای گرتووەتەوە؛ لە فەرەنسا سەدان کەس دەستگیرکراون و لە ئەڵمانیاش 100 هەزار کەس ڕژانە سەر شەقامەکان



خۆپیشاندانە فراوانەکانی ئەوروپا بەردەواميیان هەیە و زۆربەی وڵاتەکانی کیشوەرەکەیان گرتووەتەوە، هاووڵاتییان بەهۆی قەیرانی ئابووری، داڕمانی ژێرخانی پەروەردە و بەرزبوونەوەی تێچووی ژیانەوە ڕژاونەتە سەر شەقامەکان.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی «فرانس پرێس» کە دوێنێ یەکشەممە (1ـی تشرینی دووەمی 2026) بڵاوکراوەتەوە، بۆ سێیەمین هەفتەی لەسەریەک شارە جیاوازەکانی فەرەنسا شایەتی خۆپیشاندانی بەرفراوانن. ڕۆژی شەممە نزیکەی 320 هەزار کەس لە سەرانسەری وڵاتەکە ڕژانە سەر شەقامەکان، کە تەنیا لە پاریسی پایتەخت ژمارەیان گەیشتە زیاتر لە 70 هەزار کەس. ناڕەزایەتییەکان کە سەرەتا لەلایەن قوتابیانەوە بۆ باشترکردنی دۆخی قوتابخانەکان، کەمیی مامۆستایان و دابڕەوەریی وەرگرتنی زانکۆکان دەستیپێکرد، ئێستا فراوان بووە بۆ دژایەتیکردنی گرانیی نیشتەجێبوون و خراپیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان. حکوومەت نزیکەی 70 هەزار کارمەندی ئەمنی بڵاوەپێکردووە و تا ئێستاش زیاتر لە 560 کەس بەهۆی پشێوی، ئاگرتێبەردان و تێکدانی مووڵک و ماڵەوە دەستگیرکراون، هەرچەندە زۆربەی گردبوونەوەکان ئاشتییانە بوون. ئامارەکان دەریدەخەن بەشداربووان لە 550 هەزار کەسی ناوەڕاستی مانگی ڕابردووەوە بۆ 320 هەزار کەس کەمی کردووە.

هەروەها لە ئەڵمانیاش بە سەرپەرشتیی هاوپەیمانییەک بە ناوی «جێن زی ڕێگێڵت»، نزیکەی 100 هەزار کەس لە بەرلین و زیاتر لە 30 شاری دیکە خۆپیشاندانیان کرد. داواکاریی سەرەکیی خۆپیشاندەران کۆتاییهێنانە بە کەمکردنەوەی بودجەی پەروەردە و وەستاندنی زیادکردنی خەرجییە سەربازییەکان، هاوکات ناڕەزایەتیی تونديان بەرامبەر سەربازیی زۆرەملێ و بەرزبوونەوەی تێچووی ژیان دەربڕی.

- شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان باشووری ئەوروپاشی گرتووەتەوە:

هەروەها لە ئیتاڵیا، دەیان هەزار کەس لە شارە گەورەکاندا خۆپیشاندانیان کردووە. لە شاری تۆرین، جووتیارەکان وەکوو کاردانەوەیەک بە فڕێدانی پاشماوەی ئاژەڵەکانیان شەقامە سەرەکییەکانیان داخست. لە پۆرتوگال و ئیسپانیاشەوە بەهۆی خراپیی دۆخی ئابوورییەوە خەڵک ڕژاونەتە سەر شەقامەکان. لە پۆرتوگال پۆلیس پەنای بۆ بەکارهێنانی هێز بردووە بۆ کۆنترۆڵکردنی خۆپیشاندەران لە شارەکانی لیشبۆن، پۆرتۆ و کۆیمبرا. لەلایەکی دیکەشەوە، لە ئەلبانیا داواکارییەکان مۆرکێکی سیاسییان وەرگرتووە و خۆپیشاندەران بەردەوامن لە مانگرتن بۆ داواکردنی دەستلەکارکێشانەوەی ئێدی ڕاما، سەرۆکوەزیرانی وڵاتەکە. هەروەها لە بەلجیکا و هۆڵەندا خوێندکاران دەستیان بە ناڕەزایەتی کردووە و بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕیفۆرم لە سیستەمی پەروەردەدا هاتونەتە سەر شەقامەکان.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئێران:

ئێران لەژێر گوشاردا هیچ دانوستانێکی ئەتۆمی ناکات

بەپێی فەرمانەکانی ڕێبەری باڵای ئێران، بە شێوەیەکی زۆر فراوان ڕووبەڕووی دوژمنانی ئێران دەبینەوە



جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئێران ڕایگەیاند، وڵاتەکەی لەژێر گوشاردا هیچ دانوستانێکی ئەتۆمی ناکات و دەرگای گفتوگۆی بەڕووی ئەمەریکادا داخستووە، هاوکات هۆشداری دا لەوەی لە ئەگەری هەر هێرشێکدا، تاران لە پێگەی بەرگرییەوە دەبێتە هێرشبەر و کۆتایی جەنگەکەش خۆی یەکلایی دەکاتەوە.

ئەم هەڵوێستە تووندەی عەلی نیکزاد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئێران لە کاتێکدایە دۆنالّد تەرەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا لە لێدوانێکی نوێیدا ئاماژەی بەوە کردبوو، پرۆسەی دانوستان لەگەڵ تاران بەرەو پێشچوونی باشی بەخۆوە بینیوە. تەرەمپ ڕەخنەی ئەوەشی گرتبوو، «ئێرانییەکان جێگەی متمانە نین، چونکە زۆر بە ئاسانی لەو ڕێککەوتنانە دەکشێنەوە». بەپێی ئاڤا، عەلی نیکزاد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئێران لە لێدوانێکدا سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا وتی، واشنتن تەنیا بە جێبەجێکردنی مەرجەکانی ئێران دەتوانێت کۆتایی بە ململانێکان بهێنێت، ئەگەر ئەمەریکا دووبارە هێرش بکاتەوە سەر ئێران، ئەوا بەپێی فەرمانەکانی ڕێبەری باڵای ئێران، وەڵامەکانی هێزەکانمان هێڵ و سنووری جوگرافییەکان دەبەزێنێت و بە شێوەیەکی زۆر فراوان ڕووبەڕووی دوژمنانی ئێران دەبینەوە. نیکزاد دووپاتیشی کردۆتەوە کە پێشتر چەندین جار دەرفەتیان بۆ ڕێککەوتن ڕەخساندووە، بەڵام چیتر ئێران لەژێر هیچ جۆرە گوشارێکدا بڕیاری دانوستان نادات و ئەو دەرگایەی بە تەواوی داخستووە، چونکە دڵنیایە لایەنی بەرامبەر هیچ قسەیەکی نوێی پێ نییە.

ئوردن دەستبەسەرداگرتنی باڵۆنی هەڵگری چەک و تێکشکاندنی هەوڵێکی دزەکردنی لە سووریاوە ڕاگەیاند

دەسەڵاتدارانی ئوردن ڕاگەیێندراوێکیان بڵاوکردەوە و ڕایانگەیاند، دەستیان بەسەر چەند باڵۆنێکی گەرمیدا گرتووە کە بە مەبەستی قاچاخکردنی چەکی ئۆتۆماتیکی بۆ نێو خاکی وڵاتەکەیان بەکارهێنراون، هاوکات سوپای ئەو وڵاتەش تێکشکاندنی هەوڵێکی دزەکردنی چەکدارانی لە سنووری سووریاوە ڕاگەیاند. بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتیی ئوردن لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاماژەی بەوە کرد، پۆلیسی پارێزگای «کەرەک» ئاگادارکراوەتەوە لە بوونی جانتایەکی گوماناوی لە ناوچەی «محی»، دەستبەجێ هێزە ئەمنییەکان گەیشتوونەتە شوێنەکە و ناوچەکەیان گەمارۆداوە تاوەکو تیمە شارەزاکان پشکنینی بۆ بکەن.

گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتی ڕوونی کردۆتەوە، دوای پشکنینی جانتاکە کە لە ڕێگەی باڵۆنی گەرمییەوە گوازرابووەوە، دەست بەسەر 9 چەکی ئۆتۆماتیکی و چەند ئامێرێکی دیاریکردنی شوێن (GPS)ـدا گیراوە. بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، باڵۆنەکە بەهۆی ئاراستەی باوە لە سنووری باشووری شانشینەکەوە هاتووە و لێکۆڵینەوەکانیش لەوبارەیەوە بەردەوامن. لەلایەکی دیکەشەوە، ئاژانسی هەواڵی فەرمیی ئوردن (پێترا) لە زاری هێزە چەکدارەکانی وڵاتەکەیەوە بڵاویکردەوە، پاسەوانانی سنوور توانیویانە هەوڵێکی دزەکردنی گرووپێکی 14 کەسیی چەکدار لە خاکی سووریاوە بۆ نێو خاکی ئوردن تێکبشکێنن. سوپای ئوردن لەوبارەیەوە دەڵێت: «گرووپەچەکدارەکە لەژێر پەردەی تەقەیەکی چڕ و پێکدادانی ڕاستەوخۆدا هەوڵی دزەکردنیان داوە، بەڵام هێزەکانمان دەستبەجێ و بەپێی یاساکانی ڕووبەڕووبوونەوە وەڵامیان داونەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی کوژران و برینداربوونی ژمارەیەک لە چەکدارەکان و ئەوانەی مابوونەوە بەرەو قوواڵایی خاکی سووریا هەڵاتوون.»

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر: ٣٠ تاوانبار گیران و ٢٠ کەس لە ناوچە جیاوازەکان ڕزگار کران



بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر ڕایگەیاند، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٣٠ تاوانبار گیران و ٢٠ کەس لە ناوچە جیاوازەکان ڕزگار کران.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاشکرای کرد، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٣٠ تاوانبار گیران و ٢٠ کەس لە ناوچە جیاوازەکان ڕزگار کران.

ڕاگەیەنراوەکە ئاماژەی بەوەشدا، ئەو کارانە بەپێی ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی باڵا و فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئاسایشی هەولێر، بەڕێز سەرلەشکر ڕێبوار تاڵەبانی، ئەنجامدراون.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر: ٣٠ تاوانبار گیران و ٢٠ کەس لە ناوچە جیاوازەکان ڕزگار کران

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر ڕایگەیاند، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٣٠ تاوانبار گیران و ٢٠ کەس لە ناوچە جیاوازەکان ڕزگار کران.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاشکرای کرد، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٣٠ تاوانبار گیران و ٢٠ کەس لە ناوچە جیاوازەکان ڕزگار کران.

ڕاگەیەنراوەکە ئاماژەی بەوەشدا، ئەو کارانە بەپێی ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی باڵا و فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئاسایشی هەولێر، بەڕێز سەرلەشکر ڕێبوار تاڵەبانی، ئەنجامدراون.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر: ٣٠ تاوانبار گیران و ٢٠ کەس لە ناوچە جیاوازەکان ڕزگار کران

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر ڕایگەیاند، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٣٠ تاوانبار گیران و ٢٠ کەس لە ناوچە جیاوازەکان ڕزگار کران.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاشکرای کرد، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٣٠ تاوانبار گیران و ٢٠ کەس لە ناوچە جیاوازەکان ڕزگار کران.

ڕاگەیەنراوەکە ئاماژەی بەوەشدا، ئەو کارانە بەپێی ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی باڵا و فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئاسایشی هەولێر، بەڕێز سەرلەشکر ڕێبوار تاڵەبانی، ئەنجامدراون.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر: ٣٠ تاوانبار گیران و ٢٠ کەس لە ناوچە جیاوازەکان ڕزگار کران

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر ڕایگەیاند، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٣٠ تاوانبار گیران و ٢٠ کەس لە ناوچە جیاوازەکان ڕزگار کران.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاشکرای کرد، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٣٠ تاوانبار گیران و ٢٠ کەس لە ناوچە جیاوازەکان ڕزگار کران.

ڕاگەیەنراوەکە ئاماژەی بەوەشدا، ئەو کارانە بەپێی ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی باڵا و فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئاسایشی هەولێر، بەڕێز سەرلەشکر ڕێبوار تاڵەبانی، ئەنجامدراون.



دکتۆر سامان سۆرانی

مەسرور بارزانی و بەڵێنەکانی کابینەی نۆیەم

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەت، قۆناغێکی نوێ و مێژوویی لە حوکمڕانی و خزمەتکردنی هاوواڵتیان تۆمار کرد.

بۆ یەکەمین جار لە مێژووی حوکمڕانیی هەرێمدا، زۆرینەی هەرە زۆری بەڵێنەکانی ناو کارنامەی حکومەت کە بە هاوواڵتیان درابوون، چوونە بواری جێبەجێکردن و بوونە واقیعێکی بەرچاو، هەرچەندە هێشتا بەربەست و ئاڵنگاریی هەن، کە بە ئیرادەیەکی پۆاڵاینەوە کار لەسەر چارەسەرکردنیان دەکرێت.

لەم کابینەیەدا، لە پاڵ گرنگیدان بە هێزەکانی پێشمەرگە، ئاسایش و پۆلیس، هەنگاوی مێژوویی و مەزن نرا بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی ٤٣ لیوای سەر بە ٧ فیرقە و دوو فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی، کە خرانە سەر وەزارەتی پێشمەرگە و بوونە پایەیەکی بەهێز بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێم.

ئەم کابینەیە لە ڕێگەی ئەنجامدانی چاکسازییەکی ڕیشەیی و بنەڕەتی لە کەرتی وەزیفی گشتیدا، توانی ڕێگری لە بەفیڕۆدانی سامانی گشتی بکات، ڕۆتین و بەربەستە کارگێڕییەکان بنبڕ بکات و ڕووبەڕووی هەموو جۆرە گەندەڵییەکی دارایی و کارگێڕی ببێتەوە.

هاوکات لە ڕێگەی ڕێکخستنی سیستەمی باج، ڕێگریکردن لە قۆرخکاری بەپێی یاسا، پشتگیریکردنی چاودێریی پەرلەمانی و بەهێزکردنی سندوقی خانەنشینی، ژینگەیەکی دارایی و کارگێڕی تەندروستتر هاتەکایەوە، کە لەم چوارچێوەیەشدا پرۆسەی پێشکەوتووی "هەژماری من" بۆ ڕێکخستنی سیستەمی بانکی و دابەشکردنی موچە بە شێوازێکی مۆدێرن و شەفاف خرایە گەڕ. لەپاڵ ئەمانەشدا، پرۆسەی بەئەلیکترۆنیکردن و دیجیتاڵکردنی کاروباری حکومەت و خزمەتگوزارییەکان، بووە هەنگاوێکی مەزن بۆ خێراکردنی کارەکان و نەهێشتنی بەربەستەکان لەبەردەم هاوواڵتیان و گەنجانیدا.

لە سێکتەری خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەدا، کابینەی نۆیەم شار و شارۆچکەکانی هەرێمی بێ جیاوازی ئاوەدان کردەوە و گرنگییەکی تایبەتی بە سیستەمی بەرگریی سەرچاوە ئاوییەکان و دروستکردنی بەندئاو و پۆندەکان دا و لە هەمان کاتدا پێشکەوتنی بەرچاوی لە کەرتی تەندروستی، پەروەردە و فێرکردن، خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستیدا بەدەستهێنا.

لە بواری ئابووریدا، ستراتیژی هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات خرایە گەڕ و حکومەت بایەخێکی گەورەی بە کەرتی کشتوکاڵ دا، کە بووە مایەی بووژانەوەیەکی گەورە لە بەرهەمی خۆماڵی و ساغکردنەوەی، لەپاڵ فراوانکردنی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی و گەشتوگوزار، کە ئەمەش دەرفەتی کاری زۆری بۆ کەرتی تایبەت و تۆژی گەنجان ڕەخساند.

حکومەت لە خزمەتکردنی چین و تۆژەکان دریغی نەکرد، بە شێوازێك کە خزمەتکردنی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان و دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بوونە ئەولەوییەتی هەمیشەیی و لە تەنیشت ئەمانەشەوە پاراستنی ژینگە و کولتووری ژینگەپارێزی و میراتە مێژوویی و شوێنەوارییەکان بە بایەخەوە کاری لەسەر کرا.

لەسەر ئاستی سیاسیش، حکومەت لەسەر بنەمای دەستوور بەردەوام بوو لە گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، و لە هەمان کاتدا پاراستنی ئازادی، دیموکراسی، کولتووری دەوڵەمەندی پێکهاتەکان و بەهێزکردنی پەیوەندییە دەرەکییەکان و دیپلۆماسیی هەرێمی لە بەرچاو گرت.

سەرجەمی ئەم دەستکەوتە مەزنانە، ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ڕۆڵی پێشەنگ و ڕابەرایەتیی چاونەترسی سەرۆکی حکومەت، مەسرور بارزانی، بوون، کە بە دیدگایەکی ڕوون، بڕیاری ئازایانە و بەدواداچوونی بەردەوام لە هەموو قەیران و ئاڵنگارییەکان، ڕێگەی نەدا هیچ لەمپەرێک ڕێگری لە جێبەجێکردنی ئەجێندای چاکسازی و خزمەتکردنی هاوواڵتیان بگرێت و بە دروشمی "کردار شەرتە"، کابینەی نۆیەمی کردە کابینەی هیوا، بووژانەوە و جێبەجێکردنی بەڵێنەکان.

لە کۆتاییدا، دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت؛ کە مەسرور بارزانی لە فەلسەفەی کارکردنی کابینەکەیدا خستەڕوو، کاتێك ڕایگەیاند، "ئێمە بەڵێنمان دا کە کار بۆ خەڵکی کوردستان بکەین و خزمەتگوزارییەکان بگەیەنینە هەموو ناوچەیەك و سەرەڕای هەموو تەحەدی و قەیرانەکان، بە کردەوە سەلماندمان، کە قسەکانمان دەکەینە کردار و پشت بە توانا و هێزی خۆمان دەبەستین".

ڕێژەی ١٤.١٤٪؛ بنەمای دادپەروەرانەی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان



سیروان عەلی

لە مێژووی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراقدا، بابەتی بودجە و مافە داراییەکانی هەرێم، یەکێکە لەو پرسە بنەڕەتییانەی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندییە سیاسییەکان، دادپەروەریی فیدراڵی و ژیانی ڕۆژانەی هاوواڵتیانی کوردستان هەیە. ئەم بابەتە تەنها کێشەیەکی دارایی و ژمارەیی نییە، بەڵکو پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنی پابەندبوون بە دەستوور، دانان بە مافەکان و مانای ڕاستەقینەی شەراکەتی نێوان هەولێر و بەغدا.

هەرێمی کوردستان بەشێکی دەستووریی عێراقە و لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵیدا ماف و دەسەڵاتی خۆی هەیە. لەبەر ئەوە پاراستنی شایستە داراییەکانی هەرێم نابێت بێتە بابەتی ناکۆکیی سیاسیی بەردەوام، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای دەستوور، یاسا و دادپەروەری چارەسەر بکرێت. یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی گفتوگۆی دارایی نێوان هەولێر و بەغدا، ڕێژەی بەشی هەرێمی کوردستانە لە بودجەی گشتیی عێراق. بەپێی داتاکانی سەرژمێریی گشتیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٤، ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، بە پێی ئەو داتایەی حکومەتی هەرێم پشتگیریی لێ دەکات، ١٤.١٤٪ی کۆی دانیشتووانی عێراقە. ئەم ڕێژەیە بووەتە بنەمای داواکاریی فەرمیی حکومەتی هەرێم بۆ دیاریکردنی بەشی کوردستان لە بودجەی فیدراڵیی ساڵی ٢٠٢٧.

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ڕێزدار مەسرور بارزانی بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەشی بودجەی هەرێم نابێت لە ڕێژەی ١٤.١٤٪ کەمتر بێت. ئەو لە ١٧ی ئەیلوولی ٢٠٢٦دا بە ڕوونی ڕایگەیاند کە حکومەتی هەرێم هیچ ڕێژەیەکی کەمتر لەوە بە داپەروەرانە نازانێت و ڕەتیکردووەتەوە. ئەم هەڵوێستە پشت بە ئەنجامی سەرژمێریی گشتی دەبەستێت و داوا دەکات دابەشکردنی بودجە لەسەر بنەمای داتا و پێوەری ڕوون بێت، نەک بە پێی هاوسەنگییە سیاسییە کاتییەکان.

سیروان عەلی

لە یاسای بودجەی فیدراڵیی عێراق بۆ ساڵانی ٢٠٢٣ تا ٢٠٢٥دا، ڕێژەی ١٢.٦٧٪ بۆ بەشی هەرێم لە چوارچێوەی حکومەکانی یاساکەدا هاتووە. بەڵام حکومەتی هەرێم، بە پشتبەستن بە داتای نوێی سەرژمێری، داوای کردووە ڕێژەی ١٤.١٤٪ بێتە بنەمای دیاریکردنی بەشی هەرێم لە بودجەی داهاتوودا. ئەم جیاوازییە دەبێت لە ڕێگەی گفتوگۆی فیدراڵی، ڕێکارە یاساییەکان و پابەندبوون بە داتای فەرمی چارەسەر بکرێت.

ڕێژەی دانیشتووان بە تەنها هەموو پێوەرەکانی دیاریکردنی بودجە ناگرێتەوە، بەڵام بنەمایەکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی دادپەروەرانەی بەشی هەرێم. لەبەر ئەوە، پێویستە لەگەڵ پێداویستییە خزمەتگوزارییەکان، خەرجییە گشتییەکان و بەرپرسیارییە دەستوورییەکاندا لەبەرچاو بگیرێت. کوردستان بەردەوام جەختی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەوە کردووەتەوە. لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵیدا، پابەندبوون بە دەستوور و یاسا بنەمای داواکارییەکانی هەرێمە، چونکە مافەکانی هەرێم لە دەستووری عێراقدا ناسێنراون و پاراستنی ئەو مافانەش بەشێکە لە بنەماکانی فیدراڵیزم.

مادەی ١٢١ی دەستووری عێراق جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەرێمەکان و پارێزگاکان دەبێت بەشێکی دادپەروەرانە لە داهاتە نیشتیمانییەکان وەربگرن؛ بەشێک کە بۆ جێبەجێکردنی ئەرک و بەرپرسیارییەکانیان پێویستە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی سەرچاوەکان، پێداویستییەکان و ڕێژەی دانیشتووانیان. بەڵام پابەندبوون بە دەستوور ئەرکێکی دووڵایەنەیە. ئەگەر هەرێمی کوردستان پابەندە بە ئەرک و بەرپرسیارییە یاساییەکانی خۆی، ئەوا حکومەتی فیدراڵیش دەبێت پابەند بێت بە پاراستنی مافە دەستوورییەکانی هەرێم و جێبەجێکردنی ئەو بەرپرسیارییانەی کە لەسەر شانی دانراون.

شەراکەتی ڕاستەقینە بە دروشم و بەڵێنی سیاسیی دروست نابێت؛ بەڵکو بە کردار، پابەندبوون بە یاسا و مامەڵەکردن بە دادپەروەری لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی عێراق دەسەلمێندرێت. نابێت دەستوور بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو جێبەجێ بکرێت، بە جۆرێک کە مافەکانی لایەنێک بپارێزرێن و مافەکانی لایەنی دیکە ببنە بابەتی ناکۆکی و دواخستن.

سەرۆک مسعود بارزانی لە هەڵوێستە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆیدا، بەردەوام جەخت لەسەر پاراستنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان و دامەزراندنی شەراکەتی ڕاستەقینە لەگەڵ بەغدا کردووەتەوە. لە ڕوانگەی ئەم هەڵوێستەوە، عێراقێکی بەهێز ئەو عێراقەیە کە تێیدا مافەکانی هەموو پێکهاتەکان پارێزراو بن و هیچ لایەنێک بەهۆی ناکۆکیی سیاسییەوە لە شایستە دەستوورییەکانی خۆی بێبەش نەکرێت.

هەروەها، سەرۆک وەزیران ڕێزدار مەسرور بارزانی بە پێداگری لەسەر ڕێژەی ١٤.١٤٪، پاراستنی شایستە داراییەکانی هەرێم و جێبەجێکردنی دەستوور، هەوڵ دەدات داواکارییەکانی کوردستان لەسەر بنەمای داتا و پێوەری داپەروەرانە بخاتە ڕوو. ئەو لە هەڵوێستەکانی خۆیدا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە بەشی هەرێم لە بودجەی فیدراڵیی ساڵی ٢٠٢٧ نابێت لە ڕێژەی دانیشتووانی هەرێم، کە ١٤.١٤٪ە، کەمتر بێت.

ئەم هەڵوێستە پەیامێکی ڕوونی هەیە: کوردستان داوای مافێکی نایاسایی ناکات، بەڵکو داوای ئەوە دەکات کە مافەکانی لە چوارچێوەی دەستوور و یاسادا بە دادپەروەری جێبەجێ بکرێن. پاراستنی ئەم مافانەش تەنها بەرپرسیاریی حکومەتی هەرێم نییە؛ بەڵکو ئەرکی هاوبەشی هەردوو حکومەتە و پێویستی بە متمانە، گفتوگۆ و پابەندبوونی کردەیی هەیە.

لە ساڵانی ڕابردوودا، کێشەی بودجە و گواستنەوەی موچە لە نێوان هەولێر و بەغدا بووەتە یەکێک لە پرسە هەستیارەکانی پەیوەندییە فیدراڵییەکان. ئەم دۆخە کاریگەریی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی فەرمانبەران، خانەنشینان، خێزانەکان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان هەیە.

لە ڕوانگەی دادپەروەرییەوە، موچە و شایستە داراییەکانی هاوواڵتیان نابێت ببنە ئامرازی فشار لە ململانێی سیاسیی دا. ئەگەر ناکۆکییەکی یاسایی، دارایی یان تەکنیکی هەبێت، پێویستە لە ڕێگەی گفتوگۆی دامەزراوەیی و میکانیزمێکی ڕوون و یاسایی چارەسەر بکرێت، بەبێ ئەوەی ژیانی خەڵک بکەوێتە ژێر کاریگەرییەکی نادادپەروەرانە.

هەر بۆیە، هەرێمی کوردستان داوا دەکات شایستە داراییەکانی لەسەر بنەمای دەستوور و یاسا دابین بکرێن و کێشەی بودجە نەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی قەیرانی موچە و بێمتمانەیی لە نێوان هەولێر و بەغدا. گەلی کوردستان لە مێژووی خۆیدا بەردەوام داوای ماف، دادپەروەری و دانان بە ڕەوایەتیی خواستەکانی کردووە. ئەم داواکارییانە نابێت ببنە هۆی ناکۆکییەکی هەمیشەیی، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی گفتوگۆ، پابەندبوون بە دەستوور و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانەوە چارەسەر بکرێن. ڕێژەی ١٤.١٤٪ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، کە پشت بە داتاکانی سەرژمێریی گشتیی ساڵی ٢٠٢٤ دەبەستێت، دەبێت بە شێوەیەکی جدی لە گفتوگۆی دیاریکردنی بودجەی فیدراڵیی ساڵی ٢٠٢٧دا لەبەرچاو بگیرێت. ئەمە داواکاریی فەرمیی حکومەتی هەرێمە و پێویستە لە چوارچێوەی ڕێکارە یاساییەکان و گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکرێت.

سەرۆک مسعود بارزانی و سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی، بە جەختکردنەوە لەسەر پاراستنی مافە دەستوورییەکان و شەراکەتی ڕاستەقینە، پەیامێکی ڕوون دەدەن: عێراقی بەهێز ئەو عێراقەیە کە تێیدا مافەکانی هەموو پێکهاتەکان پارێزراو بێت، سامانە گشتییەکان بە دادپەروەری دابەش بکرێن و هیچ لایەنێک لەبەر ناکۆکیی سیاسیی لە شایستە داراییەکانی خۆی بێبەش نەکرێت.

لە کۆتاییدا، داواکاریی کوردستان ڕوونە: دانان بە ڕێژەی ١٤.١٤٪ وەک بنەمای داواکراوی هەرێم بۆ بودجەی فیدراڵیی ساڵی ٢٠٢٧، پاراستنی شایستە داراییەکان، پابەندبوونی هەردوو حکومەت بە دەستوور و کۆتاییهێنان بە بەکارهێنانی موچە و بودجە وەک ئامرازی فشار. ئەمانە بنەماکانی شەراکەتی ڕاستەقینەن و بە جێبەجێکردنیان دەتوانرێت متمانە و هاوبەشی لە نێوان هەولێر و بەغدا بەهێز بکرێت.

دەستوور تەنها بۆ خۆیندنەوە نییە، بۆ جێبەجێکردنە. شەراکەت تەنها دروشم نییە؛ بە دادپەروەری و پاراستنی مافەکان دەسەلمێندرێت. کوردستانیش شایستەی ئەوەیە مافە دارایی و دەستوورییەکانی بە تەواوی و بە دادپەروەری وەربگرێت.

سەرژمێریی ٢٠٢٤ و گرێکوێرەی ماددەی ٤٩ی دەستوور..

ئایا پەرلەمانی عێراق گەورە دەبێت؟



د. دلزار حەمەسالح*

ژمارەی گشتیی دانیشتووانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٤، کە ئەنجامەکانی لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی عێراقەوە ڕاگەیەندرا، دەرفەتێکی گرنگە بۆ پێداچوونەوە بە چەندین بابەتی پەیوەندیدار بە پلاندانانی گشتی، دابەشکردنی سەرچاوەکان و ڕێژەی نوێنەرایەتیی پارێزگاکان لە پەرلەمانی عێراقدا.

یەکێک لەو بابەتانەی کە شایانی لێکۆڵینەوەی وردی یاسایی و ئامارییە، ئەوەیە کە ئایا ژمارەی ئێستای کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەگەڵ ئەو ڕێژەیە دەگونجێت کە لە دەستووری عێراقدا بۆ نوێنەرایەتیی دانیشتووان دیاریکراوە؟

ئەم بابەتە تەنها پرسیارێکی ئاماری نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دەستوور، یاسای هەڵبژاردن و بنەماکانی دابەشکردنی لە نوێنەرایەتیی سیاسییەوە هەیە.

لە ماددەی ٤٩، بڕگەی یەکەمی دەستووری عێراق کە لە ساڵی ٢٠٠٥ پەسەند کراوە، هاتووە: «ئەنجومەنی نوێنەران لە ژمارەیەک ئەندام پێک دێت بە ڕێژەی یەک کورسی بۆ هەر سەد هەزار کەس لە دانیشتووانی عێراق، کە نوێنەرایەتیی تەواوی گەلی عێراق دەکەن و بە دەنگدانی گشتی، یەکسان و ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی نوێنەرایەتیی پێکهاتەکانی تری گەل.»

ئەم ماددەیە بنەمایەکی دەستووریی ڕوون بۆ گفتوگۆ لەسەر پەیوەندیی نێوان ژمارەی دانیشتووان و ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان دابین دەکات. بەپێی ئەم بنەمایە، پێویستە پەیوەندیی نێوان ژمارەی دانیشتووان و ژمارەی نوێنەران بە شێوەیەکی یاسایی و زانستی بخوێندرێتەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەنجامەکانی ژمارەی نوێی دانیشتووان بەردەست بوون.

بەپێی ئەنجامە کۆتاییە ڕاگەیەندراوەکانی ژمارەی گشتیی دانیشتووانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٤، ژمارەی گشتیی دانیشتووان گەیشتووەتە ٤٦,١١٨,٧٩٣ کەس. ئەگەر ئەم ژمارەیە بە بنەمای هەژمارکردنی یەک کورسی بۆ هەر ١٠٠,٠٠٠ کەس دابنرێت، ئەوا بەم پێیە، ژمارەی تێوڕیی کورسییەکان نزیکەی ٤٦١ کورسی دەبێت.

بەڵام پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە ئەمە ئەنجامی حسابێکی ئامارییە، نەک بڕیارێکی یاسایی بۆ گۆڕینی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان. دیاریکردنی ژمارەی کۆتایی پێویستی بە ڕوونکردنەوەی یاسایی هەیە لەبارەی مانای دەستەواژەی «دانیشتوانی عێراق»، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بەشە دەهەمییەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم ڕێژەیە لە چوارچێوەی یاسای هەڵبژاردندا.

جیاوازیی نێوان دەستوور و یاسای هەڵبژاردن

لە لایەکی تەرەوە، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنەکانی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراقی بە ٣٢٩ کورسی دیاری کردووە؛ لەوانە ٣٢٠ کورسیی گشتی کە بەسەر پارێزگاکاندا دابەش دەکرێن و ٩ کورسی بۆ پێکهاتەکان.

ئەمە پرسیارێکی گرنگی یاسایی دروست دەکات: چۆن دەکرێت ئەو ژمارەیەی لە یاسای هەڵبژاردندا دیاری کراوە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی عێراق دەسەلمێندرێت. نابێت دەستوور بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو جێبەجێ بکرێت، بە جۆرێک کە مافەکانی لایەنێک بپارێزرێن و مافەکانی لایەنی دیکە ببنە بابەتی ناکۆکی و دواخستن.

سەرۆک مسعود بارزانی لە هەڵوێستە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆیدا، بەردەوام جەخت لەسەر پاراستنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان و دامەزراندنی شەراکەتی ڕاستەقینە لەگەڵ بەغدا کردووەتەوە. لە ڕوانگەی ئەم هەڵوێستەوە، عێراقێکی بەهێز ئەو عێراقەیە کە تێیدا مافەکانی هەموو پێکهاتەکان پارێزراو بێت، سامانە گشتییەکان بە دادپەروەری دابەش بکرێن و هیچ لایەنێک لەبەر ناکۆکیی سیاسیی لە شایستە داراییەکانی خۆی بێبەش نەکرێت.



کەواتە لەگەڵ بنەمای دەستووریی یەک کورسی بۆ هەر سەد هەزار دانیشتووان هاوتەریب بکرێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە ئەم خاڵانە بە وردی بخرێنە بەرباس:

١- ماددەی ٤٩ی دەستوور و ئاستی پابەندبوونی یاسادانەر بە ناوەڕۆکەکەی.

٢- شێوازی یاسایی بۆ پێداچوونەوە بە ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان.

٣- ڕۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران لە چاکسازی و گونجاندنی یاسای هەڵبژاردن لەگەڵ دەستوور.

٤- ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەریی پەیوەندیدار لە ڕوونکردنەوەی ئەو کێشە دەستوورییە، بە پێی ڕێکارە یاساییە پەسەندکراوەکان.

پەیوەندیی دادپەروەری و یەکسانی بە نوێنەرایەتیی پەرلەمانی

ماددەکانی ١٤ و ٢٠ی دەستووری عێراقیش لەم بابەتەدا گرنگن. ماددەی ١٤ بنەمای یەکسانیی هاوواڵتیان لەبەردەم یاسادا جەخت دەکاتەوە، لە کاتێکدا ماددەی ٢٠ مافی هاوواڵتیان بۆ بەشداری لە کاروباری گشتی و مافە سیاسییەکان، لەوانە دەنگدان و پاڵێوراو بوون، دەستنیشان دەکات.

بۆیە، پێویستە لە پێش هەر بڕیارێکدا، لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی ورد بکرێت بۆ دیاریکردنی ڕێگای دروستی جێبەجێکردنی بنەمای دەستووری.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە ئەم خاڵانە بە وردی بخرێنە بەرباس:

١- ماددەی ٤٩ی دەستوور و ئاستی پابەندبوونی یاسادانەر بە ناوەڕۆکەکەی.

٢- شێوازی یاسایی بۆ پێداچوونەوە بە ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان.

٣- ڕۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران لە چاکسازی و گونجاندنی یاسای هەڵبژاردن لەگەڵ دەستوور.

٤- ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەریی پەیوەندیدار لە ڕوونکردنەوەی ئەو کێشە دەستوورییە، بە پێی ڕێکارە یاساییە پەسەندکراوەکان.

لە ڕوانگەیەکی ئاماری و دیموکراتییەوە، ئەگەر ژمارەی دانیشتووانی پارێزگایەک بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات، بەڵام ژمارەی نوێنەرەکانی بە هەمان ڕێژە زیاد نەکات، ئەوا پێویستە ئەو جیاوازییە لە ڕووی یاسایی و ئامارییەوە بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە.

بەڵام دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان بنەمای گشتیی یەکسانی و ئەو شێوازە یاساییەی کە بە پێی یاسای هەڵبژاردن بۆ دابەشکردنی کورسییەکان بەکاردەهێنرێت. هەر ناهاوسەنگییەکی ئاماری بە تەنها بەڵگەی پێشێلکردنی دەستوور نییە، بەڵکو پێویستی بە هەڵسەنگاندنی یاسایی هەیە.

*بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای هەولێر.

شەوکەتی مەلا...
نزیککەرەوەی ڕێگە دوورەکان



سەڵاح شاکەلی

شۆڕشی ئەیلول بە بەرز ڕاگرتنی دروشمی «کوردستان یان نەمان» چەمکی هۆشیاریی نەتەوەیی لای گەنجان ژیاندەوە؛ ئەمەش بووە هاندەرێک بۆ ئەوەی لاوان لە هەموو چین و توێژەکان لە بەرامبەر بەرنامە و سیاسەتی شۆڤێنیانەی ڕژێمە جیاوازەکانی ئەو سەردەمەی عێراق و دواتریشدا وریابن و هەمیشە هەڵوێست بنوێنن. یەکێک لەو گەنجانەی کە ژیانی خۆشگوزەرانی و پلەی ئەفسەریی لە ڕیزی سوپای عێراقدا ڕەت کردەوە و ڕێگەی پێشمەرگایەتیی هەڵبژارد، «شەوکەتی مەلا سمایل» (ناسراو بە شەوکەتی مەلا) بوو. ناوبراو ساڵی ١٩٣٧ لە گەڕەکی سابوونکەرانی شاری سلێمانی لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە. قۆناغەکانی خوێندنی تا ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە و دواتر کۆلیژی پۆلیس و خولی پەیوەندیکردنی بە ئامێری بێتەل و شفرەسازی بە هەموو ورەکاریەکانییەوە لە بەغدا خوێندووە؛ پاشتریش چەند پۆستێکی جیاوازی لە فەوج و بنکەکانی پۆلیسی بەغدا وەرگرتووە.

لە ئەفسەریی پۆلیسەوە بۆ سەنگەری پێشمەرگە

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا لە ساڵی ١٩٦١، فەوجەکەیان گوێزراوەتەوە بۆ دەڤەری بارزان و لە ناوچەی «بیرە کەپرا» فەسیلەکەیان جێگیرکراوە. هەرچەندە دەبوو سەنگەرەکانیان ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگەی دەڤەری بارزان لێبدات و ڕێگریان لێ بکات، بەڵام هەڤاڵ شەوکەت بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی سەرەوەی خۆی پشتی سەنگەرەکانی بۆ پێشمەرگە کردبووەوە. ئەم هەڵوێستە جوانەی گەیشتە شێخ ئەحمەدی بارزانی و پێزانینی خۆی بۆ دەربڕی. لە هەمان کاتدا کە ستەم و فشاری ڕژێمی عێراق بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش گەیشتە لووتکە، شەوکەتی مەلا وەک ئەفسەرێکی خاوەن هەڵوێست لە دژی ئەو ستەمکارییە ڕاوەستا؛ لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٦١دا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و لە ڕێگەی عەلی عەسکەرییەوە گەیشتە لای بارزانی نەمر.

داهێنانی تۆڕی بێتەل و کورتکردنەوەی ڕێگەکان

هەڤاڵ شەوکەت سەرەڕای ئەوەی کە وەک ئەفسەرێک چووە ڕیزی شۆڕشەوە، کەسێک بوو خاوەنی بەهرەیەکی زانستی و پیشەیی پێشکەوتوو بوو لە بواری پەیوەندیکردن بە ئامێری بێتەل. تا ئەو کاتە لە مەیدانی خەباتدا کەسێکی شارەزا و خەمخۆری ئەو بواڕە نەبوو؛ تەنانەت پێشتر هێزی پێشمەرگە کاتێک لە شەڕدا ئامێری بێتەلیان بگرتایە، سوودیان لێ نەدەبینی. بەڵام شەوکەتی مەلا هەموو ئامێرە لەکارکەوتووەکانی کۆکردەوە و چاکی کردنەوە.

دوای ماوەیەکی کەم، خولی ڕاهێنانی بۆ چەندین پێشمەرگە کردەوە و فێری بەکارهێنانی ئامێری بێتەلی کردن. زۆری پێ نەچوو تۆڕێکی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆی بێتەل لە نێوان بارەگاکان، هێزەکان، لق و ناوچەکاندا کەوتە کار. لە جیاتی ئەوەی تەنەر نامە و پەیام و فەرمانی بارزانی نەمر و مەکتەبی سیاسیی دێ بە دێ بگەیەنێت، توانرا بە ئامێری بێتەل پەیامە گرنگەکان بە کەمترین ماوە بگەیەنرێتە شوێنی خۆیان. لە زاخۆوە تا خورماتوو، شاخی بەمۆ، گەرمیان و پێنجوێن بە تۆڕێکی پەیوەندیکردن گرێدران و ڕێگە دوورەکان کورت کرانەوە؛ ئەمەش گۆڕانکاریەکی مێژوویی بوو لە ئاسانکردنی پەیوەندییەکاندا.

شفرەشکێنی و پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی دوژمن

بێجگە لەوەش، شەوکەتی مەلا لە ڕێگەی ئامێری بێتەلەوە کۆد و شفرەی نهێنیی بروسکەکانی نێوان هێزەکانی سوپای عێراقی دەکردەوە. ئەو لە نهێنیی جموجووڵ و پیلانەکانی دوژمن بۆ هێرش و بۆردومان ئاگادار دەبوویەوە و زانیارییەکانی دەدایە بارزانی نەمر، تا ئامادەباشی بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانەکانیان بکرێت. بەم هەنگاوە، دانیشتوانی ئەو شوێنانەی بەر هەڕەشە دەکەوتن لە ئاگری دوژمن دوور دەخرانەوە، هێزی پێشمەرگە جێگۆڕکێیان پێ دەکرا و بۆسەیان بۆ پێشڕەوییەکانی دوژمن دادەنا، بەوەش قوربانی و زیانەکان بە شێوەیەکی باش کەمدەبوونەوە.

لەبەر ئەوەی زمانزان بوو، کاری وەرگێڕانیشی لە نێوان بارزانی نەمر و ڕۆژنامەنوس، پەیامنێر و میوانە بیانییەکاندا دەکرد. ڕۆڵی ئەم هەڤاڵە چالاکە دەسەڵاتدارە سەربازییەکانی عێراقی نیگەران کردبوو؛ دوژمنان زۆر هەوڵیان دا کە ویژدانی بکڕن یان بە پلە و پایە ڕایبکێشنەوە، بەڵام نەیانتوانی. لەبەر ئەوە چەند جارێک هەوڵی تیرۆرکردنیان دا، بەڵام خۆشبەختانە ڕزگاری بوو و بە هەمان وڕەوە دڕێژەی بە خەبات دەدا.

بەردەوامی لە کاروانی کوردایەتیدا

دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، سەرقاڵی بواری ڕۆشنبیری و خوێندنەوە بوو؛ دەستی دایە نووسینی فەرهەنگێکی (کوردی – ئینگلیزی) کە تا ئێستا بەشی یەکەمی چاپ کراوە.

شەوکەتی مەلا سمایل، سەرەڕای هەڵچوونی تەمەن، لە کاروانی کوردایەتی دانەبڕاوە و خەمی پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکەمان هاوڕێی هەموو دەم و ژیانیەتی.



وانەیەک لە چینەوە...
کاتێک ڕێزگرتن لە هێماکان دەبێتە پێوەرێکی نیشتمانی



ڕەمزی میرکانی

لێدوانەکانی ئەستێرەی فەڕەنسی کیلیان ئێمباپێ، دەربارەی سەرکردەی کۆچکردووی چین (ماو تسی تۆنگ)، مشتومڕێکی زۆری لە چین نایەوە، دوای ئەوەی وتەکانی وا لێکدرایەوە کە وەک دیکتاتۆرێک وەسفی ماوی کردووە.

کاردانەوەکان تەنیا بە ڕەخنەگرتن لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەوەستان، بەڵکو گەیشتە لایەنی بازرگانیش، بە جۆرێک کۆمپانیاکانی چین کۆتاییان بە مامەڵەکردن لەگەڵ یاریزانەکە هێنا، هەروەها ڕوومالکردنی یاریەکانی خولی ئیسپانیشیان لە ناوخۆی وڵاتەکەدا وەستاند. بۆیە ئێمباپێ، ڕیال مەدرید و بەرپرسانی خولی ئیسپانیایش ناچار بوون، وەک هەوڵێک بۆ بەرەفتکردنی قەیرانەکە، داوای لێبوردن لە چین بکەن.

لەوانەیە ئەم ڕووداوە لە ناوچەکەمانەوە (کوردستان) دوور بێت، بەڵام ئەگەر لێی ڕابمێنیت، خاڵێکی هاوبەش لە نێوان گەلاندا دەدۆزیتەوە؛ ئەویش ئەوەیە کەهەموو گەلێک کەسایەتییەکی مێژوویی هەیە، کە پێگەیەکی لە یادگەیدا هەیە و پەیوەستە بە ئەزموون، قوربانیدان و ئاواتەکانییەوە. ڕەنگە خەڵک لە هەڵسەنگاندنی ئەو کەسایەتییانەدا جیاواز بن، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بەشێوەیەکی ناگونجاو شوێنەواریان لە مێژوودا ناسڕێتەوە، بەڵکو ڕەنگە هەستیارییەك بوروژێنێت، کە دەکرا بە گفتوگۆ و هۆشیاریی، خۆمانی لێ بەدوور بگرین.

لەم سۆنگەیەوە، ئەوەی لە چین ڕووید، داوا لە ئێمەش دەکات (یان هەندێک لە ئێمە)، پێداچوونەوە بەو شێوازەدا بکەین، کە پێیەوە مامەڵە لەگەڵ سەرکردە مێژوویییەکانماندا دەکەین. مەبەستەکە لاساییکردنەوەی هەڵوێستەکەی چین نییە، بەڵکو سوودوەرگرتنە لە وانەیەکی ڕوون؛ ڕێزگرتن لە هێما مێژوویییەکان، بەشێکە لە ڕێزگرتن لە یادگەی خودی گەل.

کاتێک باسی سەرکردە مێژوویییەکانمان دەکەین، قۆناغێکی زووی هەوڵدان بۆ فەرمانڕەوایی لە ناوچەکەمان دێنینەوە یاد. کاتێکیش ناوی سەرکردە مێژوویییەکانمان دەهێنین، بیری ڕاپەڕین و ئەو ئاواتە نەتەوەییانە دەکەین، کە پێیەوە گرێدراون. سەرکردە مێژوویییەکانمانیش، ناوەکەیان بە قۆناغە گرنگەکانی خەباتی سیاسیی و پەرەسەندنی ئەزموونی وڵاتەکەمانەوە گرێدراوە لە جێگای ڕێزگرتن و ستایشە.

لێرەدا گرنگیی وانە چنییەکە دەردەکەوێت. ئەگەر بابەتەکەی ئێمباپێ ئەوەی دەرخستبێت، کە بریندارکردنی هێمایەکی مێژوویی، ڕەنگە ببێتە قەیرانێک کە قەبارەکەی لە خودی کەسەکە گەورەترە بێت، وا پێویستە ناکۆکییە سیاسییەکانمان وامان لێ نەکەن، مێژووی خۆمان بە کەم سەیر بکەین، یان ناوی سەرکردەکانمان بکەینە ئامرازێک بۆ ناوزڕاندن و شکاندنی یەکتری. جیاوازیی نێوان حزبەکان مافێکی سروشتییە، بەڵام یادگەی نیشتمانیی لە هەموو حزبێک فراوانترە، چونکە مێژوو مولکی تەواوی گەلێکە، نەک قۆرخکراوی حزبێک، یان ڕەوتێکی سیاسیی، یان کەسێکی دیاریکراو. ئەو وانەیەی کە دەتوانین لەم مڕاژەوە فێر بین ئەوەیە، مێژووی سەرکردەکانمان بە ویژدانەوە بخوێنینەوە، پێزانینمان بۆ ئەو شتانە هەبێت، کە پێشکەشی گەلەکەمانیان کردووە و بە شێوەیەکی بابەتییانەش، گفتوگۆ لەسەر هەڵەکانیان بکەین، بەبێ ئەوەی ناکۆکییە حزبییەکان ببنە هۆکار و هەوڵێک بۆ سڕینەوەی مێژوو یان نکۆڵیکردن لە خەباتەکەیان.

دڵسۆزی بۆ سەرکردەکان، تەنیا بە بەرزکردنەوەی وێنەکانیان و گوتنەوەی ناوەکانیان نابێت، بەڵکو بە پاراستنی زمان، کولتوور، مافەکان، بەهێزکردنی یەکڕیزیی کۆمەڵگە و سوودوەرگرتن لە سەرکەوتن و هەڵەکانیش دەبێت.

دوای سەرکردەکان بەرپرسیارێتیی پاراستنی دەستکەوتەکانیان و کارکردن بۆ داهاتوویەکی باشتر، لەسەر شانی نەوەکانی داهاتوودا دەبێت.

با لە چینەوە فێر بین کە ڕێزگرتن لە هێما نیشتیمانییەکانمان بە واتای پیرۆزکردنی خاوەنەکانیان نایەت، جیاوازیی بیروڕاش پاساو نییە بۆ نکۆلیکردن. با مێژووی سەرکردە مێژوویییەکانمان بکەینە سەرچاوەی زانیاری، شانازی و بەرپرسیارێتی، نەک هۆکارێک بۆ لێکترازانی زیاتر. چونکە ئەو گەلەی ڕێز لە مێژووی خۆی دەگرێت، دەتوانێت ئێستای باشتر و داهاتوویشی گەشاوەتر بکات.





کاروان محەمەد سینۆ


ئازادیی بیروڕا لە کوردستان؛
لە نێوان دەستکەوت و پێویستیی چاکسازییدا

ئازادیی بیروڕا و ڕۆژنامەگەری، بە یەکێک لە ستوونە سەرەکییەکانی پڕۆسەی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت. مامەڵەکردن لەگەڵ پێوەر و هەڵسەنگاندنە نێودەوڵەتییەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، پێویستی بە تێڕوانینێکی بابەتییانە هەیە کە هاوسەنگی لە نێوان دانپێدانان بە کەموکوڕییەکان و خستنەڕووی هەنگاوە چاکسازییەکاندا ڕابگرێت. چەمکی دیموکراسی پڕۆسەیەکی بەردەوام و ئاڵۆزە و پێویستی بە کات و ڕێکارە دامەزراوەییەکان هەیە بۆ ئەوەی بە تەواوی ڕەنگ بداتەوە.

لە هەرێمی کوردستاندا، فەزایی سیاسی و چالاکیی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە ناو پەرلەمان و دەرەوەیدا، نیشانەی زیندوویەتی پڕۆسەی دیموکراسییە، لەکاتێکدا کە ڕووداوە تاکەکەسییەکان نەکرێنە پێوەر بۆ گشتاندن بەسەر تەواوی واقیعە سیاسییەکدا. لە لایەکی تریشەوە، ئازادیی کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا پاڵپشت بە یاسای تایبەت ڕێکخراوە، بەڵام پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بڵاوبوونەوەی بەربڵاوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان داوای نوێکردنەوەی یاسایی دەکات تاوەکو لەگەڵ سەردەمی دیجیتاڵیدا بگونجێت. یەکێک لە خاڵە جەوهەرییەکان ئەوەیە کە بڕیار لەسەر دۆسیەکانی پەیوەندیدار بە ڕۆژنامەنووسان لە دەسەڵاتی سەربەخۆی دادوەریدایە، و هەر ڕێکارێکی دەستبەسەرکردن یان داخرانی دەزگاکان دەبێت تەنها لە ڕێگەی فەرمانی دادگاوە بێت، نەوەک بڕیاری سیاسی یاخود گوشاری گوماندارێ وڵاتان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای بەناو مەدەنی و ئەو ڕێکخراوانەی ئیدیعای مافەکانی مرۆڤ دەکەن.

سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی، لە هەرێمی کوردستاندا هەنگاوی بەرچاو نراون؛ لەوانە جێبەجێکردنی ڕێژەیەکی بەرز لە پێشنیازە نێودەوڵەتییەکان کە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە. هەروەها بەشداریی بەربڵاوی ژنان لە دەسەڵاتی دادوەریدا، کە دەگاتە نزیکەی سێیەکی کۆی کارمەندانی ئەو کەرتە، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئافرەتان لە ناوەندەکانی بڕیاردانداً.

لە کۆتاییدا، بوونی سەدان کەناڵی ڕاگەیاندن و هەزاران ڕۆژنامەنووسی چالاک، ڕووبەڕێکی فراوانی ئازادیی دەربڕین لە کوردستاندا دەسەلمێنێت. بەڵام بۆ پاراستنی ئەم دەستکەوتانە، بەردەوامبوون لە چاکسازیی یاسایی و دامەزراوەیی و پەرەپێدانی ڕێکارەییەکان بە پێویستییەکی حەتمی دەمێنێتەوە.



سەدیق سەعید ڕواندزی

شۆڕشی ئەیلوول گەورەتر لە شۆڕشێک؛
چەتێکی کۆکەرەوەی گەلی کورد بوو

لە مێژووی خەبات و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دا، هیچ شۆڕشێك هێندەی شۆڕشی ئەیلوول، هەڵگری شوناسێکی نەتەوەیی و کوردستانی و جەماوەری نییە. بەو مانایەی شۆڕشێکە هەموو چین و توێژەکان، بە جیاوازی بیروڕای هزری و شوناسی کۆمەڵایەتی و پیشەیی، تیایدا بەشدارن. شۆڕشی ئەیلوول، وەك چۆن شۆڕشێکی جەماوەری بوو، بە هەمان شێوە شۆڕشێکی جوگرافیش بوو، چونکە یەکەم و دوا شۆڕشە کە لە ئاستێکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی و جوگرافیدا، یەك نێوەندێتی لە بڕیار و ڕاسپاردە و یەك سەرکردایەتیکردنی هەبێت. بێگومان ئەمە یەکێك بوو لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە و بە ئاکام گەیاندنی. لێرەوەش ئەگەر بڕوانینە مێژووی پارتی و تێکۆشانی پارتی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا، بە تەنها بەرچەمکی نەتەوە و نیشتیمان و سەرکردەی نەتەوەیی دەکەوین و هەرگیز شوناسێکی حیزبییانە و پارتییانە لەو شۆڕشەدا قبووڵ ناکرێتەوە. بە هەزاران لە وانەی لە ڕێزی ئەو شۆڕشەدا خەباتیان کردووە، کەسانی پارتی نەبوون، بەڵام بڕوایان بە شۆڕش و سەرکردایەتی شۆڕش بە ڕابەرایەتی بارزانی نەمر هەبوو. لەو ڕوانگەیەشەوە شۆڕشی ئەیلوول بە شۆڕشێکی نیشتیمانی ناوەزەد دەکرێت. ئەگەرچی لە سەرەتاکانیدا، ئەو شۆڕشە درزێکی تێدەکەوێت، وەلێ بەردەوام دەبێت لە خەبات و تێکۆشانی خۆیدا، تا دواجار ئاکامەکانی لە ڕێکەوتنی 11ی1970 ئادار دێنە دی، کە یەکێکە لەو قۆناغانەی لە ڕووی مێژوویی و بوژانەوەی کوردستانەوە، بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت کە دەیان دەسکەوتی سیاسیی و خزمەتگوزاری لێکەوتەوە. ئەو ڕێکەوتنامە، بێگومان بەرهەمی ئەو شۆڕشە بوو، هەرچەندە دواتر ڕژێمی بەعس و حکومەتی عێراق لەو پەیاننامە پاشگەزبوویەوە ، وەلێ ئەو قۆناغە و مێژووی ئەو شۆڕشەش، مێژوویێکە لە لاپەڕەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بە نەمری دەمێنێتەوە. گەلێك جار لە ڕوانگەیەکی حیزبایەتی، یاخود بەرچەکدارێکی ئایدۆلۆژی، هەوڵدەدرێت شۆڕشی ئەیلوول لەو ڕەهەندە نەتەوەیی و نیشتیمانییەی خۆی دەربهێنرێت و بە جۆلانەوەیەکی بێ ستراتیژ و ئاسایی، یاخود خرۆشانێکی جەماوەری و خێڵەکی بناسرێت. بە دیوێکی دیکەشدا، شۆڕشەکە وەك بەرهەمی حیزبێکی سیاسیی، نەك نەتەوەیی بناسێنن، هەموو ئەمانەش دەرەنجامی خوێندنەوەیەکی سیاسییانەی ورد و هەڵسەنگاندنێکی واقیعیانە نییە کە تیایدا بنەماکانی ئەو شۆڕشە و زەمینەی هەڵگیرساندن و ئاکامەکانی بخوێننەوە، بەڵکو تەنها ڕوانینێکی تەسکی ئایدۆلۆژیانەیە کە دەرەنجامی بیرکردنەوە و ململانێیەکی تەسکی حیزبیانەیە. ئەگەر نا هەموومان ئاگاداری ئەوەین کە زۆربەی سەرکردە و سیاسییەکانی دوێنێی حیزبەکانی ئێستا، لە ڕێزی ئەو شۆڕشە دابوونە. شۆڕشی ئەیلول، یەکێکە لە مەزنترین و دڕێژترین شۆڕشەکانی کورد، کە مۆرکێکی نەتەوەیی و کوردستانیانەی هەیە و گشت چین و توێژەکان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەیە جیاوازەکان، لە ژێر چەتری سەرکردایەتی شۆڕش بە ڕێبەرایەتی بارزانی نەمر، خەباتیان کرد و دەیان داستانی مێژوویی قارەمانانەیان لە دژی داگیرکەران تۆمارکرد، کە ئێستاش وەك مێژوویێکی درەوشاوە و نەمر لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد ماوەتەوە. ئەم شۆڕشە، لە ڕووی چەمکی سیاسیی و شۆڕشگێڕییەوە، مانا ئاساییەکانی هەر شۆڕشێك تێدەپەڕێنێت و مۆرکێکی گەورەتر لە شۆڕش وەردەگرێت، چونکە پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو شۆڕشە بە چەکێکی ئاسایی، بەڵام بە ئیرادە و وڕەیەکی پۆڵایین و خۆڕاگرەوە، توانیان بەرەنگاریی حکومەتێکی خاوەن دەیان هەزار سەرباز و کەرستەی هەرە پێشکەوتوویی سەربازی بکەن و سەریشبکەون، کە ئاکامەکەی لە ڕێکەوتنامەی ئادار هاتە دی. بۆیە شۆڕشی ئەیلول، بۆ هەمیشە بە نەمری و شکۆمەندی لە یادەوەریی نەتەوەیی ئێمە دەمێنێتەوە.

ڕۆڵی تۆڕەرانی کۆمەڵایەتی لە دادگاکاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکان گرنگە

کێشە ئابووریيەکان و لاوازیی هۆشیاریی هاوسەرگیری، هۆکاری سەرەکیی تێکچوونی شیرازەی خێزانن





بەهار حەمەکەریم بۆ (خەبات):

بۆ پاراستنی خێزان پێویستمان بە خولی هۆشیاریی پێش هاوسەرگیری و پشتگیریی داراییە



خەبات - عامر فەرحان

پاراستنی بنەمای خێزان و دابینکردنی سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا هەمیشە یەکێک بووە لە بابەتە هەرە گرنگەکان. لە پارێزگای هەڵەبجەشدا دیاردەی کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەگیری بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، هۆکارە بۆ دروستبوونی مەترسی لەسەر پێکهێنانی خێزان. لەم پارێزگایەدا، زۆرترین پرۆسەی پێکهێنانی خێزان لە نێو گەنجاندا لە قۆناغی گەنجیی سەرەتاییدا تۆمار دەکرێت؛ بە جۆرێک لە ڕەگەزی نێردا لە نێوان 25 بۆ 30 ساڵی و لە ڕەگەزی مێشدا لە نێوان 20 بۆ 25 ساڵیدا دەبینرێت.

بەهار حەمەکەریم، چارەسەرکاری دەروونی، لە لێدوانێکدا تایبەت بە خەباتی ڕاگەیاند: بەشێوەیەکی گشتی، قەیرانە ئابووریيەکان و بێکاری ڕۆڵێکی سەرەکی و یەکلاکەرەوە دەبینن لە دواخستنی پرۆسەی هاوسەگیری لە لایەن گەنجانەوە. نەبوونی هەلی کار، گرانبوونی بژێوی ژیان و قورسیی پێداویستییەکانی خێزان، ڕێگرێکی گەورەن لەبەردەم گەنجاندا بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان. هەروەها لاوازیی هۆشیاریی هاوسەگیری، دەستێوەردانی کەسانی دەوروبەر، خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و نەگونجاندن لە ڕووی دەروونییەوە، لە دیارترین ئەو هۆکارانەن کە ڕێگرن لەبەردەم پێکهێنانی خێزاندا یان دەبنە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی خێزانی و تێکچونی شیرازەی خێزان.

سەبارەت بە ڕەهەندەکانی تەڵاق و ڕێژەی جیابوونەوە، بەهار حەمەکەریم ئەوەی بۆ خەبات ڕوونکردەوە: ڕێژەی تەڵاقی دەرەکی (لە دەرەوەی دادگا) لە هەڵەبجەدا جێگیر نەبووە و هەندێک جار بەهۆی قەیرانەکانەوە بەرز دەبێتەوە. کێشە خێزانییەکان، خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارە ئابووریيەکان و لاوازیی لایەنی ڕۆشنبیری، لە دیارترین هۆکارەکانی ئەم دیاردە نەرێنییەن کە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە هەیە. **ئەو دەشڵێت:** لە پارێزگای هەڵەبجەدا، کەمتەمەنی و هاوسەگیری لە تەمەنی مێردمنداڵیدا وەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی تێکچوونی خێزان دەستنیشان دەکرێت، چونکە نەبوونی تێگەیشتنی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، گوشاری خێزانی و کۆمەڵایەتی، و نەبوونی ئامادەیی جەستەیی و دەروونی بۆ ژیانی هاوسەگیری و بەخێوکردنی منداڵ، قەیرانەکە زیاتر قوڵ دەکەنەوە و دەبنە هۆی جیابوونەوەی خێرای هاوسەرەکان لە یەکتر.

پەروەردەکردن لەسەر نیشتمانپەروەری چۆن دەبێت؟

بە دڵنیاییەوە، ئەمە پرسیارێکی گرنگە کە لە خۆمانی بپرسین: چۆن منداڵەکانمان فێری نیشتمانپەروەری بکەین و پێیان بڵێین دڵسۆزی و سەبارەت بە ڕۆڵی نووسینگەکانی پاراستنی، بەرپرسیاریەتی لە کاتی مۆلگەکانی، بەرپرسیاریەتی خۆشگوزەرانیدا و هەستکردن بە شانازی بە کلتوور و خاکەکەی. ئەم پێناسەیەی کراوە، تەنیا ڕستەیەکی سادە نییە، بەڵکو ڕێک ئەو هەستەیە کە دەبێت خەڵکی هەر خاکێک بۆ پێشکەوتن و گەشەپێدانی وڵاتەکەیان هەبێت. کاتێک خەڵکی وڵاتێک، لە فەرمانڕەواوە تا هاووڵاتییەکی ئاسایی، هاوسۆز و دڵسۆز نەبن بۆ وڵاتەکەیان، هیچ پێشکەوتن و داهاتوویەک بۆ ئەو نەتەوە و خاکە نابێت. بۆیە زۆر گرنگە کە منداڵەکانمان لەسەر نیشتمانپەروەری پەروەردە بکەین.

پەروەردەکردن لەسەر نیشتمانپەروەری چۆن دەبێت؟

بە دڵنیاییەوە، ئەمە پرسیارێکی گرنگە کە لە خۆمانی بپرسین: چۆن منداڵەکانمان فێری نیشتمانپەروەری بکەین و پێیان بڵێین دڵسۆزی و

هاوسەرگیری لە تەمەنی مێردمنداڵیدا هۆکاری زۆرینەی تەڵاق و جیابوونەوەکانە

ڕاوێژکاری و ڕێگەچارەکان بۆ پاراستنی خێزان لە پارێزگای هەڵەبجە، **بەهار حەمەکەریم باسی ڕۆڵی تۆکمەی تۆڕەرانی کۆمەڵایەتی کرد لە دادگاکاندا بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی تەڵاق و گوتی:** تۆڕەرانی کۆمەڵایەتی هەوڵی دروستکردنی گفتوگۆیەکی ئارام لە نێوان هاوسەراندا دەدەن، بڕیاری خێرا کەم دەکەنەوە و سەرچاوەی کێشەکان (وەک کێشەی دارایی یان دەستوەردانی دەرەکی) دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی شارەزایی خۆیانەوە لێکتێگەیشتن و نزیککردنەوە دروست بکەن. چەندان کەیسیش هەبووە کە لە ڕێگەی مۆدێلکردنی ئێمەوە بینە کەسانی نیشتمانپەروەر.

2. منداڵەکانمان فێری مێژوو بکەین: مێژوو پڕە لە ئەزموون. بۆ ئەوەی منداڵێکی نیشتمانپەروەرمان هەبێت، پێویستە فێری مێژووی بکەین و دەربارەی خەڵک و ڕووداوەکانی ڕابردوو قسەی لەگەڵدا بکەین. پێویستە نموونەی کەسانی نیشتمانپەروەر و خائین لە مێژوودا نیشان بدەین و ئەنجامی کار و کردەوەکانیان بۆ ڕوون بکەینەوە، تا تێبگەن لەوەی ئەوە تاکەکانن مێژوو دروست دەکەن و دەبنە هۆی سەرکەوتن یان شکستی کۆمەڵگە.

3. نەوەی نوێ بە زمان و ئەدەبیات ئاشنا بکەین: ئەگەر بمانەوێت منداڵێکی نیشتمانپەروەرمان هەبێت، دەبێت بەهای زمان و ئەدەبیاتی خاکەکەی پیشان بدەین. زمان ئەو شێوازەیە کە مرۆڤەکان پەیوەندیی پێوە دەکەن و کلتووریان پێ گەشە دەکات. پێویستە منداڵەکانمان فێر بکەین بە کوردی قسە بکەن، بنووسن، بخوێننەوە و ئەدەبیاتی وڵاتەکەیان خۆش بوێت، تا زمانەکە بۆ نەوەکانی داهاتوو بپارێزرێت و بتوانن چێژ لە گەنجینە بێهاوتاکەی وەربگرن. پاراستنی زمان و ئەدەبیات، پاراستنی کلتوور و ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەیەکە لەسەر خاکەکەی.

4. ڕێزگرتن لە ژینگە، سەرچاوە سروشتییەکان و ژیانی کێوی: پێویستە منداڵەکانمان بزانن بۆ ئەوەی لە ژینگە و تەندروستییەکی باشدا بژین، دەبێت ڕێز لە سروشت بگرن و سەرچاوەکانی بپارێزن. جیاکردنەوەی پاشەڕۆ، بەجێنەهێشتنی خۆڵ و خاشاک لە سروشتدا، بەکارهێنانی دروستی وزە، گرنگیدان بە دارستان و ڕووەکەکان، و پاراستنی ئاژەڵان و ژیانی کێوی، هەموو ئەمانە منداڵەکانمان بەرەو نیشتمانپەروەری پاڵ دەنێن و هەستی دڵسۆزییان بۆ وڵات بەهێز دەکەن.

5. منداڵەکانمان لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتییەکان ئاشنا بکەین: هەندێک جار پێویستە منداڵەکانمان بخەینە بەردەوامی ڕاوێژکاریی دەروونیی بێبەرامبەر بۆ هاوسەرە تازەکان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، گرنگترین ڕێگەچارەن بۆ پاراستنی دامەزراوەی خێزان.

چۆن منداڵەکانمان فێری نیشتمانپەروەریی بکەین؟



د. شکوفە ئەحمەد عەزیز

ئێمە لە دوای لەدایکبوونی منداڵەکانمانەوە فێریان دەکەین؛ فێری قسەکردن و ڕێکردنیان دەکەین، دەیانێرین بۆ قوتابخانە بۆ فێربوونی خوێندنەوە، نووسین و ژماردن. هەروەها لە خێزان و کۆمەڵگەدا فێری خۆشەویستی و بەرگریکردن لە مافەکانی خۆیانیان دەکەین. بەڵام ئایا لە نێوان ئەو هەموو شتەی فێریان دەکەین، بیر لە نیشتمانپەروەری و بەرژەوەندیی نیشتمان دەکەینەوە؟ ئایا هەستی نیشتمانپەروەری لە خوێندنگەکەماندا بونیادی هەیە؟ لەم سەردەمەی بارودۆخی خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا کە ژیانی لەسەر هەموومان قورس کردووە، یەکەم شت کە زۆربەمان بیری لێ دەکەینەوە، کۆچکردنە. هەندێک جار سەختییەکانی ژیان ئەوەندە بێزار و ماندوومان دەکات، پێیان باشترە هەموو مۆڵک و سامانمان بەجێ بهێڵین و بەدوای داهاتوویەکی باشتردا بۆ خۆمان و منداڵەکانمان لە وڵاتێکی دیکەدا بگەڕێین؛ ئەمەش ئازاربەخشترین هەستی خەڵکی وڵاتێکە بەرامبەر بە نیشتمانی باوباپیرانیان.

هەستی نیشتمانپەروەری چییە؟

نیشتمانپەروەری واتە خۆشەویستی بۆ وڵات، تەرخانکردنی کات بۆ خۆشەویستی بۆ نیشتمان یەکجار گرنگە. ئەم خۆشەویستییە بۆ نیشتمان هەرکەسێک بە شێوازی جیاواز دەردەبڕێت، هەندێک بە نووسین، هەندێکی تر بە وێنەکێشان، هەندێکی تر بە گۆرانی و هەندێکی تر بە ئامادەبوون لە ڕاپەڕینەکان و خۆپیشاندانەکان. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هەستی نیشتمانپەروەری لە دڵی هەموو تاکێکدا هەبێت و بە شێوازی جیاواز دەربڕێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هەستی نیشتمانپەروەری لە دڵی هەموو تاکێکدا هەبێت و بە شێوازی جیاواز دەربڕێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە هەستی نیشتمانپەروەری لە دڵی هەموو تاکێکدا هەبێت و بە شێوازی جیاواز دەربڕێت.



دۆخێکەوە کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان ببینن و بە چەمکی هەژاری، برسێتی، نەزانی و نەخوێندەواری ئاشنا ببن. کاتێک نموونەیەکی هەڵە یان ناخۆش لە کۆمەڵگەدا دەبینن، لە هەمان کاتدا نموونەیەکی دروستی وڵاتێکی تریان نیشان بدەین کە ئەو کێشەیەی چارەسەر کردووە، تا بیر لەوە بکەنەوە چۆن کێشەیەک چارەسەر دەکرێت. تێگەیشتن لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بیرکردنەوە لە چارەسەریان، وا لە منداڵەکانمان دەکات بەرپرسیارتر بن و لە داهاتوودا هەنگاوی هۆشیارانە بۆ نیشتمانەکەیان بنێن.

6. بە قوولّی فێری جوگرافیایان بکەین: گرنگە منداڵەکانمان لە بارودۆخی جوگرافیی وڵاتەکەیان تێبگەن، تا لە توانا و سنووردارییە جوگرافییەکان بگەن و هەوڵی گەشەپێدانی بدەن. ئەمانە ئەو بابەتانەن کە پێویستە لە پۆلی جوگرافیادا بە بەربڵاوی فێر بکرێن و خوێندکار بە قوولّی تێکەڵ بە بابەتەکە بکرێت، تا پرسیاری هۆشیارانە لە مێشکیدا دروست ببێت؛ ئەو پرسیارانەی وەڵامەکەیان هەستێکی نیشتمانپەروەرانەی تێدا کۆبووەتەوە.

لە کۆتاییدا، نیشتمانپەروەری هەستێکی قوول و ڕیشەییە؛ تا ئەو کاتەی لە ڕەگ و ڕۆحی منداڵانی ئەم خاکەدا ڕێنەچێنرێت، هیچ بەختەوەرییەک بۆ وڵات و خەڵکەکەی نایەتە دی. پێویستە ڕاشکاوانە سەیری ئەوە بکەین کە بۆچی زۆرێک لە منداڵەکانمان زیاتر لە زمان و کلتووری خۆمان، هۆگری کلتووری بیانی دەبن؟ بۆچی وڵاتەکەمان وەک ئەوەی شایستەیەتی گەشە ناکات؟ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە لە گرنگیدان بە پەروەردەی نیشتمانپەروەریدا و بەرپرسیاریەتیی گشتی کورت دەبێتەوە؛ تا ئەو کاتەی نیشتمانپەروەری لە ناو ناخی هەموو تاکێکدا جێگیر نەبێت، پێشکەوتنی ڕاستەقینە بەدی ناهێنرێت.

• **مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی**

لە چەند خولەکێکدا 6.3 ملیار دۆلار دزرا

هەموو شتێک لەبارەی هاککردنەکەی پلاتفۆرمی بایننانس

گەورەترین هاککردنە لە مێژووی کەرتی دراوە دیجیتاڵییەکاندا



رۆژی هەینی، 2026-10-30، بایننانس ڕووبەڕووی گەورەترین هاککردن لە مێژووی کەرتی دراوە دیجیتاڵییەکاندا بووەوە کە بە 6.3 ملیار دۆلار مەزەندە کرا، ئەمەش چوار هێندەی ئەو بڕە پارەیەیە کە لە شوباتی پار لە سەکۆی (بایبیت) دزرا. ئەم هێرشە نیگەرانییەکی نوێشی لەنێو شارەزایانی تەکنەلۆژیادا دروستکردووە دەربارەی مەترسیی بەکارهێنانی تواناکانی ژیریی دەستکرد لە تێکشکاندنی پرۆتۆکۆڵە ئەمنییەکاندا.

دزینی 6.3 ملیار دۆلار لە گەورەترین پلاتفۆرمی ئاڵوگۆڕی دراوی دیجیتاڵی لە جیهاندا (بایننانس)، نوێترین و گەورەترین دەستکەوتی هاککەرەکانی کۆریای باکوورە؛ ئەوان زیاتر لە دەیەیەکە خەریکی پەرەپێدانی سیستمێکی پێشکەوتووی دزینی دارایی و هێرشە ئەلیکترۆنییە ئاڵۆزەکانن.

رۆژی شەممە، 2026-10-31، بایننانس ڕایگەیاند زیاتر لە 6.34 ملیار دۆلاری بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی هاککردن تەرخانکردووە و تاوەکو ئێستا ٪90ـی زیانەکانی پڕکردووەتەوە. تەواوی دراوە دیجیتاڵییە سەرەکییەکان (لەنێویان بیتکۆین و ئیسریۆم) بە ڕێژەی ٪100 پاڵپشتیی دارایی کراون و بەکارهێنەران هیچ زیانێک ناکەن.

ئەم هێرشە بە تێکەڵکردنی تاکتیکە کۆنەکانی هاککردن لەگەڵ خێراییەکی باوەڕپێنەکراو و بەکارهێنانی سیستمی خۆکار ئەنجامدراوە، ئەمەش پرسیاری گەورەی لەسەر ئەوە دروستکردووە کە چۆن ژیریی دەستکرد توانای کانی ئەم هاککەرانەی بۆ ئاستێکی بێوێنە بەرزکردووەتەوە؟

پلاتفۆرمی بایننانس، ڕایگەیاند، هاوبەشەکانی لە تۆڕی بلۆکچەین توانیویانە لانیکەم 3 ملیار دۆلار لەو 6.3 ملیار دۆلارە دزراوە لەسەر تۆڕەکە سڕ بکەن و ڕێ لە دزینی بگرن؛ کۆمپانیاکە پێی وایە هاککەرەکان لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی لایتۆپی یەکێک لە ئەندازیارەکانی کۆمپانیاکە، شانبەشانی چەند کەڵێنێکی دیکەی ئەمنی چوونەتە نێو سیستمەکەوە. چەندین کۆمپانیای لێکۆڵینەوە لە بلۆکچەینی ئەم هێرشەیان بەستەوە بە گرووپی هاککەری (تریدەر تریتەر)، کە لقێکی سەر بە گرووپی بەناوبانگی (لازاروس)ـی سەر بە حکومەتی کۆریای باکوورە.

ریچارد تێنگ، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بایننانس، رۆژی هەینی لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گوتی، هێرشکەرەکان لە کاتی ئەنجامدانی تاڵانییەکەدا «میکانیزمێکی لەنێوبردنی خۆکارانەیان بەکارهێناوە کە سەرجەم کەرەستە و شوێنپێیەکانی هێرشەکەی سڕیوەتەوە»، ئەمەش لێکۆڵینەوەکانی لەسەر ڕووداوەکە زۆر قورستر کردووە و جەختی کردەوە کە «ئەمە هێرشێکی یەکجار ئاڵۆز بوو.»

کۆمپانیای بایننانس، گەورەترین پلاتفۆرمی ئاڵوگۆڕی دراوە دیجیتاڵییەکان لە جیهاندا ڕایگەیاند، توانیویەتی ٪90ـی ئەو سەرمایە دیجیتاڵییانە قەرەبوو بکاتەوە کە لە هێرشە ئەلیکترۆنییە 6.3 ملیار دۆلارییەکەی ڕۆژی هەینیدا دزرابوون؛ هاوکات بەڵێنی دا سبەی یەکشەممە خزمەتگوزاریی ڕاکێشانی پارە بۆ سەرجەم بەکارهێنەران دەستپێبکاتەوە و گوتیشی، سەکۆکە سەرجەم زیانە دارایییەکان لەئەستۆ دەگرێت و هیچ زیانێک بەر کڕیاران ناکەوێت.

رۆژی شەممە، 2026-10-31، بایننانس لە نوێترین ڕاگەیێندراویدا ئاماژەی بەوە کرد، زیاتر لە 6.34 ملیار دۆلاری لە دارایی تایبەتیی کۆمپانیاکە بۆ پڕکردنەوەی زیانی هاککردنەکە تەرخانکردووە؛ بەپێی ڕاگەیێندراوەکە، 10 لە سەرەکیترین دراوە دیجیتاڵییەکان (لەوانە: بیتکۆین، ئیسریۆم، تێزەر، بی ئێن بی، سۆلانا، یو ئێس دی سی و ریپڵ) بە تەواوی و بە ڕێژەی ٪100 پاڵپشتیی یەدەگیان بۆ دابینکراوەتەوە. ئەو ٪10ـەی ماوەیشە تایبەتە بەو دراوانەی دەرەوەی ئەم 10 دراوە سەرەکییەن کە نەختینەیان لە بازاڕدا کەمە، بۆیە لە ڕێگەی بازاڕ و گرێبەستە ڕاستەوخۆکانەوە کار بۆ کرێنەوەیان بەردەوامە تاوەکو قەرەبووی هەموویان دەگاتە ٪100.

بۆ قەرەبووکردنەوەی سەرمایەکە، بایننانس پەنای بردووەتە بەر گەنجینەی تایبەتیی کۆمپانیا، بەشێک لە سندووقی بیمەی فیووچەرز و بەکارهێنانی بەشێک لە سندووقی فریاگوزاریی پاراستنی بەکارهێنەران (SAFU)؛ هاوکات بەڵێنی داوە باڵانسی سندووقی SAFU بگەڕێنێتەوە بۆ ئاستی یەک ملیار دۆلار تاوەکو وەک قەڵغانێکی دارایی بۆ دۆخی لەناکاو بمێنێتەوە.

کۆمپانیاکە دووپاتیکردەوە، وەک لە خشتەی پێشوودا دیاریکرابوو، رۆژی یەکشەممە، 2026-11-01، ڕاکێشانی دراوەکان بۆ کڕیاران دەستپێدەکاتەوە، هەروەها پشکنین و بەڵگەی یەدەگی دارایی نوێکراوەتەوە تاوەکو هەموو بەکارهێنەرێک بتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ دڵنیا بێتەوە لەوەی سەرمایەکەی پارێزراوە.

بەپێی بەدواداچوونی کۆمپانیاکانی لێکۆڵینەوەی بلۆکچەین وەک (تی ئار ئێم لابس) و (ئێلیپتیک)، هێرشەکە بە ئەگەری زۆرەوە لەلایەن گرووپی هاککەری سەر بە کۆریای باکوور ناسراو بە (تریدەر تریتەر) کراوە، کە بەشێکە لە گرووپی بەناوبانگی لازاروس (ئەو گرووپەی لە ساڵی 2014 کۆمپانیای سۆنی پیکچەرزی هاککرد). لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەریانخست، هاککەرەکان لە ڕێگەی کۆمپیوتەری ئەندازیارێکی سیستمی کارپێکردنەوە دزیان کردووەتە نێو جزدانە ئۆنلاینەکانی بایننانس و لە چەندین تۆڕی بلۆکچەینەوە دراوەکانیان ڕاکێشاوە، بەڵام هیچ دزەپێکردنێکی کلیلە تایبەتەکانی جزدانەکان ڕووی نەداوە. دوای ڕووداوەکە، کۆمپانیاکانی خاوەن دراوی سەقامگیر هاوکاریی دەستبەجێیان کرد؛ بە جۆرێک کۆمپانیای تێزەر 1.6 ملیار دۆلار و کۆمپانیای سێرکڵ زیاتر لە 800 ملیۆن دۆلاریان لە دراوە دزراوەکان سڕ کرد، بەوەش نزیکەی 3 ملیار دۆلار لە سەرمایە دزراوەکە بلۆک کرا. هاککردنەکە کاردانەوەی گەورەی نێودەوڵەتیی لێکەوتەوە؛ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند واشنتن بە وردی بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکە دەکات، هەروەها نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی (FBI) دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە.

لە ڕووی ئابووریشەوە، بازاڕی دراوە دیجیتاڵییەکان شۆکێکی کاتیی بەخۆیەوە بینی و نرخی بیتکۆین نزیکەی ٪5 دابەزی و بۆ ماوەیەکی کاتی گەیشتە 76 هەزار و 400 دۆلار کە نزمترین ئاستی بوو لە مانگی ئەیلوولەوە، ئیسریۆم ٪6 و دراوی فەرمیی بایننانس (BNB) نزیکەی ٪10 دابەزی پێش ئەوەی دووبارە بەشێک لە بەهاکەیان بەدەستبهێننەوە.

مێژووی دزییە ئەلیکترۆنییەکانی پیۆنگیانگ

بەگوێرەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەیان کراون، هاککەرەکانی سەر بە حکومەتی کۆریای باکوور زیاتر لە 10 ساڵە سەرقاڵی ئەنجامدانی دزیی گەورەی دارایی و هێرشی ئەلیکترۆنین و دزینی دراوی دیجیتاڵییان کردووەتە پیشەسازییەکی بەرفراوانی دەوڵەتی. لە ساڵی 2016ـدا، ئەم هاککەرانە هەوڵیان دا نزیکەی یەک ملیار دۆلار لە بانکی ناوەندیی بەنگلادیش بدزن و توانییان 81 ملیۆن دۆلاری بە سەرکەوتوویی ببەن.

لە ساڵی 2017ـشدا، پەنجەی تۆمەت بۆ کۆریای باکوور درێژ کرا لە بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسی باجخوراوی (وۆناکرای)، کە بووە هۆی ئیفلیجکردنی سەتان هەزار کۆمپیوتەر لە زیاتر لە 150 وڵاتی جیهاندا.

هەمان ئەم گرووپەی کۆریای باکوور (تریدەر تریتەر)، ساڵی ڕابردووش گەورەترین ریکۆردی دزینی دراوی دیجیتاڵی شکاند کاتێک 1.5 ملیار دۆلاری لە پلاتفۆرمی (بایبیت) دزی.

دزینی ملیاران دۆلار لە تەنیا 20 خولەکدا

شارەزایان بە ماڵپەڕی هەواڵی (ئاکسیۆس)ـیان ڕاگەیاندووە، هاککەرەکانی کۆریای باکوور ڕۆژ بە ڕۆژ لە هێرشەکانیاندا خێراتر و لێهاتووتر دەبن. ئێریک جاردین، سەرۆکی بەشی توێژینەوە لە کۆمپانیای چاودێریی بلۆکچەین (چەینالیسیس) دەڵێت: «ئەوان بە کردەیی هەموو گرووپە هەڕەشەکارەکانی دیکەیان لە گۆڕەپانەکە وەدەرناوە، بەوەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو دراوە دیجیتاڵییەی لە هەر ساڵێکدا دەدزرێت، دەچێتە گیرفانی ئەوانەوە.»

کۆمپانیای چەینالیسیس لە ڕاپۆرتێکی توێژینەوەدا ڕۆژی هەینی ئاشکرای کرد، هاککەرەکان توانیویانە لە ماوەی تەنیا 20 خولەکدا ئەو ملیاران دۆلارە لە بایننانس ببەن. هەروەها بە خێراییەکی بێوێنە بەڵگەکانی هێرشەکەیان سڕیوەتەوە و پارەکەیان سپیکردووەتەوە، ئەمەش دەریدەخات کە بە درێژایی ئۆپەڕاسیۆنەکە سیستمی تەواو خۆکاری ئەلیکترۆنییان بەکارهێناوە.

توێژەرانی کۆمپانیای (تی ئار ئێم لابس) بۆیان دەرکەوتووە کە هاککەرەکان تەنیا 36 کاژێر پێش دەستپێکردنی هێرشەکە ئامادەکارییان بۆ کردووە. جاردین گوتیشی: «مامەڵە دارایییەکان بە خێرایی و قەبارەیەک ئەنجام دەدران کە مەحاڵ بوو مرۆڤ بەدەست پەسەندیان بکات؛ بە دڵنیاییەوە ئەوە لەلایەن کۆمپیوتەر و بە شێوازی خۆکار ئەنجام دراوە.»

ساختەکاریی کارمەندانی ئای تی بە ژیریی دەستکرد

ڤیجای بالاسوبرامانیان، بەڕێوەبەری جێبەجێکار و هاودامەزرێنەری کۆمپانیای (پیندرۆپ سکیوریتی) بە ئاکسیۆسی ڕاگەیاند، ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی و سیستمی خۆکار نیشانەی سەرەکیی هێرشە نوێیەکانی کۆریای باکوورن.

پێشکەوتنی کەرەستە دەنگی و ڤیدیۆییەکانی ژیریی دەستکرد وای لە کۆریای باکوور کردووە فێڵێکی بەرفراوان لە کۆمپانیا ئەمریکییەکان بکات؛ بە جۆرێک هاوواڵتییانی کۆریای باکوور بە بەکارهێنانی ڕووخسار و دەنگی دەستکرد لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە وەک کارمەندی تەکنەلۆژیای زانیاری (ئای تی) لە کۆمپانیاکانی ئەمریکا دادەمەزرێن. بالاسوبرامانیان ئاشکرای کرد، ساڵی ڕابردوو، داواکارییەکانی دامەزراندنی کۆریای باکوور یەک داواکاری بوو لە کۆی هەر 343 داواکارییەک لە ئەمریکا؛ بەڵام ئەمساڵ لەنێو کۆمپانیاکانی کڕیاریاندا گەیشتووەتە 1 لە کۆی هەر 47 داواکارییەک.

گوتیشی: «ئەمە بنەمای هەموو کارەکانیانە؛ بابەتەکە تەنیا ژیریی دەستکرد نییە، بەڵکو قەبارەکەیەتی؛ بژاردەکانی ژیریی دەستکرد هێندە هەرزانن کە بوونەتە ژینگەیەکی گەورە بۆ ئەوان.»

چارەنووسی بەشەکەی دیکەی پارە دزراوەکە

ئێریک جاردین لە کۆمپانیای چەینالیسیس پێی وایە، دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا و لێکۆڵەرانی بلۆکچەین هێشتا دەتوانن ئەو نیوەیەی دیکەی پارە دزراوەکەی بایننانس (نزیکەی 3.3 ملیار دۆلار) بگەڕێننەوە، ئەگەر بێت و ئەو پارەیە بچێتە نێو ژێرخانی پلاتفۆرمە ناسراوەکانی دیکەی ئاڵوگۆڕ و بەڕێوەبەرەکانیان بە خێرایی هەنگاو بنێن بۆ سڕکردنیان. گوتیشی: «هێشتا لە سەرەتای کارەکەداین.»

سەرەڕای ئاڵۆزییە هەرێمییەکان؛ داهاتی گەشتیاریی تورکیا زیادی کردووە

گەشەی بەرچاوی کەرتی گەشتیاری لە تورکیا؛ پێشوازیکردن لە زیاتر لە 49 ملیۆن گەشتیار لە ساڵی 2026ـدا



وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشتوگوزاری تورکیا ڕایگەیاند: لە ماوەی نۆ مانگی ئەمساڵدا، داهاتی کەرتی گەشتیاری وڵاتەکە 51 ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە، هاوکات پێشوازی لە زیاتر لە 49 ملیۆن گەشتیار کراوە، ئەمەش نیشانەی بەردەوامیی گەشەی ئەم سێکتەرە گرنگەی ئابووریيە.

بە پێی ئەو داتا و ئامارە فەرمییانەی کە لە لایەن محەمەد نوری، وەزیری ڕۆشنبیری و گەشتوگوزاری تورکیاوە خراونەتەڕوو، داهاتی کەرتی گەشتیاری لە نۆ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا گەیشتووەتە 51 ملیار و 278 ملیۆن دۆلار، کە ئەمەش بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی ڕابردوو گەشەیەکی بە ڕێژەی 2.4% تۆمار کردووە.

لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتەکەدا هاتووە، لەو ماوەیەدا تورکیا پێشوازی لە نزیکەی 49 ملیۆن و 100 هەزار گەشتیار کردووە؛ لە ڕووی نەتەوەییشەوە، گەشتیارانی ڕووسیا لە پلەی یەکەمی سەردانیکەراندا بوون و بە دوای ئەوانیشدا هاوواڵتییانی ئەڵمانیا لە پلەی دووەم و بەریتانییەکان لە پلەی سێیەمدا هاتوون.

لە بەشێکی دیکەی داتاکاندا هاتووە، کە داهاتی کەرتی گەشتیاری لە چارەکی سێیەمی ئەمساڵدا (تەممووز، ئاب و ئەیلوول) گەیشتووەتە 25.5 ملیار دۆلار بە تۆمارکردنی گەشەی 5%؛ هاوکات تێکڕای خەرجیی یەک گەشتیار بۆ هەر شەوێک لە تورکیا بۆ 107.7 دۆلار بەرزبووەتەوە، کە ئەمەش بەراورد بە ساڵی پێشوو بە ڕێژەی 4.6% زیادی کردووە.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشتوگوزاری تورکیا دووپاتی کردەوە، کە کەرتی گەشتیاری توانیویەتی ئەم دەستکەوتە گەورانە بەدەستبهێنێت سەرەڕای ئەو ئاڵنگارییە ئاڵۆزانەی کە بەهۆی گرژییە ئەمنییەکانی ناوچەکە و بەرزبوونەوەی تێچووی کەرتی گواستنەوەی ئاسمانییەوە هاتوونەتە ئاراوە.

نرخی زێڕ و زیو بەیەکەوە دابەزین



نرخی زێڕ چەند هەفتەیەکە ناجێگرە و بەرزی و نزمی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، زیویش لە دابەزین بەردەوامە، نرخی مسقاڵێک زێڕی عەیارە 21 لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان لە دوو ڕۆژی سەرەتای هەفتە زیاتر لە 20 هەزار دابەزی. گوتەبێژی زێڕەنگەرانی هەولێر دەڵێ، هۆکارەکەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتە و زیاتریش دادەبەزێ.

هەندرێن وەرتی، گوتەبێژی بازاڕی زێڕەنگەرانی هەولێر، ڕایگەیاند: «نرخی مسقاڵێک زێڕی عەیارە 21 بۆ 938 هەزار دینار دابەزی، لە کاتێکدا کۆتایی هەفتە بە 959 هەزار دینار بوو.

سەبارەت بە هۆکاری ئەم بەرزبوونەوەیە، هەندرێن وەرتی گوتی: «بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ نزیکەی 118 دۆلار و بەردەوامیی گرژییەکانی تەنگەی هورمز هۆکاران و پێشبینیش دەکرێت نرخەکە زیاتر دابەزێت.»

سۆکار ئازاد، زێڕەنگەر لە سلێمانی ڕایگەیاند: نرخی هەموو جۆرە مسقاڵەکان دابەزیوە، هاوکات بەشێک لە هاونیشتمانییان بەهۆی ئەوەی پێیان وایە نرخەکەی زیاتر دادەبەزێ، دێن و زێڕەکانیان دەفرۆشن.

هاوکات بەهای زیو لە بازاڕەکانی جیهاندا دابەزینێکی پێوانەییی تۆمار کرد و زیانی کڕیارانی زیو دوو هێندەی کڕیارانی زێڕە.دابەزینی بەرچاوی بەهای کانزاکان لە بازاڕەکانی جیهاندا، وەبەرهێنەرانی تووشی زیانێکی گەورە کردووە؛ بەتایبەتی کڕیارانی زیو کە قەبارەی زیانەکانیان زۆر قورسترە بەراورد بەو کەسانەی وەبەرهێنانیان لە زێڕدا کردووە.

بەپێی ئاماژەکانی بازاڕ، ئەوانەی زیویان کڕیوە دوو هێندەی کڕیارانی زێڕ زیانیان بەرکەوتووە. ڕێژەی دابەزینی بەهای زێڕ ٪30 بووە، بەڵام دابەزینی بەهای زیو گەیشتووەتە ٪60، ئەمەش وای کردووە نرخی یەک کیلۆگرام زیو بۆ هەزار و 620 دۆلار دابەزێت.

ئەم دابەزینە خێرایەی بەهای زیو دۆخێکی خراپی لە بازاڕەکاندا هێناوەتە ئاراوە و نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لای ئەو وەبەرهێنەرانە دروست کردووە کە سەرمایەکانیان بە زیو هەڵگرتبوو.

وون بوون

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە ٧١٥٠ بەناوی ممونـد عبدالوهاب عزیز وون بووە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی بەحرکە ژمارەی پسوولە ٢٤٢٢٥٦ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١١/١٧ بەبڕی ٣٠٠،٠٠٠ بەناوی بەشدار سلیم محمود وون بووە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

* * *

وون بوون

دەفتەرگرانی ئۆتۆمبێل ژمارە 22 C 82541 کە لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەرچووە بەناوی محمد جنگیز حمدی وون بووە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە: ١٠٢/ت/٢٠٢٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١١/١

جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بەفرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە 22 K 54678 جۆری (هیوندای سـ مۆدێل (٢٠١٨) ڕەنگی (ڕەش) کە بەناوی خواڵێخۆشبوو (ریاض احمد عبد) لەڕۆژی (٢٠٢٦/١١/١٦) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، جا هەرکەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠ ٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێندراوە بەنرخی (٥،٠٠٠،٠٠٠) ملیۆن دینار.

دادوەری یەکەم/ مسعود سعید صدیق

* * *

ئاگاداری

ماڵپەری ئەلیکترۆنی بەناوی (www.visitzakho.com) خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر (فرهاد مهدي یوسف)، بارەگای سەرەکی لە شاری (زاخۆ)ـە، بە زمانی (کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی)یە، هەر کەسێك تێبینی یان لاری هەیە ، با پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفونەوە بکات: ٠٧٥٠٤٥٨٢٥٨٦

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهۆك
ژمارە: ٢٠٢٥/٢٨٦٣
ڕێکەفت: ٢٠٢٦/٩/١٦

پێراگەهاندن

بۆ قەردار:(مؤید جاسم عبدالله)

بڕیار هاتەدان بڕێیا دوو ڕوژنامێن ناڤخۆیی ئاگەهداریا تە بهێتە کرن دماوێ (٧) حەفت ڕۆژاندا،هەر ژ ڕۆژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ کو ئامادەبی لڕێڤەبەریامە بو ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێکرنێ (الاجراءات التنفیذیة) بەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکارێن یاسایی یێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بی.بوزانین:- لدیڤ بڕیارا دادگەها بەرایی دهوك یا ژمارە (١٧٧٨/ب٢٠٢٥/٣) ل (٢٠٢٥/٩/١٦) قەرێ دگەردەنا تە کوژمێ (٣،٧٠٢،٦٠٠) سێ ملیون و حەفت سەدو دوو هزار وشەش سەد دینارێین عراقی دگەل ڕەسمێ ستاندنێ و قەردەر د ڤێ دوسیێ دا (عمر طاهر صدیق).

ژێهات صبحي تێلي
جێ بەجێکاری داد

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە: ١١٦/ش-نقض/٢٠٢٣
ڕێکەفت: ٢٠٢٦/١٠/٢٩

ئاگەهداری

بۆ/ داوالێکراو/ حنان عدنان الخلیل /جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە.

داواکار (فرزن علاء الدین حسین) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ تێدا داخازا گوێرایە لی کریە (مطاوعة) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژێر ودەستەکا هەلبژارتنا ل کارگێریا کەمبا دومیز ١،لەورا بڕیار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن برێکا دوو روژنامەیێن روژانە ییێ نافخویێ ل هەرێیا کوردستانێ کو ئامادەبی ل بەرامبەر ڤی دادگەهێ ل دەمژمیر ٩ سپیدەهیا روژا ٢٠٢٦/١١/١١ ول بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی و ئاشکرایی هێتەکرن.

دادوەر/ دلیر مجید رمضان

* * *

رئاسة محكمة استئناف نينوى
محكمة المواد الشخصية في القوش
العدد: ٢٠٢٦/٣٥٦٧
التاريخ: ٢٠٢٦/١١/١

إعلان

دحام عوتو مشكو / مجهول محل الإقامة حالياً.
للطلب المقدم من قبل طالبة الحجة (ساهرة محمد هبو) المتضمن طلب نصبها قيما عليك ولمجهولية محل إقامتك و حسب اشعار مختار ناحية القيروان مجمع تل القصب قررت المحكمة تبليغك في صحيفتين محليتين يوميتين وفي حال عدم حضورك سوف تجري المرافعة بحقك غيابيا وفق القانون.

القاضي/ حسام الدين احمد علي

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهۆك
ژمارا دوسێ/٢٠٢٥/٩١٨
ڕێکەفت: ٢٠٢٦/٩/٢٨

پێراگەهاندن

بۆ قەردار: (سلام عمر علي) ژدایکبون (١٩٨٣) ناڤێ دایکێ (زلیخە اسماعیل)

بڕیار هاتە دان بڕێیا دوو ڕوژنامێن ناڤخۆیی ئاگەهداریا تە بهێتە کرن دماوێ (٧) حەفت ڕۆژاندا،هەر ژ ڕۆژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ کو ئامادەبی لڕێڤەبەریامە ژبو ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێکرنێ (الاجراءات التنفیذیة) بەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکارێن یاسایی یێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بی.بۆزانین کوژمێ قەرێ مایی دگەردەنا تەدا دبیتە کوژمێ (٢٢،٩٥٠،٠٠٠) بیست ودوو ملیون و نەهـ سەد و پێنجی هزار دینار،دگەل ڕەسمێ ستاندنێ،قەرێ قەردەری دڤێ دوسێ دا (شیرزاد محمد طاهر صالح).

جێ بەجێکاری داد
ڕێبر سلمان خالد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهۆك
ژمارە: ٢٠٢٦/١٢٣٥
ڕێکەفت: ٢٠٢٦/١١/١

ڕاگەهاندن

بڕیار هاتەدان بفروتنا مولکێ ژمارە وسالوخەتێن وی لخارێ هاتینە دیارکرن ئەوێ تومارکری بناڤێ قەردار (بیار عزیز باصو) هەر کەسێ بڤێت بەشداربیت دسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکەرا دا سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣) سێ ڕوژادا کودەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت برێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندنێ،بو زانین ڕەسمێ تومارکرنێ و دەلالیەت لسەر بکریە.پێك هاتێن خانوبەری:- جهێ مولکی / دهوك / ژمارا مولکی (٢٦١٧/٩٥ کەرتێ ٨٥ نزارکێ) سنور و سالوخەت: شوقە پێك هاتیە ژ دوو ژورێن نڤستنێ و هولەکێ و ژورا پێشوازیێ و لێنانگەهەکێ وپێك هاتیت ساخلەمی،ڕوبەرێ مولکی دبیتە (١٢٥م٢) هاتیە خەملاندن بکوژمێ (٧٦،٠٠٠،٠٠٠) حەفتێ و شەش ملیون دینار عیراقی.

خوگر محمدصالح ابراهیم
جێ بەجێکاری داد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهۆك
ژمارە: ٢٠٢٥/١٧٩٩
ڕێکەفت: ٢٠٢٦/١١/١

پێراگەهاندن

بۆ قەردار: (اماد نشأت کاظم)

بڕیار هاتە دان بڕێیا دوو ڕوژنامێن ناڤخۆیی ئاگەهداریا تە بهێتە کرن دماوێ (٧) حەفت ڕۆژاندا،هەر ژ ڕۆژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ کو ئامادەبی لڕێڤەبەریامە بو ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێکرنێ (الاجراءات التنفیذیة) بەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکارێن یاسایی یێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بی.بوزانین:- لدیڤ کمبیالە یا ژمارە (١٥٦١٤/لاپەرە ٧٩) ل روژا (٢٠٢٥/٦/٣٠) قەرێ دگەردەنا تە کوژمێ (١٠،٦٤٢،٦٨٠) دەهـ ملیون و شەش سەدو چل و دوو هزار و شەش سەدو هەشتێ دینارێین عراقی دگەل ڕەسمێ ستاندنێ و قەردەر د ڤێ دوسیێ دا (معاز جمیل صالح).

زوزان علي طاهر
جێ بەجێکاری داد

* * *

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ١٢٥/ب/٢٠٢٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١٠/١٤

جاردان

بۆ داوالێکراو: صدیق صادق أبراهیم: شوێنی نیشتەجێبوونیان نادیارە.

داواکار (مەریوان قاسم محمود) داوای ژمارە (١٢٥ / حادثة منظمة / ٢٠٢٦) لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (کرێ مانگی ٩ ی ساڵی ٢٠٢٥ و سودی یاسای لەڕێکەوتی داوا کردنی دادوەری ،دەکات لەپاڵ داواکردنی کرێ مانگەکانی ٨ ، ٧ ، ٦ /ساڵی ٢٠٢٥ لە داوای ژمارە (١٢٥/ب/٢٠٢٦) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەڕەکی (سلافا ستی و وەرین ستی) لە هەولێر. بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندن لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستانی بەمەبەستی ئامادەبونت لە ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٦/١١/١٥) کاتژمێر (١١:٣٠) ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.

دادوەر/ کارزان کارسول حسن

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی هەولێر / ٣
ژمارەی دۆسیە/ ١٠٧ / ٢٠٢٦
ڕێکەوت ٢٥ / ١٠ / ٢٠٢٦

((ئاگاداری))

بۆ/ مؤمن حسین فتح الله

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بە پێی ماددەی (٢٧) لە یاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوەخووە پێت را بگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕوژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەو بەڕێوەبەراوەیەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی سازان مؤمن حسین کە بڕی (٣٦٣١٣٢٥٠ ملیون) دینارە. ئەگەرنا بە پێی یاسا ناچار دەکریت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ پیمان شفیق حمدامین

* * *

دادگای بەرایی هەولێر / ١
ژمارە: ٢٩٦٣ / ب ٣ / ٢٠٢٥
ڕێکەوت: ٢٩ / ١٠ / ٢٠٢٦

جاردان

بۆ / داوالێکراو (عباس فلاح عباس)

داواکار (اسکندر سلیمان محمد) داوای ژمارە (٢٩٦٣ / ب ٣ / ٢٠٢٥) لەم دادگایە تۆمارکردوە ، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی (الزبیر) لە پارێزگای بصرا بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەی فەرمی بەمەبەستی ئامادەبونت لەبەر دەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی ٢٠٢٦/١٢/٦ کاتژمێر (٩،٣٠) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت

دادوەر/ گۆران عبدالخالق عبدالقادر

* * *

دادگای کەتنی هەولێر / ٤
ژمارە: ٥٦٩ / ك ٤ / ٢٠٢٦
ڕێکەوت: ١٢ / ١٠ / ٢٠٢٦

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ رواء هادی مرزوق
ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٥٦٩ / ك ٤ / ٢٠٢٦ لە ٥ / ١٠ / ٢٠٢٦ لەسەرت بە زیندانی کردن (الحبس) بۆ ماوەی (٤ / چوار مانگ) بە پێی ماددەی (٤١٣) لە یاسای (سزاکان) بە شێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بڕیار درا بە هۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت ڕابگەیەندرێت .. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣ / مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت .

دادوەر/ یونس عثمان محمد

* * *

دادگای کەتنی هەولێر / ٤
ژمارە: ٧٢٢ / ك ٤ / ٢٠٢٦
ڕێکەوت: ١٢ / ١٠ / ٢٠٢٦

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سیمون غسان سلوم

ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٧٢٢ / ك ٤ / ٢٠٢٦ لە ٧ / ١٠ / ٢٠٢٦ لەسەرت بە زیندانی کردن (الحبس) بۆ ماوەی (٢ / دوو ساڵ) بە پێی ماددەی (٤٥٦) لە یاسای (سزاکان) بە شێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بڕیار درا بە هۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت ڕابگەیەندرێت .. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣ / مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت .

دادوەر/ یونس عثمان محمد

* * *

دادگای کەتنی پیرمام
ژمارە: ١١٤ / ك / ٢٠٢٦
ڕێکەوت: ١٨ / ١٠ / ٢٠٢٦

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هاشم رشید محمد
بڕیاری سزا

ئەم دادگایە بڕیاریدا لە ڕێکەوتی (٦ / ١٠ / ٢٠٢٦) لە دۆسیەی کەتنی (١١٤ /ك/ ٢٠٢٦) کە لە سەرت تۆمارکراوە لە لایەن دادخواز (نشوان کمال نجم یونس) بەپێی ماددە (٤٥٦ / ١ / أ) لە یاسای (سزادان) دادگا بڕیاری دا بە بەند کردنت بۆماوەی (١ یەک ساڵ) لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی و مافی نارەزایی (اعتراضت) هەیە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگریت.

دادوەر/ سمکو روستم سمین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر / ٤
ژمارە: ٢١٧٧ / ك ٥ / ٢٠٢٤
بەروار: ٢١ / ١٠ / ٢٠٢٦

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بهیە زینل طاهر
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادده / ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ١ / ٢ / ٢٠٢٧ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی یاسایی (٤٤٨) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ یونس عثمان محمد

* * *

دادگای کەتنی هەولێر / ٤
ژمارە: ١١٨٧ / ك ٥ / ٢٠٢٥
بەروار: ٢٠ / ١٠ / ٢٠٢٦

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بیریڤان ازاد عمر
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادده / ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ١١ / ١ / ٢٠٢٧ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی یاسایی (٢٣٨) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ یونس عثمان محمد

* * *

دادگای کەتنی هەولێر / ٤
ژمارە: ١٩٩٥ / ك ٤ / ٢٠٢٥
بەروار: ٢٠ / ١٠ / ٢٠٢٦

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عماد عبدالمسلم حسن
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادده / ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ١ / ٢ / ٢٠٢٧ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ یونس عثمان محمد

* * *

دادگای کەتنی هەولێر /٥
ژمارە: ١٩٥٤ / ك ٥ / ٢٠٢٥
بەروار: ١٤ / ١٠ / ٢٠٢٦

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ لقمان اسماعیل عبدالله
ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١٩٥٤ / ك ٥ / ٢٠٢٥ لە ٢٠٢٦/٩/٢١ لەسەرت بە زیندانی کردن (الحبس) بۆ ماوەی (٣ / سێ مانگ) ، بە پێی ماددەی (٢) لە یاسای (خراپ بەکارهێنانی مۆبایل) ، بە شێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بە پێی (اشعاری موختاری گەڕەکی/) ، بڕیار درا بە هۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت ڕابگەیەندرێت .. مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بە ڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣ / مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت

دادوەر/ اسمر طیب ابراهیم

* * *

دادگای تاوانی دووەم لە هەولێر
ژمارە : ٦١١ / ج٢ / ٢٠٢٣
ڕێکەوت : ١٨ / ١٠ / ٢٠٢٦

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هاوڕێ هادی علی
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبار بە پێی ماددەی (٢٨١ یاسای سزادان) وە سەلماندنت هەڵاتنت و نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا، بۆیە بڕیاردرا و پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣) لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادە بوونتان لە بەردەم دادگای تاوانی دووەم لە هەولێر لە ڕۆژی (٩ / ١٢ / ٢٠٢٦) وە بە پێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بە شێوەی پاشملە بە پێی یاسا .

سەرۆک/ سرکوت طه رسول

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/٦
ژمارە: ٧٦٧/هۆشبەر/٢٠٢٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١٠/٢٥

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عدنان صابر ابراهیم ملائی
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/١٢/١٥) کاتژمێر (٩) ی بەیانی بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی (٣٠) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢٠، بە پێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ هیوا فرهاد صلاح

* * *

دادگای کەتنی هەولێر /٥
ژمارە : ٦١٤ / ك ٥ / ٢٠٢٦
ڕێکەوت : ١٤ / ١٠ / ٢٠٢٦

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ عباس حسین حمادی
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبار بە مادده (٤٥٣) لە یاسای سزا ، و سەلماندنی هەڵاتنتان و نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا ، بۆیە بڕیاردرا پاڵپشت بە ماددەی (٤٥٣) لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بە پێراگەیاندنتان لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادە بوونتان لەبەردەم دادگای کەتنی هەولێر /٥ لە ڕێکەوتی ١٢ / ١ / ٢٠٢٧ ، وە بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەپێی یاسا .

دادوەر/ اسمر طیب ابراهیم

* * *

مديريه الجنسية و المعلومات المدنية لمحافظة اربيل
شؤون الاحوال المدنية
الواقعات
عدد/ ١٣٢٨٧
تاريخ/ ٢٨ / ١٠ / ٢٠٢٦

اعلان

قدم المواطن (احمد عزيز عبدالله) دعوى تبديل لقبه من (دزي) الى (عبدالله) فمن لديه اعتراض مراجعة خلال (١٥) يوما من تاريخ نشره في الجريدة و بعكسه فسوف تنظر هذا الدعوى وفق احكام المادة ٢٢ من قانون البطاقة الوطنية رقم ٣ لسنة ٢٠١٦.

الفريق الحقوقي
نشات ابراهيم الخفاجي
المدير العام

* * *

دادگای کەتن لە مێرگەسۆر
ژمارە : ٣٥ / ك / ٢٠٢٥
ڕێکەوت : ٢٥ / ١٠ / ٢٠٢٦

بۆ تەمەتباری هەڵاتوو (هڤال علی احمد)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت ئەم دادگایە بڕیاریدا بە دادگایی کردنت بەشێوەیەکی پاشملە بەپێی ماددەی (٤٥٣ لە یاسای سزاکان) بۆ ئەم مەبەستە ئاگادارت دەکەینەوە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ، پێویستە لەسەری ئامادەبێت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕێکەوتی (٢٩ / ١١ / ٢٠٢٦) بۆ دادگایی کردنت ، وە ئەگەر ڕۆژی دادگایی کردنەکەت کەوتە پشوو ئەوە یەکەم ڕۆژی کارکردن دوای پشووەکە دەستنیشان دەکرێت بۆ دادگایی کردن ئەگەر ئامادە نەبین یاخود خۆی بەدەستەوە نەدەن بۆ نزیکترین بنکەی پۆلیس لەو کاتەدا کاری یاسایی دەرهەق بە پاشملە ئەنجام دەدرێت

دادوەر/ فرمان رسول حسین

* * *

دادگای کەتن لە مێرگەسۆر
ژمارە : ١٧ / ك / ٢٠٢٦
ڕێکەوت : ٢٥ / ١٠ / ٢٠٢٦

بۆ تەمەتباری هەڵاتوو (هیلین اکرم عبدالله)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت ئەم دادگایە بڕیاریدا بە دادگایی کردنت بەشێوەیەکی پاشملە بەپێی ماددەی (١٦ لە یاسای جوازات) بۆ ئەم مەبەستە ئاگادارت دەکەینەوە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ، پێویستە لەسەری ئامادەبێت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕێکەوتی (٢٩ / ١١ / ٢٠٢٦) بۆ دادگایی کردنت ، وە ئەگەر ڕۆژی دادگایی کردنەکەت کەوتە پشوو ئەوە یەکەم ڕۆژی کارکردن دوای پشووەکە دەستنیشان دەکرێت بۆ دادگایی کردن ئەگەر ئامادە نەبین یاخود خۆی بەدەستەوە نەدەن بۆ نزیکترین بنکەی پۆلیس لەو کاتەدا کاری یاسایی دەرهەق بە پاشملە ئەنجام دەدرێت

دادوەر/ فرمان رسول حسین

* * *

دادگای باری کەسی بنەسڵاوە
ژمارە: ٦٢٩ / ش / ٢٠٢٦
ڕێکەوت: ١ / ١١ / ٢٠٢٦

جاردان

بۆ داوالێکراو (احمد امین حسن) کە شوێنی دانیشتنت نادیارە .

داواکار (ئاریان بیجان سلیمان) داوای ژمارە (٦٢٩/ش/٢٠٢٦) لەسەرت تۆمارکردووە، کە تیایدا داوای (تفریق للضرر) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختار (ناحیەی کەسنەزان شاری پاک لاند) بۆیە دادگا بڕیاری دا کە پێت ڕابگەیەندرێت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لە بەردەم توێژەری کۆمەڵایەتی وە هەروەها دیاری کردنی ناوبژیوان ڕۆژی ١٥ / ١١ / ٢٠٢٦ کاتژمێر (٩) ی بەیانی.

دادوەر/ ڤیان شێخ نجم حسن

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر / ٢
ژمارە / ١٩٢/ ٢٠٢٥
ڕێکەوت / ١ / ١١ / ٢٠٢٤

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی (هەولێر / ٢) لە دۆسیەی جێ بەجێ کردنی ژمارە (١٩٢ /٢٠٢٥) ئۆتۆمبێلی ژمارە 21/ B 41113 سکانی تایبەت جۆری (جیب کۆمپاس) مۆدیل (٢٠٢١) ی قەرزدار (دیاکۆ نامق نوری) بە لێک زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لە جیاتی قەرزی (ارزو علی محمد) کە بڕی (٢٦،٦١٠،٤٠٠) بیست و شەش ملیۆن و شەش سەد و دە هەزار و چوارسەد دینارە، هەرکەسی ئارەزووی کڕینی دەکات لە ماوەی (٧) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتییە، وە دەڵالیەکەش لە ئەستۆی کڕیارە و نرخی ئۆتۆمبێلەکەش بە بڕی (٢٤،٠٠٠،٠٠٠) بیست و چوار ملیۆن دینار قەبڵێنراوە.

جێ بەجێ کاری داد/ محمد سلیمان علی

* * *

بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەولێر
هۆبە / کاروباری یاسایی
ژمارە: ٣١٥٤
ڕێکەوت: ١ / ١١ / ٢٠٢٦

ب / ئاگادار کردنەوە

بۆ فەرمانبەر (چالاک جمعە علی) ئاگادارت دەکەینەوە ئەگەر لە ناوەوەی هەرێمی کوردستانیت تەنها لە ماوەی (٧) ڕۆژدا پەیوەندی بە شوێنی کارەکەتەوە بکە، وە ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانیت بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ، بەپێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی و کارگێڕی بەرامبەرت ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ ڕێزماندا.

نەبەز إسماعیل کەمال
بەڕێوەبەری ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەولێر / بەوەکالەت

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر / ٦
ژمارە: ٧٩٤٧ / ش ٦ / ٢٠٢٦
ڕێکەوت: ١ / ١١ / ٢٠٢٦

ئاگادارکردنەوە

بۆ/ داوالێکراوا : (ساوین قباد صدرالدین) ، شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار (محمود صلاح الدین طاهر) داوای ژمارەی (٧٩٤٧/ش٢٠٢٦/٦) لەم دادگایە دەرهەق بە تۆ تۆمار کردووە ، تیایدا داوای (پەسندکردنی تەڵاقی دەرەکی) دەکات، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (گەڕەکی کەکۆن- کۆیە) دادگا بڕیاریدا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لە بەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠٢٦/١١/١٢ یان بریکارێکی یاسایی لە جیاتی خۆت ئامادەبێت، بە پێچەوانەوە دادبینی دەرهەق بە تۆ بە پاشملە بە پێی یاسا ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ محمد عبدالرحمن قاسم

* * *

دادگای باری کەسینەی شەقڵاوە
ژمارە: ١٨٣ / ش / ٢٠٢٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١١/١

جاردان

بۆ داوالێکراو (نجیبه صالح مولود)

داواکار (مسعود محمود عزیز) داوای شەرعی ژمارە (١٨٣/ش/٢٠٢٦) لەسەرت تۆمار کردووە لەم دادگایە کە تیایدا داوای (پەسەندکردنی طلاقی دەرەکی) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی ی ئیشعاری موختاری گەڕەکی (سێتاقان) لە هەولێر بۆیە پێت ڕادەگەیەنین بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پشت بەستن بە احکامی ماددەی (٢١ لە یاسای دادبینی شارستانی) کە لە ڕۆژی (٢٠٢٦/١١/٢٢) ئامادە بیت یان بریکارت ئامادە بێت لە دادگاکەمان ، بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە پاشە ملە و ئاشکرا .

دادوەر / اڤین صلاح الدین شکر

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٧٤٤٣/ش٢٠٢٦/١
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١١/١

جاردان

بۆ داوالێکراو (علی عصام کاظم) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (رحمە علاء یونس) داوای ژمارە (٧٤٤٣/ش٢٠٢٦/١)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمار کردووە تیایدا داوای (تصدیق طلاق) دەکات , وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی (گوندی لبنانی) بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٦/١١/١٧) بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بە شێوەی ئاشکراو پاشملە .

دادوەری یەکەم / مسعود سعید صدیق

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (شفادز) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنورداری تایبەت) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).

پاکتاوکار/ پێشەوا فیرۆز محی الدین
ناونیشان/ هەولێر- سەندیکای پارێزەرانی کوردستان
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥١٢٦٦٨٨٧٩

ب.گ. تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
ب. بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٢٣٥٧١
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١١/١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سنورداری تایبەت)


پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (شفادز) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنورداری تایبەت) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/١٠/٢٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (پێشەوا فیرۆز محی الدین) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو.

من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ١ / ١١ / ٢٠٢٦

بڵند محمد مولود
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان





ئەڵمانیا...
فێستیڤاڵێکی شیعری بۆ یادی 42 هەمین ساڵی کۆچی دوایی جگەرخوێن بەڕێوەچوو



خەبات - ساسان دەرویش

لە کەشوهەوایەکی پڕ لە خۆشەویستی و گەرمیی وشەدا، شاری ئێسنی ئەڵمانیا بووە جێگەی بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵێکی شیعری کوردی، کە بە بۆنەی یادی ٤٢هەمین ساڵی کۆچی دوایی شاعیری گەورەی کورد، جگەرخوێن، بەسترا. ئەم بۆنەیە، کە بۆ ڕێزلێنان لە وشە و داهێنان و میراتی ئەدەبیی کوردی ئەنجام درا، دەنگە شیعرییەکانی لە شارە جیاوازەکانی ئەوروپا کۆکردەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ڕۆڵی شیعر لە پاراستنی ناسنامە و بیرەوەریی کولتووریی کوردی، تەنانەت لە تاراوگەشدا، بخاتەڕوو.

شاعیری نەتەوەیی گەورەی کورد، جگەرخوێن، پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵی بە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و سەرکردایەتیی بارزانیی نەمر هەبوو، ئەو لە ساڵی ١٩٦٩دا خۆی گەیاندە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش لە باشووری کوردستان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بەشداری لە خەباتی کوردایەتیدا بکات. جگەرخوێن لە دیوانەکانیدا چەندین هۆنراوەی نەتەوەیی بەرز و پڕ لە حەماسەتی بۆ پشتیوانی لە شۆڕش و ستایشی ئازایەتیی پێشمەرگە و سەرکردایەتیی بارزانیی نەمر نووسیوە.

ئەم فێستیڤاڵە لەژێر چاودێریی یەکێتیی گشتیی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کورد - سووریا و بە هاوکاریی ڕێکخراوی HRRK، بە بەشداریی ٣٧ شاعیر بەڕێوەچوو. کۆبوونەوە ئەدەبییەکە هەوڵێک بوو بۆ ڕێزلێنان لە شیعری کوردی و پێشەنگەکانی، هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندیی کولتووری و ئەدەبی لەنێوان داهێنەرانی کورد لە تاراوگەدا.

فێستیڤاڵەکە بە وتەیەکی شاعیر حەفیف عەبدولڕەحمان دەستی پێکرد، کە بە ناوی یەکێتیی گشتیی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کورد-سووریا قسەی کرد. لە وتەکەیدا، سەرەتا بەخێرهاتنی میوانان و شاعیرانی بەشداریکرد، پاشان بە ڕێزەوە یادی شاعیری گەورەی کورد، جگەرخوێنی کردەوە و ئاماژەی بە پێگە و شوێنی بەرزی ئەو لە مێژووی شیعری کوردیدا کرد.هەروەها یادی ژمارەیەک لە پێشەنگانی ئەدەبی کوردی، لە پێشەوەیان ئەحمەدی خانی و مەلا ئەحمەدی جەزیرەیی و کەسانی دیکەی کردەوە، کە ناویان و بەرهەمەکانیان بەشێکی گرنگی بیرەوەریی ئەدەبی و کولتووریی گەلەکەمان پێکدەهێنن.

لە بەشی دیکەی بۆنەکەدا، شاعیر مەحمود بەرازی بە ناوی ڕێکخراوی HRRK وتەیەکی پێشکەش کرد. ئەو بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و ئاماژەی بە ڕۆڵی شیعر لە پاراستنی ناسنامەی کولتووریی کوردی و تایبەتمەندییە ڕەسەنەکانی کرد. هەروەها بە ڕێزەوە باسی تایبەتمەندی و خزمەتە ئەدەبییەکانی شاعیری گەورەی کورد، جگەرخوێنی کردەوە و یادی شاعیری کۆچکردوو ئەحمەد حوسێنی، ناسراو بە مەلا و پێشەوای شاعیرانی کوردیشی هێنایەوە ،ئەو کەسایەتییە ئەدەبییەی کە لە دۆخە قورس و ناخۆشەکاندا ڕۆڵێکی پێشەنگانەی لە پاراستنی ناسنامەی کولتووریی کورددا هەبووە.

هەروەها ئاماژەی بە بەڕێوەبردنی بەشەکانی دیکەی فێستیڤاڵەکەش لەلایەن مامۆستا مەروان مستەفا (باڤێ ژۆژانی) و هونەرمەندی بەهرەمەند ڕۆژینەوە ئەنجام درا.لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنەوە شیعرییەکان، بەشداریی شاعیران یەک لە دوای یەک بەردەوام بوو. هەر بەشداربوویەک دوو شیعری بە زمانی دایکی کوردی پێشکەش کرد و بەو شێوەیە پێکەوە شاعیران ، دەستەگوڵێک لە بژاری شیعری نیشتمانی، غەزەل و شیعری سۆزداریان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.ناوەڕۆکی شیعرەکان لەنێوان حەسرەت و دڵتەنگی بۆ نیشتمان، شانازی بە ناسنامەی کوردی، خۆشەویستی، ئارەزوو و هەستی نیشتیمانپەروەری وکوردایەتی وئاواتی سەربەخۆی کوردستان دەسووڕایەوە. ئامادەبووانیش بە وردی و گرنگییەوە گوێیان لە خوێندنەوە شیعرییەکان دەگرت و بە چەپڵەلێدان و دەربڕینی پێزانین، وەڵامی وێنە شیعرییەکان و دەربڕینە سۆزدارییەکانی شاعیران دەدایەوە. بەم شێوەیە، یادی جگەرخوێن لە تاراوگەدا بە شیعر و وشە زیندوو ڕاگیرا و ناوی ئەو شاعیرە گەورەیە جارێکی دیکە لە نێو کۆمەڵێک لە داهێنەرانی ئەدەبی و ئەدەبدۆستاندا زیندوو کرایەوە.

بەشێک لە وێستگەکانی ژیانی جگەرخوێن

بەڕێز شێخموس حەسەن محەمەد، ناسراو بە جگەرخوێن، یەکێکە لە ناودارترین و کاریگەرترین شاعیرانی کوردی سەدەی بیستەم. بەهۆی شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانییەوە، بە یەکێک لە دەنگە بەرزەکانی شیعری بەرگری و ئازادیخوازیی کوردی دادەنرێت. بەرهەمەکانی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا شوێنێکی تایبەتیان هەیە و تا ئەمڕۆش لە نێو خوێنەران و ئەدەبدۆستاندا گرنگی خۆیان پاراستووە.جگەرخوێن لە ساڵی ١٩٠٣ لە گوندی حەسار، لە نزیکی شاری ماردین لە باکووری کوردستان، لەدایک بووە. لە تەمەنی گەنجیدا، بۆ فێربوونی زانستە ئایینییەکان، حوجرە بە حوجرە گەڕاوە و دواتر بڕوانامەی مەلایەتی وەرگرتووە. لە ژیانی سیاسی و نەتەوەیی خۆیدا بەشداریی لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیراندا کردووە. دواتر، لە ساڵی ١٩٤٦ بەشداریی لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ک.ک کرد و بووە یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. دوای شکستی شۆڕشەکە و ڕووخانی کۆماری کوردستان، ناچار بە کۆچکردن بۆ یەکێتیی سۆڤیەت بوو، لەوێ ماوەیەکی درێژ لە شاری ئەرمینیا نیشتەجێ بوو. لە ساڵی ١٩٦٢، وەک مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی بەغدا وانەی گوتووەتەوە. دوای گەڕانەوەی بۆ قامیشلۆ، لە ساڵی ١٩٦٩ جارێکی دیکە ڕووی کردووەتە باشووری کوردستان و بەشداریی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا کردووە و لە نزیکەوە لەگەڵ بارزانیی نەمر پەیوەندی و هاوکاریی هەبووە.

جگەرخوێن خاوەنی زیاتر لە ٣١ بەرهەمی گرنگە لە بواری جیاوازەکانی ئەدەب، لەوانە دیوانی شیعر، ڕۆمان، مێژوو، فۆلکلۆر و ڕێزمانی کوردی. ئەم بەرهەمانە وەک بەشێک لە سامانی ئەدەبی و کولتووریی کوردی بەجێماون و ڕۆڵێکی گرنگیان لە پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردیدا هەیە.لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٤، جگەرخوێن لە شاری ستۆکهۆڵم، پایتەختی سوید، کۆچی دوایی کرد. دواتر تەرمەکەی گەڕێندرایەوە بۆ شاری قامیشلۆ لە ڕۆژاوای کوردستان و لە حەوشەی ماڵەکەی خۆیدا بە خاک سپێردرا.

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ١٢٧٢ /ش/ ٢٠٢٦
ڕێکەوتی / ١/ ١١ / ٢٠٢٦
ب/ ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو : مللەت ازاد / اللقب / فتاح
ئ‌ێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (١٢٧٢ /ش/٢٠٢٦) ل ڕوژا (٢٠٢٦/١١/١) ژێک ڤەبوونا دادی (تفریق قضائي) دناڤبەرا تە و داواکار (ڕوژبین کامیران سفر) ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامەیێت ڕوژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ئ‌ێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی دابەش کردنی کارەبای هەولێر/٢ کارگێری
ژمارە: ٣٦٦٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٦/١٠/٢٢
داواکاری
تایبەت بە فەرمانبەر (ایات محمد حمه صالح) بە ناونیشانی (ئەندازیار) لە هۆبەی (پلان) بە پێ ی فەرمانی کارگێری ژمارە (٣٣٤٥) لە ٢٠٢٦/١٠/٤ دوای تەواو بوونی مۆڵەتی بێ مووچە ناوبراو کە بۆ ماوەی (٥) ساڵ وەر گرتبوو دەبێت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٩/١٩ دەست بەکار بێت بەڵام بە نەهاتوو بوّی ئەژمار کرا (غیاب) وە تاوەکو ئێستا بە بێ هیچ هۆیەکی گونجاو دەست بەکار نەهێناتەوە بە پێ ی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤) لە سالی (١٩٦٠) وە بە پێ ی گەشتاندنی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥٣٩) لە ٢٠٢٢/٦/٥ ئاگادارتان دەکەینەوە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ دەبێت دەست بەکار بێتەوە بە پێچەوانەوە ڕێککاری کارگێری بەرامبەر ئەنجام دەدرێت بە دەست لەکارکێشاوە (مستقیل) دادەنرێت.
ئەندازیار/ کەمال عساف حسن
بەڕێوەبەری دابەش کردنی کارەبای هەولێر/٢
***
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئابووری و گرێبەستەکان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە/ ٢٦٨٣ ت
ڕێکەوت/ ٢٩ / ١٠ / ٢٠٢٦
ئاگاداری
کەمگەری نهێنی ژمارە (٨ / ٢٠٢٦)
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کەمگەری نهێنی بۆ مەبەستی گواستنەوەی بڕی دیاریکراوی سوتەمەنی (نەوتی سپی-بەنزین-گازئۆیل) بۆ پاڕێزگای دهۆک و دەوروبەرو قەزاو ناحیەکان، بەپێی یاسا ڕادەگەیێنێت جا هەر کۆمپانیایەک ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەم کەمگرییە با سەردانی دیوانی وەزارەت/بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بکات بۆ کرینی تەندەر، وە دواکات بۆ گەرانەوەی تەندەرەکان ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/١١/١٥ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ، بەرەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:
١- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو مۆڵەتی کۆمپانیای لە هەرێم پێشکەش بکات.
٢- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو پۆلینی بەڵێندەرایەتی پلە یەک بێت یاخود مۆڵەتی گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان یان بازرگانی گشتی هەبێت.
٣- کۆمپانیا پێویستە بەلگەی تایبەت بەکاری هاوشێوە لە بواری سوتەمەنی پێشکەش بکات.
٤- کۆمپانیا پێویستە پشتگیری باجی دەرامەت بۆ ساڵی ٢٠٢٦ پێکشەش بکات.
٥- کردنەوەی تەندەر لە دیوانی وەزارەت دەبێت.
٦- نرخی تەندەر ٥٠٠،٠٠٠ پێنج سەد هەزار دیناری عێراقییە کە گەرانەوەی بۆ نیە.
٧- هیچ تەندەرێک لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٨- خەرجیەکانی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کەمگریەکەی بۆ دەردەچێت.
د. خزال عبدالله عوزێر
بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئابووری و گرێبەستەکان
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ١٣٣٩/ش/٢٠٢٦
ڕێکەوتی /١١/١/٢٠٢٦
ب/ ڕاگەهاندن
بو / داوالیکراوی : نوفل محمد یوسف
ل دیف داخوازیا داواکار (محمد ابراهیم اسماعیل) وکێشا ژمارە (١٣٣٩/ش/٢٠٢٦) تێدا داخوازا پەسەندکرنا مارابرینا دەرەکی (تصدیق الزواج الخارجي) ل (١٩٧٢/٥/٢٠) دناڤبەرا وی و تە و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (بیداری) ژمارە (٢١٤٢) ل (٢٠٢٦/١٠/٢٥) و نڤیسارا بەربژارێ تاخنێ (بیدار/٣) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامەیێت ڕوژانە دا ئامادە بی ل ئ‌ێ دادگەهێ ل ڕوژا (٢٠٢٦/١١/٨) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ئ‌ێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
***
سەروکاتیا زانکویا زاخو
بەشێ یاسایی
ژمارە / ٩٩١٠
ڕێککەفت / ١/ ١١ /٢٠٢٦
ب/ ئاگەهداری
بەشێ یاسایی ل زانکویا زاخۆ ڕادگەهینیت سەرئێک زێدەکرنەکا ئاشکرا یاهەی بۆ کرێکرنا ((١٥٥) دونمێن عەردی بۆ چاندنا گەنمی) دناف کەمپا زانکویا زاخۆ دا , هەر کەسەکێ بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەردانا بەشێ یاسایی بکەت ل سەروکاتیا زانکویێ , هەر ژ ڕوژا سێ شەمبێ ل ڕێککەفتی (٢٠٢٦/١١/٣) هەتا ڕوژا چار شەمبێ ل ڕێککەفتی (٢٠٢٦/١١/١٨) سەرئێک زێدەکرنا ئاشکرا دهێتە کرن ل سەروکاتیا زانکۆیێ ل دەمژمێر (٠٩:٣٠) سپێدێ .
تێبینی / ئەو لایەنێ سەرئێک زێدەکرن بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداریێ دەت .
پ.د. محمد حسن خمو
ه . سەروکێ زانکۆیێ
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ١٣٩٤/ش/٢٠٢٦
ڕێکەوتی /١١/١/٢٠٢٦
ب/ ڕاگەهاندن
بو / داوالیکراوی : نظیف سعید احمد
ل دیف داخوازیا داواکار (بیان طه محمد) وکێشا ژمارە (١٣٩٤/ش/٢٠٢٦) تێدا داخوازا پەسەندکرنا مارابرینا دەرەکی (تصدیق الزواج الخارجي) ل (١٩٧٩/١١/٤) دناڤبەرا وی و تە و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (سیالکا) ژمارە (٢٦٨٢) ل (٢٠٢٦/٩/٢٩) و نڤیسارا بەربژارێ تاخنێ (ستێر) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامەیێت ڕوژانە دا ئامادە بی ل ئ‌ێ دادگەهێ ل ڕوژا (٢٠٢٦/١١/٨) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ئ‌ێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
***
دادگەها بەرایی / زاخۆ
ژمارە: ٨٥ / مولک لێسەندن / ٢٠٢٦
مێژوو: ١/ ١١ / ٢٠٢٦
ئاگەهداری
بۆ مولک ژێسەندنەر (المستملك منه) (محمود صالح عیسی) جهێ ئاکنجیبوونا تە یا پێش زاخۆ – خابور و جهێ ئاکنجیبوونا تە یا نوکە نەدیارە.
مولک لێسەندنەر (المستملك) (سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخۆ / زێدەباری کارێ وی) داوایا ژمارە (٨٥ / مولک لێسەندن / ٢٠٢٦) ل سەر تە تۆمارکریە و تێدا داخوازا مولک لێسەندنا دادوەری (الاستملاك القضائي) دکەت ب ڕێکا دادگەها بەرایی زاخۆ لسەر خانوویەرێ ژمارە (٢ / ٧١ کەرتێ روت) و ژبەرکو جهێ ئاکنجیبوونا تە نە دیارە لدویف نڤیسارا بنگەهێ پۆلیسین زاخۆ یا ژمارە (٢٣٤٠) ل ڕێکەفتی ٢٨ / ١٠ / ٢٠٢٦ و هەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ تاخنێ خابور کو تێدا هاتیە دیارکرن ناڤێ وی د تۆمارا تاخنێ مە دا هەیە و مالا خو ژ تاخنێ مە بارکریە و نوکە ژی جهێ ئاکنجیبوونا وی نەدیارە و مە پێزانین لدور نینن، و ژبەر نە دیاربوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە دادگەهێ ل ڕوژا ١ / ١١ / ٢٠٢٦ بریار دا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕوژنامەیەکا نافخۆیی و ڕوژانە دا پاڵپشت ب مادێ (١١) ژ یاسایا مولک لێسەندنی بۆ ئامادەبوونا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل ڕوژا دادبینیێ ڕێکەفتی (١٥ / ١١ / ٢٠٢٦) ل دەمژمێر (٩)ێ سپێدێ و بەروڤاژی دادبینی دێ ب شێوێ پاشملە هێتە ئەنجامدان
دادوەر/ خالد سلیمان مصطفی

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كە كۆمپانیای (المصعد) بۆ (بارزگانی گشتی و خزمەتگوزاری و بارزگانی پارچەی یەدەكی بەرزكەرەوە / سنورداری تایبەت) بریاری گۆرینی (ناوی)ی كۆمپانیای داوە لە كۆمپانیای (المصعد) بۆ كۆمپانیای (منتجات الاطفال)، بۆیە هەر كەسێك ناڕەزایی یان مافێكی لەسەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی كۆمپانیاكانی هەولێر بكاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی برایەتی- بەرامبەر سجنی احداث) بۆ یەكلایكردنەوەی كێشەكان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری كۆمپانیاكانی هەولێر

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی وردبینی

ئاگاداری


وەزارەتی ناوخۆ نیازی فرۆشتنی كۆمەڵێك ماتۆرسیكلی تەلەف كراوی هەیە بە شێوەی پان كردنەوە بۆ جاری یەكەم سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، بەپێی یاسای فرۆشتن و بەكرێدانی مولك و سامانی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ی هەموارکراو لەناو گەراجی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگای هەڵەبجە، لە كاتژمێر (١٠)ی بەیانی رۆژی دووشەممە لە ڕێكەوتی ٢٠٢٦/١١/١٦، لەگەڵ ڕەچاوكردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە بەپێی ڕێنماییە كانی دارایی:
١ - پێشكەشكردنی بارمتەی یاسایی (تأمینات) دەبێت بەشێوەی چەك بێت لە یەكێك لە بانكەكانی حكوومەت بەشێوەی نقدی ایداع بكرێت، مۆری سەفتەجەی لەسەر بێت بەبڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار.
٢- لەسەر كڕیارە لە ماوەی (٥) پێنج رۆژ ئەم (ماتۆرسكیلانە) هەڵبگرن دوای زیادكردنی ناشكرا.
٣- بڕی پارەی فرۆشتنەكە بە پارەی عێراقی بەشێوەی نەختینەیی وەردەگیرێت.
٤- وەرگرتنی ڕێژەی (٢٪) لە كۆی فرۆشتنەكە بەزیادە دەبێت.
٥- بڕی پارەی فرۆشتنەكە و ڕێژەی (٢٪) بە پارەی عێراقی و نەختینەیی وەردەگیرێت.
٦- گشت خەرجییەكانی بڵاوكردنەوەی زیادكردنی ناشكرا لە رۆژنامە دەكەوێتە ئەستۆی كڕیار.
٦- گشت خەرجییەكانی تەلەف كردن و گواستنەوەو قەپان دەكەوێتە ئەستۆی كڕیار.


هێمن میرانی
بەڕێوەبەری گشتی دیوان

لاپەڕەی کتێب

ئامادەکردنی: جەمال گردەسۆری

گرنگی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی چاپکراوی نوێ دەدات و بەپێی دەرفەت قسە لەبارەی کتێب دەکات. بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی چاپکردنی هەر کتێبێك دەتوانن پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بکەن: 07504545271





لەم ماوەیەدا لەسەر ئەرکی بەڕێز (ئومێد خۆشناو) پارێزگاری هەولێر، لە یادی (105) ساڵەی بەپارێزگەبوونی هەولێر، 1919 - 2024، کتێبی تازەچاپکراو: هەولێری جوان سایەی ژیان، هۆنراوەو ئامادەکردنی: کازم کۆیی، قەبارە: ناوەند، 94 لاپەڕە، تیراژ: 1000 دانە، لەنێو بەرگێکی ڕازاوەو شیاو بەچەند وێنەیەکی شاری هەولێر، چاپکراو کەوتە بەردەستی خوێنەران.

هەولێری جوان سایەی ژیان

ناوەڕۆك: کوردستان، شاری هەولێر، چەند زانیارییەکی گرنگ لەسەر هەولێر، باسێك و تێبینیەك و ڕاو سەرنجێك دەربارەی ناوی (هەولێر) و (21) تیشکەکەی ئاڵای کوردستان، لیستی ناوی پارێزگارەکانی هەولێر کەبریتین لە: ئەحمەد عوسمان 1923 - 1927، عەبدولمەجید یەعقوبی 1927 - 1930، عەبدولحەمید سرسر 1930 - 1930، جەلال بابان 1932 - 1932، مەحمود فەخری 1932 - 1935، ئەحمەد تۆفیق 1935 - 1939، سالح زەکی 1939 - 1941، مستەفا یەعقوبی 1941 - 1943، مستەفا قەرەداغی 1943 - 1944، وەفیق حەبیب 1944 - 1944، سەعید قەزاز 1944 - 1947، جەمال عومەر نەزمی 1947 - 1947، حەسەن تاڵەبانی 1948 - 1948، مستەفا قەرەداغی 1948 - 1950، نەجمەدین سائیب 1950 - 1952، ڕەشید نەجیب 1952 - 1953، ئیسماعیل حەقی 1953 - 1956، عەبدولحەلیم ئەلسەنەوی 1956 - 1956، خالد نەقشبەندی 1956 - 1958، عەلائەدین مەحمود 1958 - 1962، بەدرەدین عەلی 1962 - 1964، یونس حوسێن 1964 - 1964، عەبدولمونعیم المصرف 1964 - 1968، موحەممەد ئەمین فەرەج 1968 - 1970، خالید عەبدولحەلیم 1970 - 1970، عەبدولوهاب ئەتروشی 1970 - 1974، سیروان جاف 1974 - 1974، جەلال خۆشناو 1974 - 1975، موحەممەد عەلی ئەمین 1975 - 1977، ئیسماعیل ڕەسوڵ ئەحمەد 1977 - 1978، بەهادین ئەحمەد 1978 - 1980، یەحیا جاف 1980 - 1984، ئیبراهیم موحەممەد حەسەن زەنگەنە 1985 - 1988، یەحیا جاف 1988 - 1990، مونزیر نەقشبەندی 1991 - 1991، عەبدولمەهیمەن بارزانی 1992 - 1994، خورشید شێرە 1994 - 1996، فرەنسۆ هەریری 1996 - 2000، ئەکرەم مەنتك 2000 - 2004، نەوزاد هادی 2004 - 2019، د. فرسەت سۆفی 2019 - 2020، ئومێد خۆشناو 2021 - بەردەوامە، نووسەر لەچەند دێڕێکدا، بەشێك لەکارو چالاکییەکانی نووسەر.

چەند هۆنراوەیەك بەناوی: خۆم و خاك، کوردستان، هەولێر، (هەولێر) ی پایتەخت، هەولێری دێرین، هەولێر گەشاوە، ئاڵاو ئازادی، کارتێکی جەژنانە، بۆ/ تاکەی، دوا هەوار، سایەی نیشتمان، دەواری پێکەوە ژیان، چرای نیشتمان، شای شاران، خاکی پیرۆز، هەولێری شانازی، هەواری ئاشتی.

بۆ شاری هەولێر هاتووە: شاری هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، دەکەوێتە نێوان هێلەکانی (1/ 36م) باکوورو هێلی درێژی (2/ 42) ڕۆژهەڵات، (414م) لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.


لەدیرۆکی دێرین و لەلای مێژوو نووسان، هەولێر وەکو کۆنترین شاری دونیا ناسراوە کە ئاوەدانی لێ نەبڕاوە، سەردەم و شارستانی جۆراو جۆری بەخۆوە بینیون، بۆ ماوەیەکی زۆر یەك لەمەڵبەندە ئاشوریەکان بووە، هەتا لەساڵی (612پ.ز) دەکەوێتە بن دەستی میدیەکان.

بەدرێژایی سەردەمە جیاجیاکان چەندان کەسایەتی ڕۆشنبیری و ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم شارەدا هەڵکەوتوون و دەرکەوتوون کەهەریەکەیان شوێن پەنجەی خۆی بەسەر مێژووی کوردستان و ناوچەکەوە بەجێهێشتووە کە دیارترینیان: ئیبنولمستەوفی و سولتان موزەفەر و بنەماڵەی خەلەکانیەکان و حەیدەریەکان و چەندان کەسایەتی و زانای دیکە، کە مزگەوت و خانەقا و تەکیەو حوجرەو قوتابخانەکانیان کردبووە شوێنی پێگەیاندنی چەندان نەوە لەدەڤەرەکەدا، ئەمەش دواتر کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی کە هەولێر ببێتە پێگەیەکی بەهێزی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و سیاسی و پێکەوە ژیان.

نمونەیەك لەهۆنراوەکانی:

هەولێر گەشاوە و جوانە	پایتەختی کوردستانە
شارێکی ئاشتی ویستە	ڕازاوەو خۆشەویستە
شاری قەڵاو مناڕە	مێژووی دێرین و دیارە
هەولێر ژینگەی هەمووانی	شاری پێکەوە ژیانی
بژی شاری گەشتیاری	هەولێری کوردەواری
بژی کوردستانی جوان	یەکەمین لانەی ژیان

دەستخۆشی و پیرۆزبایی لەنووسەر دەکەین و بەهیوای چەندین چاپکراوی دیکە.



لەم ماوەیەدا لەبڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، کتێبی تازەچاپکراو: مێژووی پێشمەرگە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بۆ عێراقی ئەمڕۆ، نووسینی: مایکڵ جی لۆرتز، بەکوردیکردنی لە ئینگلیزییەوە: پ. ی. د. ماجد خەلیل، قەبارە: ناوەند، 240 لاپەڕە، تیراژ: 1000 دانە، لەنێو بەرگێکی شیاوو ڕازاوە، لەچاپخانەی: دانیشفەڕ- هەولێر، چاپکراو کەوتە بەردەستی خوێنەران.

مێژووی پێشمەرگە
لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بۆ عێراقی ئەمڕۆ

پێرست: جگە لە پێشەکی وەرگێڕ، کورتەی توێژینەوە، ئەنجام و سەرچاوەکان، بریتییە لە سێ بەش.

* بەشی یەکەم: نەزمی جەنگاوەرانی کورد و بایەخی پێشمەرگە، پێشمەرگە یانی سەربازی کوردی کوردستانی عێراق.

* بەشی دووەم: پێشینەی پێشمەرگە (1890 - 1958)، هێزە کوردییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، سەرهەڵدانی شێخ مەحمودی بەرزنجی، ڕاپەڕینی شێخ سەعید، خۆبیوون (ڕاپەڕینی ئارارات)، دەسپێکی ناو و ناوبانگی بارزانیی، سەرهەڵدانەوەی هێزەکانی بارزانی و ڕاپەڕینی بارزان (1943 - 1945)، کۆماری کوردستان لە مهاباد، سەربردە و ململانێ میلیتارییەکانی پاش کەوتنی مهاباد، پێشمەرگە لە یەکێتیی سۆڤیەت (1947 - 1958)دا.

* بەشی سێیەم: پێشمەرگە لە عێراقی نوێدا (1958 - 2003)، شەڕی کورد- عێراق (1961 - 1970)، لێکترازانی ڕێزەکانی پێشمەرگە، شەڕی دووەمی کورد و عێراق (1974 - 1975)، دامەزاندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، شاری هەولێر، چەند زانیارییەکی گرنگ لەسەر هەولێر، باسێك و تێبینیەك و ڕاو سەرنجێك دەربارەی ناوی (هەولێر) و (21) تیشکەکەی ئاڵای کوردستان، لیستی ناوی پارێزگارەکانی هەولێر کەبریتین لە: ئەحمەد عوسمان 1923 - 1927، عەبدولمەجید یەعقوبی 1927 - 1930، عەبدولحەمید سرسر 1930 - 1930، جەلال بابان 1932 - 1932، مەحمود فەخری 1932 - 1935، ئەحمەد تۆفیق 1935 - 1939، سالح زەکی 1939 - 1941، مستەفا یەعقوبی 1941 - 1943، مستەفا قەرەداغی 1943 - 1944، وەفیق حەبیب 1944 - 1944، سەعید قەزاز 1944 - 1947، جەمال عومەر نەزمی 1947 - 1947، حەسەن تاڵەبانی 1948 - 1948، مستەفا قەرەداغی 1948 - 1950، نەجمەدین سائیب 1950 - 1952، ڕەشید نەجیب 1952 - 1953، ئیسماعیل حەقی 1953 - 1956، عەبدولحەلیم ئەلسەنەوی 1956 - 1956، خالد نەقشبەندی 1956 - 1958، عەلائەدین مەحمود 1958 - 1962، بەدرەدین عەلی 1962 - 1964، یونس حوسێن 1964 - 1964، عەبدولمونعیم المصرف 1964 - 1968، موحەممەد ئەمین فەرەج 1968 - 1970، خالید عەبدولحەلیم 1970 - 1970، عەبدولوهاب ئەتروشی 1970 - 1974، سیروان جاف 1974 - 1974، جەلال خۆشناو 1974 - 1975، موحەممەد عەلی ئەمین 1975 - 1977، ئیسماعیل ڕەسوڵ ئەحمەد 1977 - 1978، بەهادین ئەحمەد 1978 - 1980، یەحیا جاف 1980 - 1984، ئیبراهیم موحەممەد حەسەن زەنگەنە 1985 - 1988، یەحیا جاف 1988 - 1990، مونزیر نەقشبەندی 1991 - 1991، عەبدولمەهیمەن بارزانی 1992 - 1994، خورشید شێرە 1994 - 1996، فرەنسۆ هەریری 1996 - 2000، ئەکرەم مەنتك 2000 - 2004، نەوزاد هادی 2004 - 2019، د. فرسەت سۆفی 2019 - 2020، ئومێد خۆشناو 2021 - بەردەوامە، نووسەر لەچەند دێڕێکدا، بەشێك لەکارو چالاکییەکانی نووسەر.

چەند هۆنراوەیەك بەناوی: خۆم و خاك، کوردستان، هەولێر، (هەولێر) ی پایتەخت، هەولێری دێرین، هەولێر گەشاوە، ئاڵاو ئازادی، کارتێکی جەژنانە، بۆ/ تاکەی، دوا هەوار، سایەی نیشتمان، دەواری پێکەوە ژیان، چرای نیشتمان، شای شاران، خاکی پیرۆز، هەولێری شانازی، هەواری ئاشتی.

بۆ شاری هەولێر هاتووە: شاری هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، دەکەوێتە نێوان هێلەکانی (1/ 36م) باکوورو هێلی درێژی (2/ 42) ڕۆژهەڵات، (414م) لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.


لەدیرۆکی دێرین و لەلای مێژوو نووسان، هەولێر وەکو کۆنترین شاری دونیا ناسراوە کە ئاوەدانی لێ نەبڕاوە، سەردەم و شارستانی جۆراو جۆری بەخۆوە بینیون، بۆ ماوەیەکی زۆر یەك لەمەڵبەندە ئاشوریەکان بووە، هەتا لەساڵی (612پ.ز) دەکەوێتە بن دەستی میدیەکان.

بەدرێژایی سەردەمە جیاجیاکان چەندان کەسایەتی ڕۆشنبیری و ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم شارەدا هەڵکەوتوون و دەرکەوتوون کەهەریەکەیان شوێن پەنجەی خۆی بەسەر مێژووی کوردستان و ناوچەکەوە بەجێهێشتووە کە دیارترینیان: ئیبنولمستەوفی و سولتان موزەفەر و بنەماڵەی خەلەکانیەکان و حەیدەریەکان و چەندان کەسایەتی و زانای دیکە، کە مزگەوت و خانەقا و تەکیەو حوجرەو قوتابخانەکانیان کردبووە شوێنی پێگەیاندنی چەندان نەوە لەدەڤەرەکەدا، ئەمەش دواتر کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی کە هەولێر ببێتە پێگەیەکی بەهێزی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و سیاسی و پێکەوە ژیان.

نمونەیەك لەهۆنراوەکانی:

هەولێر گەشاوە و جوانە	پایتەختی کوردستانە
شارێکی ئاشتی ویستە	ڕازاوەو خۆشەویستە
شاری قەڵاو مناڕە	مێژووی دێرین و دیارە
هەولێر ژینگەی هەمووانی	شاری پێکەوە ژیانی
بژی شاری گەشتیاری	هەولێری کوردەواری
بژی کوردستانی جوان	یەکەمین لانەی ژیان

دەستخۆشی و پیرۆزبایی لەنووسەر دەکەین و بەهیوای چەندین چاپکراوی دیکە.



ڕەهەندەکانی گۆڕانی چێژی ئیستاتیکی لە گۆرانیی هاوچەرخی کوردیدا

لەم ڕۆژانەدا لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، کتێبی تازەچاپکراو: ڕەهەندەکانی گۆڕانی چێژی ئیستاتیکی لە گۆرانیی کوردیدا، نووسینی: ئاشنا عومەر حەمە، بابەت: توێژینەوە، قەبارە: گەورە، تیراژ: 500 دانە، لەنێو بەرگێکی شیاو و ڕازاوە، لەچاپخانەی: هێڤی- هەولێر، چاپکراو کەوتە بەردەستی خوێنەران.

ئەم توێژینەوەیە لە بنەڕەتدا نامەیەکی ماستەرە بەسەرپەرشتی (پ. د. سەنگەر حاجی).

ناوەڕۆك: لیستی هێماکان، بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە، پێشەکی، بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆریی، بەشی سێیەم: پراکتیزەکردنی بنەماکانی گۆڕانی چێژ لە چەند نموونەیەکی گۆرانیی هاوچەرخی کوردیدا (2000- 2021)، بەشی چوارەم: چوارچێوەی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە، بەشی پێنجەم: ئەنجام و دەرئەنجامی توێژینەوە، لیستی سەرچاوەکان، پاشکۆ.

لە دەرەنجام هاتووە: بەپێی ڕاپرسیی ئەنجامدراو زۆرینەی زۆری خەڵکی لەگەڵ ئەوەن کە گۆڕان لە گۆرانی کوردیدا ڕوویداوە و گۆڕانکارییەکانیش بەهۆی هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەرین و ئەو گۆڕانانانەی ڕووشیانداوە نزیکەی نیوەی پرسیارلێکراوان بە نەرێنی دەزانن و بەشێکی زۆریش بە ئاسایی دەبینن و کەمینەیەکیش پێیان وایە گۆڕانەکان ئەرێنین.

- زیاتر لە سەتا هەشتاوپێنجی پرسیارلێکراوان لە هونەرمەند و خەڵکی ئاسایی لەسەر ئەو باوەڕەن کە چێژی وەرگری کورد گۆڕاوە و نیوە زیاتری پرسیارلێکراوانیش پێیان وایە گۆڕان لە چێژی وەرگری کورد، گۆڕانێکی نەرێنییە.

- بە پێی ڕاپرسییەکە تا ئێستای لەگەڵ بێت زیاتر لە سەتا شەستی گۆێگری کورد گوێ لە گۆرانی کۆن دەگرێ و ئەمەش بۆ نزمی ئاستی گۆرانی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە لە چاو گۆرانی کۆن.

- زۆرینەی زۆری پرسیارلێکراوان هۆکاری زوو بەسەرچوونی گۆرانیی هاوچەرخ دەگەڕێننەوە بۆ سێکوچکەی دەنگی ناخۆش و تێکستی خراپ و ئاوازی وەرگیراو.

- سەرووی سەتا نەوەتی پرسیارلێکراوان چێژوەرگرتن بە هۆکاری گۆێگرتن لە گۆرانی دەزانن، ئەمەش بایەخی چێژوەرگرتن لە کاری هونەری بە گشتی و گۆرانی بە تایبەتی دەردەخات.

- نزیکەی نیوەی هونەرمەندانی کورد لە کاتی بەرهەمهێنانی گۆرانیدا چێژی ئیستاتیکی لەبەرچاو ناگرن و بەرهەمەکەیان بەو شێوەیە دێننە ئارا کە خۆیان پەسندی دەکەن.

- سەرووی سەتا نەوەتی پرسیارلێکراوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە گۆرانی و میوزیکی دەوروبەر کاریگەریی لەسەر گۆڕانی گۆرانی و میوزیکی کوردی هەبووە، ئەمەش مانای وایە موزیك و گۆرانی دەوروبەر گۆڕانی لە چێژ و بینینی ئیستاتیکییانەی گۆرانیبێژ و وەرگری کورد کردووە، ئەمە بۆ موزیك و ستایل و گۆرانی بیانیش ڕاستە.

- نزیکەی سەتا هەشتای پرسیارلێکراوان بەکارهێنانی ئامێری میوزیکی نوێی دونیا بە هۆکاری گۆڕانی گۆرانی و چێژی ئیستاتیکی دەزانن.

هەروا توێژەر پێشنیازەکات: لە نێوپرۆگرامەکانی خوێندنی کۆلێژ و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، وانەیەکی تایبەت بە میوزیك و گۆرانیی هاوچەرخ و ستایلە هاوچەرخییەکان بە شێوەی زانستی پێشکەش بە فێرخوازان بکرێت، بۆ ئەوەی فێرخوازان لە دوای دەرچوونیان ئەگەر کاریان لەسەر هونەری هاوچەرخ ئەنجامدا، زانیاری تەواویان هەبێت و بە شێوەی زانستی و ئەکادیمی هاوچەرخ بەرهەمەکانیان بەرهەم بێنن.

- وانەیەکی تایبەت بە موزیك و گۆرانی لە نێو ناوەندەکانی خوێندن دابنرێت، چونکە لە ڕێگەی ناوەندەکانی خوێندن دەتوانرێت کار بکرێتە سەر فێرخوازان، بە شێوەیەك پەروەردە بکرێن کە گوێ لە چ جۆرێك گۆرانییەك بگرن، مەرجیش ئەوە بێت دەرچوانی کۆلێژ و پەیمانگە هونەرییەکان وانەی تایبەت بە پەروەردی موزیك بڵێنەوە.

- هونەرمەندان، لەکاتی بەرهەمهێنانی گۆرانییەکانیان، ڕەچاوی لایەنی جوانیناسی، چێژ، هەستی گوێگر بکەن.

- وەزارەتی ڕۆشنبیری فلتەری تەواوی ڕەچاوی بەرهەمهێنانی کارەکانیان بکەن کە چی بەرهەم دەهێنن، بە تایبەتی کەناڵە بینرا و بیستراوەکان، تایبەتر کەناڵ (یوتیوب).

- کۆنگرەی نیشتمانی ئەنجام بدرێت و تایبەت بێت بە هونەرەکان بەگشتی و هونەری گۆرانی و موزیك بە تایبەتی، ئەم کۆنگرە نیشتمانییە هونەرمەندانی هەرچوار پارچەی کوردستان بەشداربن، تێیدا بنەمای گۆرانی کوردی تێدا یەکلابکرێتەوە، پێویستە بە کۆی دەنگی ئەندامانی بەشداربوو ڕێنمایی و بنەما و پێوەر بۆ گۆرانی و گۆرانیی هاوچەرخی کوردی دابنرێت.

- هونەرمەندانی گۆرانییێژ بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی هونەریی، کار لەسەر بنەمای زاستی میوزیکی بکەن، موزیکی بەرهەمەکانیان بە نۆتەی میوزیکی بنووسرێتەوە نەك بەگوێ (سماع)ی.

دەستخۆشی و پیرۆزبایی لەنووسەر دەکەین و بەهیوای چاپکراوی تر، نەخشە لە دکتۆرای بێت.

www.xebat.net
دووشەممە 2ی تشرینی دووەم 2026 ژمارە(7323)
خەبات

کەساسیی نوخبەکانی ئەورووپا

ڕستەکەی ماکرۆن (هیچ شتێک ڕوونی ناکاتەوە) و کارل پۆپەر و پارادۆکسی ئەورووپی پاش پێنج سەدە لە شۆڕشی هزری

خالید سالح
بەشی دووەم

ئەوەی دۆیچ یارمەتیدەرە لە ڕوونکردنەوەیدا و ئەوەی ناتوانێت ڕوونی بکاتەوە

پۆپەر یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی پێویستە دامەزراوەکان کراوە بن بەرامبەر ڕەخنە. بەڵام دەیڤید دۆیچ پرسیارێکی پەیوەندیداری دیکە تیژتر دەکاتەوە: چی وا دەکات ڕوونکردنەوەکان توانای گەشەکردنیان هەبێت؟لە کتێبی «سەرەتای بێکۆتایی»دا، دەیڤید دۆیچ ئاماژە بە وەرچەرخانێکی یەکلاکەرەوە دەکات: ئەو نەریتانەی کە تێیاندا خەڵک دەتوانن زانیاریی ڕوونکردنەوەیی دروست بکەن و بیخەنە ژێر ڕەخنەوە، پێشکەوتنی کراوە دەکەنە شتێکی گونجاو. ڕوونکردنەوە باشەکان تەنها چیرۆکێک نین کە لەگەڵ ئەو شتانەدا بگونجێن کە پێشتر تێبینییان کردوون؛ بەڵکو وردەکارییەکانیان بەستراوەتەوە بەو شتەی کە بانگەشەی ڕوونکردنەوەی دەکەن و دەستکاریکردنیان ئەستەمە بێ ئەوەی هێزی ڕوونکردنەوەیی خۆیان لەدەست بدەن. شۆڕشی زانستی و سەردەمی ڕۆشنگەری یارمەتیدەر بوون لە چەسپاندنی نەریتگەلێک کە تێیاندا ئیتر دەسەڵات نەدەبووە خاوەنی قسەی کۆتایی لەبارەی حەقیقەتەوە. ئەمە گۆڕانکارییەکی سیحراوی نەبوو کە ئەورووپییەکان بکاتە بوونەوەرێکی عەقڵانیی ڕەها و تەنها لە تاقیگەشدا قەتیس نەمابووەوە؛ چونکە دامەزراوە سیاسی و ئەخلاقییەکانیش بەهۆی بیرۆکەکانی لێبوردەیی، سنووردارکردنی دەستووری، ڕەخنەی گشتی و مافە تاکەکەسییەکانەوە گۆڕانکارییان بەسەردا هات. لە ڕاستیدا توانای لادانی دەسەڵاتداران بەبێ ڕشتنی خوێن، جەوهەری چەمکی پۆپەرە بۆ پێشکەوتنی دیموکراسی. یەکێتیی ئەورووپا و دامەزراوەکانی دوای جەنگ، ئیستسنایەکی ڕێکەوت نین لە میژووی توندوتیژیدا، بەڵکو لەو دیاردانەن کە هەر ڕوونکردنەوەیەکی جددی پێویستە لەخۆیان بگرێت. هەروەها زانستیش پارێزبەندییەکی خۆکاری لە دەمارگیری نییە؛ کۆمەڵگە زانستییەکانیش دەتوانن بەرگری لە پێگەی خۆیان بکەن، ڕەخنە سەرکوت بکەن، یان کۆدەنگی لەگەڵ بەڵگەدا تێکەڵ بکەن. جیاوازییەکە لێرەدا پەیوەندی بە بەهێزی و بەردەستبوونی میکانیزمەکانی ڕاستکردنەوەوە هەیە، نەک سروشتی ئەخلاقیی چینە پیشەییەکان.لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو نەریتانەی کە تێڕوانییە زانستییەکانی پێ دەپارێزرێن، هاوپەیانێتییەکانی پێ ڕادەگیرێن، یان حکومەتەکانی پێ دەڕووخێنرێن. لەبەر ئەوە دەکرێت زانین لە چوارچێوەیەکی دامەزراوەییدا بەرهەم بهێنرێت لە کاتێکدا دەسەڵاتی سیاسی لە چوارچێوەیەکی تەواو جیاوازدا کار دەکات. ئەم جیاوازییە خاڵی دەستپێکی گریمانەیەکە، نەک بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەری.

پارادۆکسی ئەورووپی

ئێستا ئیتر پارادۆکسەکە بە ڕوونی دەردەکەوێت: ئەوروپا یارمەتیدەر بوو لە پەرەپێدانی هەندێک لە گرنگترین پراکتیزە مرۆییەکان بۆ دۆزینەوەی هەڵەکان؛ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەندێک بواری دیاریکراودا، دەکرێت دامەزراوە سیاسییەکانی بە شێوەیەکی توند دووڵ بن لە بەکارهێنانی ئەو پراکتیزانە لەسەر گریمانە حوکمڕانەکانی خۆیان. حکومەتێک دەتوانێت سەدان ڕاپۆرت بڵاوبکاتەوە بێ ئەوەی کەمترین شتی لێوە فێربێت. پەرلەمانێک دەتوانێت بۆ دەیان ساڵ مشتومڕ لەسەر پرسێک بکات لە کاتێکدا پرسیارە هۆکارییە بنەڕەتییەکان بە هەڵواسراوی دەمێننەوە. پسپۆڕێک دەتوانێت سەرمایەیەکی زمانەوانیی سەرسوڕهێنەری هەبێت، کەچی بە گۆڕینی بابەتەکە لە کاتی دەرکەوتنی بەڵگەی پێچەوانەدا، بەرگری لە ڕوونکردنەوەیەکی لەرزۆک بکات.هیچ کامی لەمانە تەنها تایبەت نییە بە ئەورووپا؛ چونکە سیستەمە سیاسییەکان لە هەموو شوێنێک پاڵنەریان هەیە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان. بەڵام میراتی هزریی ئەورووپا وا دەکات ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی تایبەت ئاشکرا و ڕوون بێت. شارستانییەتێک کە ستایشی عەقڵ دەکات دەبێت بتوانێت جیاوازی لە نێوان عەقڵ و بەرگریکردن لە ناوبانگی دامەزراوەیی بکات. کۆمارێک کە داوای کەرامەتی مرۆڤ دەکات دەبێت بپرسێت ئایا دەنگی ئەو کەسانەی زۆرترین زیانیان لە شکستەکانی بەرکەوتووە بەڕاستی دەبیسترێت؟ و دیموکراسییەک کە ڕێز لە لێپرسینەوە دەگرێت، دەبێت جیاوازی لە نێوان سزادانی هەڵبژاردن و ئەو ئەرکە سەختترە بکات کە بریتییە لە دۆزینەوەی ئەوەی کە هەڵەکە لە بنەڕەتدا چۆن ڕوویداوە. من دەمەوێت بەرەنگاری تەماحیکی دووەمیش ببمەوە: ئەویش هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو شتێک لە ڕێگەی تەنها یەک مشتومڕی سیاسیی باوەوە. کۆچەری کلیلی سیحریی میژووی ئەورووپا نییە، هەروەها نایەکسانی، عەلمانییەت، ئایین، بیرۆکراسی، جیهانگیری، یان پووکانەوەی گوایەی نەوەیەک لە نەوەکان. هەریەک لەم هۆکارانە لەوانەیە لە بارودۆخێکی تایبەتدا گرنگ بن. بەڵام ڕوونکردنەوەیەکی گشتگیر کە هەرگیز ناچار نەبێت میکانیزمی کارکردنی خۆی دیاری بکات، زۆرجار تەنها دروشمێکە کە تەماحی هزریی هەیە.لە جیاتی ئەوە، من دەمەوێت سێ کەیسی جیاواز بپشکنم - فەرەنسا، بەریتانیا، و سوید - نەک وەک بەڵگەیەک بۆ یەک هۆکاری تاقانە، بەڵکو وەک نموونەیەک بۆ مۆدێلێکی دامەزراوەیی ئەگەری. لە هەر کەیسێکدا، پرسیارە جەوهەرییەکە لەوەدایە کە چی ڕوویداوە کاتێک واقیع بەرەنگاری ڕوونکردنەوەیەکی پەسەندکراو بووەتەوە. ئەم کەیسانە لە یەکتر جیاوازن؛ و ئەگەر ئەم گریمانەیە سوودی هەبێت، دەبێت ئەو جیاوازییانە ڕوون بکاتەوە نەک بیسڕێتەوە.

کاتێک ئەورووپا لیژنەیەک پێکدەهێنێت

ئەم کێشەیە تەنها لە شکستە دەنگپێداوەکانی بواری جەنگ یان سەلامەتیی گشتیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو دەکرێت لە ڕۆتینی هێمنی حوکمڕانی و کارگێڕیشدا دەربکەوێت.گۆڕانییەکی تەنزئامێز کە بەم دواییانە لەژێر ناوی «ئەورووپا لیژنەیەکی پێکهێنا» بڵاوکرایەوە، دەستنیشانکردنێکی کۆمیدی بۆ ئەورووپای هاوچەرخ پێشکەش دەکات؛ چونکە بیرۆکە گاڵتەئامێزەکەی لەسەر ئەوە بنیات نراوە کە هەر کاتێک داهێنانی تەکنەلۆژی لە شوێنەکانی دیکە خێراتر دەبێت، ئەورووپا بە پەلە لیژنەیەکی نوێ پێکدەهێنێت.ئەم گاڵتەیە سەردەگرێت چونکە دەست دەخاتە سەر نیگەرانییەکی بەرجەستە: کاتێک شارستانییەتێک یارمەتیدەر بوو لە پەرەپێدانی نەریتە زانستییەکان کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی مۆدێرن لەسەری بنیات نرا، ئەمڕۆ بە شێوەیەکی بەرچاو بە ڕێکخستن و یاساداناں بۆ ئەو داهێنانانەوە سەرقاڵە کە لە شوێنانی تر پەرەیان پێدەدرێت. بەڵام گاڵتەجارِی ڕوونکردنەوە نییە؛ چونکە ڕێکخستن و یاسا دەتوانێت مرۆڤ لە تەکنەلۆژیای مەترسیدار بپارێزێت، کێبڕکێ بپارێزێت و ڕێگری لە چڕبوونەوەی دەسەڵات بکات. پرسیارە ڕاستەقینەکە ئەوە نییە کە ئایا ئەورووپا زیادەڕۆیی لە یاساداناندا دەکات یان ئەمەریکا لە داهێنانداً لەپێشترە؛ بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا دامەزراوە ئەورووپییەکان دەتوانن جیاوازی لە نێوان ئەو یاسایانە بکەن کە کێشەی ڕاستەقینە چارەسەر دەکەن و ئەو یاسایانەی کە تەنها لەبەر ئەوە دەمێننەوە کە ئەو دامەزراوانەی بەڕێوەیان دەبەن بوونەتە زیندانیی چارەسەرەکانی خۆیان؟ئەمەش دەمگەڕێنێتەوە بۆ کێشە ناتەواوەکەی ڕۆشنگەری: توانای ڕەخنەگرتن لە تیۆرییەکی زانستی بە شێوەیەکی خۆکار ئەو توانستە دامەزراوەییە دروست ناکات کە ڕەخنە لە ڕێسایەکی ڕێکخستن، پابەندبوونێکی سیاسی، یان دابەشکارییەکی ئیستای دەسەڵات بگرێت.

لەوانەیە گرنگترین پرسیار ئەوە نەبێت بۆچی ئەورووپا لیژنە پێکدەهێنێت، بەڵکو ئەوە بێت چی ڕوودەدات کاتێک لیژنەکە بۆی دەردەکەوێت ئەو کێشەیەی بۆ چارەسەرکردنی پێکهێنرابوو گۆڕاوە یان ئەوەی کە چارەسەرەکەی خۆی بووەتە بەشێک لە کێشەکە؟

گریمانەی ڕۆشنگەریی ناهاوسەنگ

من پێویستم بە گریمانەیەک هەیە کە بتوانێت پێشکەوتنی ڕاستەقینەی ئەورووپا و قەبارەی ناهاوسەنگی دامەزراوە چاکسازییەکانی بە یەکەوە ڕوون بکاتەوە، بێ ئەوەی ڕۆشنگەری بکاتە چارەنووسێکی حەتمیی میژوویی. ڕۆشنگەری نەریتگەلێکی خولقاند کە توانای بەدەستهێنانی پێشکەوتنی کەڵەکەبووی ڕوونکردنەوەییان هەبوو، بەڵام توانای ئەو نەریتانە بۆ گەیشتن بە بڕیارە سیاسییە چارەنووسسازەکان و تەحەداکردن و ڕاستکردنەوەیان بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ گەشەی کرد. لە هەر شوێنێک کە دامەزراوە سیاسییەکان بانگەشە یان بڕیارەکانی خۆیان لە ڕەخنەی کاریگەر پاراستبێت، هەڵەکان بەردەوام بوون و لە هەر شوێنێکیش مەعریفەی زانستی و تەکنەلۆژی بە جیاواز لەو چاودێرییانە فراوان بووبێت، دەرەنجامەکانی هەڵەی سیاسی بەرفراوانتر و کەمتر قەرەبووکراوە بوونەتەوە. ئەمە «گریمانەی ڕۆشنگەریی ناهاوسەنگ»ە. من ئەمە وەک ڕوونکردنەوەیەکی پێشنیارکراو دەخەمە ڕوو، نەک وەک یاسایەکی دۆزراوەی میژوویی. ئەمە پەیوەندی بە گواستنەوەی ڕەخنەوە هەیە بەسەر سنوورە دامەزراوەییەکاندا. ئەم گریمانەیە نالێت زانایان باشن و سیاسەتمەداران گێلن؛ چونکە زانایانیش بەرگری لە پێگەی خۆیان دەکەن و ڕەخنەش سەرکوت دەکەن، هەروەها دامەزراوە سیاسییەکانیش توانای فێربوون، خۆگونجاندن و بەرهەمهێنانی مەعریفەیان هەیە. گریمانەکە تەنها دەپرسێت: بۆچی ڕەخنە هەندێک جار ئەوەی کارەکتەرە بەهێزەکان دەیکەن دەگۆڕێت، لە کاتێکدا هەندێک جاری دیکە ناتوانێت بگاتە ئەو بڕیارەی کە پێویستی بە گۆڕانکارییە؟ئەم میکانیزمە پێویستی بە چەند هەنگاوێکە: دەسەڵاتێکی سیاسی سیاسەتێک یان دۆکترینێک دەگرێتەبەر. ئەم بڕیارە دەبەسترێتەوە بە ئاسایش، پێگە، پۆست، شەرعییەت، یان مانەوەی ئیئتیلافی حوکمڕان. دواتر بەڵگەکانی شکست دەردەکەون؛ لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە ئەو کەسانەی زیانیان لە سیاسەتەکە بەرکەوتووە هێزی ئەوەیان نەبێت دەسەڵات ناچار بە پێداچوونەوە بکەن، لە کاتێکدا ئەوانەی دەسەڵاتی دەستکاریکردنیان هەیە لە کاتی دانان بە هەڵەدا ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە. لەوانەیە ڕەخنە بوونی هەبێت، تەنانەت بە زۆریش، بەڵام ناتوانێت بڕیارەکە بە شێوەیەکی جێی متمانە بگۆڕێت. لەم نێوەندەدا، پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان خێرایی و مەودا و هێزی وێرانکاریی ڕێکارەکانی دەسەڵات زیاد دەکەن. بەم شێوەیە ڕوونکردنەوەیەکی زانستیی دروست دەتوانێت لە تەنیشت هەڵەیەکی سیاسیی ڕاستنەکراوەدا بژی.ئەمەش پێشبینییەکی جیاکەرەوە بەم گریمانەیە دەبەخشێت: لەو شوێنانەی کە هۆشداریەکان توانیویانە بگەنە بڕیاربەدەستان، تەحەدای گریمانە حوکمڕانەکان بکەن و بەبێ سزادانی گەیەنەری پەیامەکە دەست بە پێداچوونەوە بکەن، دەبێت بە شێوەیەکی گشتی ڕاگرتنی هەڵە هاوشێوەکان ئاسانتر بووبێت بەراورد بەو حاڵەتانەی کە ئەو کەناڵانە تێیاندا داخرابوون. ئەم پێشبینییە دەبێت لە ڕێگەی بەراوردکردنی لەگەڵ ڕوونکردنەوە ڕکابەرەکاندا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، نەک لە پێشوەختەوە لە دەرئەنجامەکەیەوە دروستییەکەی فەرز بکرێت.ئەم میکانیزمە گشتگیر نییە و بە تەنیاش بەس نییە؛ چونکە دەبێت کێبڕکێ لەگەڵ ئەو ڕوونکردنەوانەدا بکات کە لەسەر بنەمای نائەمنی ستراتیژی، شکستی پابەندبوونی جێی متمانە، کێشەکانی دانوستان، بەرژەوەندییە ئابووریییەکان، ئایدیۆلۆژیا و نەبوونی دەسەڵاتێکی نێودەوڵەتیی جێبەجێکاری جێی متمانە دامەزراون. هەندێک جار ئەو بەدیلانە ڕوونکردنەوەیەکی باشتر پێشکەش دەکەن. ئەرکی من ئەوەیە بزانم کەی سنووردارکردنی ڕاستکردنەوەی سیاسی بەشداریەکی جیاواز لە ڕوونکردنەوەکەدا دەکات.

جەنگی سی ساڵە: دەسەڵات و ڕێککەوتنی جێی متمانە

گریمانەکە پێویستی بە تاقیکردنەوەی میژوویی هەیە؛ چونکە ناتوانێت تەنها لەبەر ئەوەی زاراوەکانی جوان دیارن، متمانە بەدەست بهێنێت.جەنگی سی ساڵە لە ساڵی ١٦١٨ لە گەرمەی مللانێ دەستووری و ئایینییەکانی ناو ئیمپراتۆریەتیی پیرۆزی ڕۆمادا دەستی پێکرد و گۆڕا بۆ مللانێیەکی فراوانتر کە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان، تەماحی ناوچەیی و هاوسەنگیی هێزەکانی ئەورووپای گرتەوە. ناکرێت وێرانکارییەکە تەنها بەوە ڕوون بکرێتەوە کە خەڵک باوەڕی بێ گومانیان هەبووە؛ چونکە پابەندبوونە سیاسییەکان، پاڵنەرە سەربازییەکان، هاوپەیانێتییەکان و متمانەی ڕێککەوتنەکان کێشی یەکلاکەرەوەیان هەبوو. لێرەدا تاقیکردنەوە وردەکە بەرتەسکتر: ئایا دەسەڵاتی ئایینی و بنەماڵەیی دامەزراوەیی ڕێککەوتنە گونجاوەکانی دەکردە شتێکی نەپەژرێنراو، یان کۆتوبەندە سەربازی و ستراتیژییەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڕێگرییان لەوە دەکرد؟ ئەگەر گریمانەکەم نەتوانێت جیاوازی لە نێوان ئەم میکانیزمانەدا بکات، ئەوا هیچی ڕوون نەکردووەتەوە.پەیمانی وێستفالیا لە ساڵی ١٦٤٨ گرنگییەکی زۆری هەیە؛ چونکە مللانێکە لە ڕێگەی دانوستان و ڕێکخستنی سیاسییەوە کۆتایی هات، نەک لە ڕێگەی گۆڕانی هەموو لایەنەکان بۆ یەک باوەڕی ئایینی. میژووی جەنگ میژووی سازش و ڕێککەوتنیشە و هەر گێڕانەوەیەک بۆ شکستی ئەورووپا لە ڕاستکردنەوەی هەڵە سیاسییەکانیدا، پێویستە ڕوونی بکاتەوە کە چۆن ڕاستکردنەوە هەندێک جار بووەتە شتێکی گونجاو.

شۆڕش و ئیمپراتۆرییەت: کاتێک چارەسەر دەسەڵاتی پیرۆز وەردەگرێت

شۆڕشی فەرەنسا تەحەدای ئیمتیازاتە بۆماوەییەکان و دەسەڵاتی پاشایەتی کرد، بەڵام سیاسەتی شۆڕشگێڕانە سەردەمی تیرۆر و لە کۆتاییشدا، ڕژێمێکی ئیمپراتۆری بە سەرۆکایەتی ناپلیۆنی بەرهەمهێنا. ڕووخاندنی دامەزراوەیەکی کۆن ئەوە مسۆگەر ناکات کە بەدیلەکەی لەبەردەم ڕەخنەدا کراوە دەمێنێتەوە. ڕێکارە چارەسەرییە پێشنیارکراوەکە دەکرێت بەرگی ڕزگاریخوازی بەسەردا بدرێت و دەسەڵاتێکی سەربەخۆی دڵسۆزی وەربگرێت، لەو کاتەشدا ڕەخنەگرتن لە شێوازەکانی ڕەنگە وەک دژایەتیکردنی ئامانجە ڕزگاریخوازە سەرەتاییەکەی لێک بدرێتەوە.ئەمە ئەگەرێکی لاوەکییە کە من ناوی دەنێم «دەستبەسەرداگرتنی چارەسەر» ئەویش ئەوەیە کە ڕێککەوتنێکی سیاسی دەست بکات بە پاراستنی خۆی لەو بەڵگانەی کە دەیسەلمێنن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی لە پێناویدا دروست بووە، شکستی هێناوە. سەرەڕای ئەوەش، شەڕەکانی ناپلیۆن هاوپەیانێتیی بیانی، تەماحی سەربازی و لێکدانەوەی جیۆپۆلەتیکیشیان لەخۆدەگرت. چەمکی «دەستبەسەرداگرتنی چارەسەر» تەنها شایەنی تاقیکردنەوەیە ئەگەر بتوانێت ئەو بڕیارانە ڕوون بکاتەوە کە ئەو هۆکارانەی تر نەیانتوانیوە بە باشی ڕوونیان بکەنەوە.

١٩١٤: کاتێک مەعریفە نەیتوانی ڕێگری لە کارەسات بکات

ئەورووپا لە ساڵی ١٩١٤ خاوەنی زانکۆ، پیشەسازیی پێشکەوتوو، بیرۆکراسیی پەرەسەندوو و دەستکەوتی زانستی بوو کە سەدەکانی پێشتر نەیاندەتوانی وێنای بکەن. کەچی هیچ کام لەمانە گەرەنتیی بڕیاردانی ژیرانەیان لەسەر کێشەی سەفەربەرلیکی گشتی، هاوپەیانێتییەکان یان جەنگ نەکرد. جەنگی جیهانیی یەکەم تاقیکردنەوەیەکی سەختە چونکە ناتوانرێت تەنها بە دوژمنایەتیی یەک ڕژێم بەرامبەر بە ڕەخنە ڕوون بکرێتەوە؛ چونکە چەندین حکومەت ڕووبەڕووی نادڵنیایی، ترسی ستراتیژی، ڕۆتینی ڕێکخراوەیی و پاڵنەرگەلێک بوونەوە کە وایان دەکرد دواکەوتن و سازشکردن وەک شتێکی یەکجار مەترسیدار دەربکەوێت.

فۆرمولەیەکی بەهێزی گریمانەکەم پێویستی بەوەیە بپرسێت: هۆشدارییەکان لە کوێ بوون؟ ئایا توانییان بگەنە بڕیاربەدەستان؟ و ئایا دامەزراوە سیاسی و سەربازییەکان ڕێگەیان دا ئەو هۆشدارییانە پلانەکان هەموار بکەنەوە؟ بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت دان بەوەشدا بنێت کە ڕەنگە هەندێک لە سەرکردەکان لە ژێر گومانی ڕاستەقینەدا بڕیاری سامناکیان دابێت، نەک لەبەر ئەوەی دۆکترینێکی پیرۆزکراویان پەرستبێت. ڕوونکردنەوە پێویستی بە دووبارە بنیاتنانەوەی ئەو بەدیلانە هەیە کە لەبەردەستیاندا بووە، نەک مەحکومکردنیان لە دوای ڕووداوەکان بەهۆی نەتوانینیان لە خوێندنەوەی غەیب و داهاتوو.



کاریکاتێر

ڕوانگەیەکی دێرین و زۆر کۆنی خۆر لە مەکسیکدا دۆزرایەوە



شوێنەوارناسەکان کە کۆمەڵە دامەزراوەیەکی کۆن لە ناوچەی (تیتیلز دی ئاڤیلا) یان (Teteles de Ávila) لە (مەکسیک)، نزیکەی 2500 ساڵ لەمەوبەر یان دۆزیەتەوە وەک ڕوانگەیەکی خۆر بەکارهاتووە.

دیزاینی بیناکان ڕێگەی بە خەڵکی ئەو سەردەمە داوە شوێنی هەڵاتنی خۆر چاودێری بکەن و بەرواری گرنگەکانی ساڵنامە دیاری بکەن؛ لە سەرەتای ساڵەوە تا وەرزی دروێنە.

ئەم دۆزینەوەیە لە پارێزگای پۆبلا (Puebla)ی مەکسیکە و کۆمەڵە بیناکە بە گومانەوە لە نێوان ساڵانی 1000 تا 600 پێش زایین دروستکراوەو ئەمە یەکەم پەیکەرە مێژوویی لەم جۆرەیە کە لە دەرەوەی ناوچەی کلاسیکی مایا دۆزراوەتەوە و ئەمەش تێگەیشتنمان لە مێژووی گەشەکردنی زانستی فەلەکناسی لە ئەمریکای ناوەڕاست دەگۆڕێت.

کۆمەڵە بیناکە لە حەوشەیەکی چوارگۆشەو دوو بینا پێکدێت: پلاتفۆرمێکی ڕۆژهەڵاتی بە قەبارەی 90 × 40 مەتر و بینایەکی بچووکتری ڕۆژئاوایی بە قەبارەی 46 × 27 مەتر، کە وەک ناوەندی ڕوانگەکردن بەکارهاتووە.

شوێن و ڕێکخستنی ئەم بینایانە ڕێگەی بە خەڵک داوە گۆڕانکارییەکانی شوێنی هەڵاتنی خۆر لە درێژایی ساڵدا چاودێری بکەن و بەرواری گرنگەکانی ساڵنامە، لەوانە سەرەتای ساڵ لە مانگی شوبات و وەرزی دروێنە لە مانگی تشرینی یەکەم، دیاری بکەن.

بەپێی (پەیمانگەی نیشتمانیی ئەنتڕۆپۆلۆجیا و مێژووی مەکسیک) (INAH)، ئەم کۆمەڵە بینایە لە ڕووی شێوەی بیناسازییەوە لەگەڵ چاودێرگە کۆنەکانی (مایا)، وەک (ڕوانگەی هواکساکتون) لە (گواتیمالا)، هاوشێوەیە، بەڵام تایبەتمەندیی ناوچەیی خۆی هەیە و نزیکەی دوو هێندەی ئەو چاودێرگەیە گەورەترە. ئەم دۆزینەوەیە دەریدەخات کە زانستی فەلەکناسیی و دروستکردنی ساڵنامەی ورد تەنها لە نێو شارستانییەتی (مایا) سنووردار نەبووە، بەڵکو لەوانەیە لە نێوان کۆمەڵگە کۆنەکانی دیکەش بڵاو بووبێتەوە، لەوانە باوباپیرانی گەلەکانی (تۆتۆناک و هواستێک).

لەگەڵ ئەوەی ژمارەیان لەسەر زەویدا یەکجار زۆر کەم و دەگمەنە!

نەیزەکەکانی مانگ بۆ مێژووە جیۆلۆجییەکەی نایابترین تۆماری لێکۆڵینەوەن



نەیزەکە دەگمەنەکانی مانگ زانیاری زۆر گرنگ دەربارەی پەرەسەندنی مانگ دەستەبەر دەکەن و دیدێکی گشتگیرتر پێشکەش دەکەن و هەرچەندە تەنها 835 نەیزەکی کەوتووی مانگ لەسەر زەوی پشتڕاستکراونەتەوە (کە دەکاتە 0.7٪ی کۆی نەیزەکەکانی زەوی)، بەڵام لە ڕووی زانستییەوە زۆر بەنرخن.

بە پێچەوانەی ئەرکەکانی ئەپۆلۆ (Apollo) کە نمونەکانیان لە ناوچەیەکی نائاسایی ڕووی مانگ کۆکردەوە، نەیزەکەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە سەرانسەری ڕووی مانگەوە دەگەنە زەوی، بە دیوە نادیارەکەشییەوەو زۆربەی ئەم نەیزەکانەش لە بیابانەکان و کیشوەری بەستووی باشوور، واتە (ئەنتارکتیکا) دۆزراونەتەوەو زانایان پێیان وایە تێگەیشتنمان بۆ مانگ زۆر جیاواز دەبوو ئەگەر پێش (ئەرکەکانی ئەپۆلۆ) لێکۆڵینەوەمان لەم نەیزەکانە بکردبایە.

ئەم نەیزەکانەی مانگ یارمەتیدەرن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە ئاڵۆزەکانی پەیوەست بە دروستبوونی تویکڵی دێرینی ئەو تاقە پاشکۆیەمان و تاقیکردنەوەی گریمانەی «زەریای ماگمایی مانگ».

گەورەترین ئاستەنگ لەم بابەتەدا ئەوەیە کە شوێنی دروستی سەرچاوەی ئەم نەیزەکانە لەسەر مانگ نازانرێت، ئەمەش وەک ونبوونی پارچەی ناوەڕاستی مەتەڵێک وایە، سەرەڕای ئەوەش، لێکۆڵینەوە لەم نموونانە دەتوانێت نهێنییە گەورەکانی پێکهاتەی ناوەوەی مانگ و مێژووە گەرمییەکەی بۆ مرۆڤایەتی ئاشکرا بکات

(سعوودیە)ش بەدوای شارستانییە هۆشمەندەکانی گەردووندا دەگەڕێ!



(عەرەبستانی سعوودی) لە ڕێگەی دامەزراندنی جووتێک لە ئامێری پشکنەری ناسراو بە «LaserSETI» لە ناوچەی «مەنارەی عولا»، بە فەرمی چووە نێو هەوڵە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی (پەرنامەی گەڕان بەدوای شارستانییەتە هۆشمەندەکانی دەرەوەی زەوی) ی ناسراو بە (SETI).

ئەم وێستگەیە، کە بە تەواوی کەووتووەتە کار، دەبێتە یەکەمین بنکەی ئەم تۆڕە لە ئاسیاو پێنجەمین لەسەر ئاستی جیهان لە دوای (کالیفۆرنیا، هاوایی، پۆرتۆ ڕیکۆ و ئەریزۆنا).

ئامانجی ئەم تۆڕە چاودێریکردنی بەردەوامی تەواوی ئاسمانە بۆ تۆمارکردنی تیشکە لێزەرییەکان و جیاکردنەوەیان لە تیشکی سروشتیی ئەستێرەکان. ئامێرەکان بە خەرجییەکی کەم و بە بەکارهێنانی هاوێنەی بازرگانی، تەکنەلۆژیای سێ ڕەهەندی و کۆمپیوتەری بەهێز دروست کراون تا زانیاریەکان دەستبەجێ شیکاری بکەن بەبێ پێویست بوون بە خەزنکردنی گرانبەها. ناوچەی مێژوویی (عولا)، کە لە لیستی کەلەپووری (یونسکۆ) دایە و خاوەن ئاسمانێکی تاریکی گونجاوە بۆ کاری ڕوانگەکردنی فەلەکیی و دەبێتە یەکەمین ناوەندی گەورەی فەلەکناسیی سعوودیە و لە داهاتووشدا تەلیسکۆپی گەورەتری لێ جێگیر دەکرێت و میواندارێکردنی ئەم پڕۆژەیە بەشێکە لە گۆڕانکاری و ئاراستەی نوێی سعوودیە بۆ وەبەرهێنان لە زانست، تەکنەلۆژیا و توێژینەوەی گەردوونی و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت.

دیمەنێک لە ڕۆمانی خەیاڵی زانستی Dune بووە ڕاستیی!

ڕۆبۆتێک ماددەی ئاسن لە نێو لمی بیاباندا دەردەهێنێت



زانایانی چینی ڕۆبۆتێکی زنجیرەڕەوی خۆڕۆیشتوویان دروست کردووە کە دەتوانێت لە ناوچە بیابانییەکاندا بجوڵێت و ماددە ئاسنینەکان لە لم جیا بکاتەوە.

بەپێی ڕۆژنامەی (South China Morning Post) ئەم ڕۆبۆتە لە (بیابانی تاکلاماکان)، لە (ناوچەی ئۆیغوریی شینجیانگی) چین، لەژێر تاقیکردنەوەدایەو لەلایەن زانایانی (زانکۆی تاریم) ەوە پەرەی پێدراوە و تەکنەلۆژیای جیاکردنەوەی وشکی موگناتیسی بەکاردەهێنێت بۆ دەرهێنانی ورده ماددە ئاسنینییەکان لە لمدا.

بەپێی هەندێ توێژینەوە، ڕێژەی ئاسن لە لمی ئەم بیابانە نزیکەی 6%، بەڵام بڵاوبوونەوەی ماددە ئاسنینییەکان بە شێوەیەکی پەرتەوازەو دژواری کۆکردنەوەیان، بەربەست بووە لەبەردەم بەکارهێنانی کاریگەریی سەرچاوەکە.

دروست کردووە کە لە بازنەیەک لە موگناتیسی هەمیشەیی سوود لە پێکهاتەی (نیۆدیمیۆم)، (ئاسن و بۆرۆن) دا وەردەگرێت.

لە حوزەیرانی 2025 دا، تیمەکە نموونەیەکی سەرەتایی ڕۆبۆتەکەی تاقیکردەوە و توانای جوڵان لەسەر لم و بڕی وزەی بەکارهاتووی هەڵسەنگاندو شیکردنەوەی ماددە موگناتیسییە دەرهێنراوەکان دەریخست کە ڕێژەی گشتیی ئاسن لە دوو نموونەدا بە نزیکەی 24٪ و 32٪ گەیشتووەو تاقیکردنەوەکان هێشتا بەردەوامن.

ئەم ڕۆبۆتە بیرمان دەخاتەوە لە ڕۆمانی زانستیخەیاڵی (Dune)ی (فرانک هێربەرت)، کە تێیدا ئامێرە گەورە جووڵاوەکان لە لمی هەسارەیەکی خەیاڵیدا ماددەیەکی بەهادار دەردەهێنن و ئەوەتا، بەهەمان شێوە، ڕۆبۆتە چنییەکە لە بیاباندا دەجوڵێت و سەرچاوەیەکی بەهادار لە لمدا دەردەهێنێت.

ئاوی هەسارەی زەوی لەکوێ هاتووە؟

تاقیکردنەوەیەک نهێنیی سەرەتای دەرکەوتنی دەریاکان ڕوونتر دەکاتەوە



بۆ دەیان ساڵ زانایان سەرقاڵی پرسیاری سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی بوون، بەو پێیەی هەسارەکەمان لە ژینگەیەکی زۆر گەرمدا دروست بووە.

سەرەتا وای بۆ دەچوون کە کلکدار و هەسارۆکەکان ئاوەکەیان گەیاندووەتە زەوی، بەڵام توێژینەوەیەکی نوێ لە زانکۆی (نیو مەکسیکۆ) ئەگەرێکی جیاواز دەخاتە ڕوو.

تاقیکردنەوەکان دەریانخست کە بەردە دەوڵەمەندەکان بە ئاسن دەتوانن لەگەڵ گازی هایدرۆجین لە پلەی گەرمی بەرزدا کارلێک بکەن و هەڵمی ئاو بەرهەم بهێنن و کاتێک زەوی لە قۆناغی گەشەکردندا بوو، ڕەنگە بەرگەهەواکەی دەوڵەمەند بووبێت بە هایدرۆجین و تێکەڵبوونی لەگەڵ ورده بەردەکان بووە هۆی دروستکردنی بڕێکی زۆر لە ئاو لە چەند خولەکێکدا، کە بڕەکەی دەگاتە ئاستی بارستایی سەدان دەریا!

ئەم توێژینەوەیە ڕۆڵی کلکدارەکان ناچەسپێنێت، بەڵکو سیناریۆیەکی نوێ زیاد دەکات؛ کە ئاوی زەوی تەنها بەدیاری لە بۆشایی ئاسمانەوە نەکەوتووە، بەڵکو بەشێکی لەناو خودی گەرمای دروستبوونی هەسارەکەدا درستبووە.

لەم سۆنگەیەوە زانایان دەڵێن ئەگەر ئەمە بە تەواوی ڕاست بێت، بوونی ئاو لەسەر هەسارە بەردینییەکان لە گەردوونداد دەکرێت باوتر بێت لەوەی پێشتر بیری لێدەکرایەوە.

داهێنانێکی نوێ

تەمەنی پاتریی‌یەکانی زینک درێژتر دەکاتەوە

توێژەرانی چینی لە (زانکۆی تەکنەلۆژیای کیمیایی پەکین) توانیان ڕێگەیەکی کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمبوونەوەی کارایی لە پاتریی‌یەکانی زینک و سانی ئۆکسیدی مانگنەیز دەدۆزنەوە.

ئەم پاتریی‌انە کە بە شێوەیەکی فراوان لە ئامێرە ڕۆژانەکاندا بەکاردێن، لە داهاتوودا دەتوانن ببنە یارمەتیدەرێکی گەورە بۆ عەمبارکردنی کارەبای بەرهەمهاتوو لە سەرچاوە نوێبووەوەکان وەک خۆر و تەوژمی با، بەڵام کێشەی سەرەکییان دابەزینی کارایی‌یان بوو لە کاتی دووبارە پڕکردنەوەدا.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، تیمە توێژەرەکە تاکە گەردیلەی (کۆبالت) یان خستە ناو پێکهاتەی (دووەم ئۆکسیدی مانگنەیز)، ئەمەش ژینگەی ئەلیکترۆنی و بەستەرە گەردیلەییەکانی ناو ماددەکەی گۆڕی و ئەم دەستکارییە ڕێگەیدا کارلێکە کیمیایی‌یەکان بە شێوازێکی زۆر باشتر بەڕێوەبچن. بەگوێرەی ئەنجامی توێژینەوەکە کە لە گۆڤاری (نانۆ مایکرو لترز) بڵاوکراوەتەوە، پاتریی‌یە پێشکەوتووەکە توانیویەتی بڕی 658 میلی ئەمپێر کاتژمێر بۆ هەر گرامێک تۆمار بکات، هاوکات تێپەڕاندنی 15000 خولی پڕکردنەوەو بەتاڵکردنەوە.

سەرەڕای ئەوەی ئەم ئەنجامانە هێشتا لە قۆناغی تاقیگەییدان و پێویستیان بە هەڵسەنگاندنی بازرگانی هەیە، بەڵام داهێنانەکە گرنگیی ئەندازیاری گەردیلەیی بۆ بەرزکردنەوەی توانای عەمبارکردنی وزە دەردەخات.



www.xebat.net
خەبات | دووشەممە 2ی تشرینی دووەم 2026 ژمارە(7323)

سلێمانی پلەی دووەمی پاڵەوانێتیی تێنسی سەرمێزی عێراقی بەدەستهێنا

خەبات- سەرهەنگ نەجمەدین

بەسەرپەرشتی یەکێتی تێنسی سەرمێزی عێراق، پاڵەوانێتی تێنسی سەرمێزی عێراق، لە شاری بەغدا، بەبەشداریی زیاتر لە 10 یانە، بەڕێوەچوو.

ئەنجامە فەرمییەکان بەم شێوەیە بوون:

* پیاوان:

پلەی یەکەم: غازی باشوور

پلەی دووەم: سلێمانی

پلەی سێیەم: هێزەکانی جەماوەری

*ئافرەتان:

پلەی یەکەم: غازی باشوور

پلەی دووەم: کارەبا

پلەی سێیەم: بەسرە

هەردە رەئووف سەرۆکی یەکێتی تنیسی سەرمێزی عێراق لەبارەی ڕێکسختنی پاڵەوانێتیەکە بۆ میدیاکان ڕایگەیاند: یانە بەشداربووەکان ئاستێکی بەرزی ئامادەکاری و توانای تەکنیکی و ئاستی یاریان پێشکەش کرد، کە بووە هۆی دروستبوونی یاریەکی پڕ لە جوڵە و ڕکابەرییەکی نزیک لە نێوان یاریزانان، بەتایبەتی یانەی سلێمانی توانی ئاستێکی نایاب و بەرز پێشکەش بکات و پلەی دووەمی تێنسی سەرمێزی عێراق بەشایستەیی بەدەست بهێنێت. جەختی لەوەکردەوە کە ئەم پاڵەوانێتییە هەڵێکی گرنگ بوو بۆ دەرخستنی تواناکانی یاریزانان و بەهێزکردنی پەیوەندییە وەرزشییەکان لە نێوان سەرجەم یانەکانی عێراق.



یانەی هەولێر لە نێوان خەرجییە گەورەکان و ئەنجامە لاوازەکاندا



خەبات- سەرهەنگ نەجمەدین

پاش دەستبەکاربوونی ڕاهێنەر لوئەی سەڵاح بۆ ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی هەولێر، هاندەرانی یانەی هەولێر چاوەڕوانی بینینی تیپێکی بەهێز و ڕکابەر دەکەن، ئەنجامەکانی دوایی تیپەکە پرسیارێکی جدییان لەبارەی ئامادەکاری، پلاندانان و شێوازی بەڕێوەبردنی یانەکە دروست کردووە، سەرەڕای خەرجکردنی پارەی بەرچاو بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ یاریزانانی ناوخۆیی و بیانی، هەولێر هێشتا نەیتوانیوە ئەو ئاستەی کە هاندەران چاوەڕوانی دەکەن پێشکەش بکات، ئەم دۆخە تەنها کێشەیەکی پەیوەندیدار بە ئەنجامی چەند یاریەک نییە، بەڵکوو پرسیارەکە دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای دروستکردنی تیپێك کە بتوانێت لە ئاستی پێشبڕکێکانی خولی ئەستێرەکانی عێراق بەردەوام بێت بەپێی ئامارەکان، هەولێر لە کۆتا شەش یاریدا تەنها چوار خاڵی 5 خاڵی بەدەستهێناوە، بە تۆمارکردنی سێ شکست، دوو یەکسانبوون و تەنها یەک بردنەوە، ئەم ئەنجامانە بوونەتە هۆی زیادبوونی ڕەخنەکان لە ئاستی گشتی تیپ و توانای دەستەی ستافی ڕاهێنەران بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لە ڕووی کارگێڕی و داراییەوە، یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی یانەی هەولێر ئەوەیە کە خەرجییەکانی یانەکە بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ یاریزانانی نوێی ناوخۆیی و بیانییە بەشێوەیەکی یەکجار زۆر پارە خەرج کراوە، بەڵام ئەنجامەکانی یاریەکان تا ئێستا ئەوەیان نیشان نەداوە کە ئەم خەرجییانە بووبێتنە هۆی دروستکردنی تیپێکی هاوسەنگ و خاوەن توانای کێبڕکێکردن، بەتایبەتی لە نێو خاڵەکانی لاوازیی تیپەکەدا، کێشەی هێڵی بەرگری، هەڵە تاکەکەسییەکان و نەبوونی کاریگەریی پێویست لە هێڵی هێرشدا زیاتر بەرچاو دەکەون، لەم کاتەدا یانەکە پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی جدی لە سیاسەتی گرێبەستکردن و پلانی درێژخایەنی هەیە، چونکە تەنها خەرجکردنی پارە ناتوانێت دڵنیایی لە سەرکەوتنی تیپێک دروست بکات، بەڵکوو پێویستی بە هاوئاهەنگیی نێوان کارگێڕی، کادری ڕاهێنان و یاریزانان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دەستەی کارگێڕیی یانەکە بە شێوەیەکی ڕوون هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی ئێستای تیپەکە بکات و هەنگاوی کرداری بۆ چاککردنی ئاستی یاری و گەڕاندنەوەی متمانەی هاندەران بنێت.

یانەیەکی بەڕازیلی گرێبەستی مێسی ڕاگەیاند

یانەیەکی بەڕازیلی گواستنەوەی لیۆنێل میسی ئەستێرەی یانەی ئینتەرمیامی ڕاگەیاند، بەپێی بەیاننامەیەک لە پێگەی فەرمی خۆی، لە ڕاگەیاندنێکی سەرسوڕهێنەردا بۆ هاندەرانی ئەفسانەی ئەرجەنتینی.

ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی بڵاویکردەوە، پێشتر ماڵپەڕی فەرمی یانەی کۆرینتیانی بەڕازیلی هاککراوە.

هاککەرەکان بەیاننامەیەکی وردیان بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەیان بەوە کردووە کە یانەکە گرێبەستی لەگەڵ لیۆنێل میسی واژۆ کردووە، بەمەش دەبێتە گەورەترین گرێبەستی تیپەکە تا ساڵی ٢٠٢٧.

ڕاگەیاندنە ساختەکە وردەکارییەکانی ئەو گرێبەستە گوماناوییە و ئەو لێدوانانەی لەخۆگرتبوو کە دەگەڕێندرێنەوە بۆ ئەستێرە تەمەن ٣٩ ساڵەکە، کە گوایە تیایدا خۆشحاڵیی خۆی بۆ یاریکردن لە خولی بەڕازیلی دەربڕیوە.

هەروەها هاککەرەکان وردەکارییەکانی ئەو ڕێککەوتنە دارایییانەی کە گوایە ئەنجامدراون، خستۆتە ڕوو و ئیدیعایان کردووە کە یارمەتی کۆرینتیانزیان داوە بۆ دەستەبەرکردنی واژۆی میسی سەرەڕای تێچووی زۆری گواستنەوەی لەو شێوەیە. ئاماژەی بەوەش کردووە، ئەو ڕاگەیاندنە بەشێک لە هاندەرانی یانە بەڕازیلییەکەی تووشی سەرسوڕمان کردووە پێش ئەوەی دوای ماوەیەکی کەم بسڕدرێتەوە.







لێکۆڵینەوە لە ئەنجامەکانی باڵۆن دۆر دەکرێت

ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی ئاشکرایکردووە، گۆڤاری فرانس فوتبۆڵ لێکۆڵینەوەی لە شێوازی گەوکردن لە دەوروبەری ئەنجامەکانی ئەمساڵی تۆپی ئاڵتوونی دەستپێکردووە.

ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی بڵاویکردەوە، 12 ئەکاونت گرەویان کردووە بە کۆی گشتی زیاتر لە 264 هەزار دۆلار لە پلاتفۆرمی پێشبینیکردنی پۆلیمارکێت کە لەسەر بنەمای دراوی کریپتۆیە پێش ئاهەنگی تۆپی زێڕین.

ڕاپۆرتە کە بەوەشکردووە، پێنج سەرەکیی کۆتایی باڵۆن دۆر ڕێک گرەوانە پێشبینییان بەدواداچوونێکی ماڵپەڕی لە لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوتووە کە چالاکییەکانی ئەو ١٢ ئەکاونتە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەیەک دەچن، ئەمەش وایکردووە لێکۆڵەران گومانیان هەبێت. کە ڕەنگە هەموویان پەیوەندییان بە یەک تاکەوە هەبێت.

هانسی فلیک: گرنگترین شت دەستەبەرکردنی سێ خاڵەکەیە

هانسی فلیکی ڕاهێنەری یانەی بەرشەلۆنە ڕەزامەندییەکی بێئەندازەی خۆی دەربڕی بەهۆی بردنەوە گەورەکەی تیپەکە بەرامبەر دیپۆرتیڤۆ ئالاڤێس لە خولی ئیسپانیا بە ئەنجامی ٦-١.

فلیک ڕوونیشیکردەوە، ئەم بردنەوەیە 100هەمین سەرکەوتنی لەگەڵ یانە کەتەلۆنییەکەدا تۆمارکردووە، ئەوەش دووپاتی کردەوە کە دەستەبەرکردنی ئەو سێ خاڵە لە پێشینەی کارەکانی بووە، بەتایبەتی دوای دوو دۆڕان.

ڕاهێنەرە ئەڵمانییەکە هەروەها ستایشی ئاستی یاریزانە لاوەکانی برایان فاریناس و فرێنکی دی یۆنگی کرد و ڕازیبوونی تەواوی خۆی دەربڕی لە چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ تاکتیکەکانی بەرامبەر و بە شێوەیەکی کاریگەر فەزای کراوەی ناو یاریگایان قۆستەوە.

لە کۆتاییدا جەختی لەسەر گرنگیی تەواوەتی تیپەکە کردەوە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بۆ ئامادەکاری بۆ یاریەکەیان بەرامبەر ئەستۆن ڤیلا لە چامپیۆنزلیگ.

فەرامۆشکردنی یاریەکانی گۆڕەپان و مەیدان لەپای چی؟



فەرهاد ئەکرەم

لە کوردستاندا، کاتێک باس لە وەرزش دەکرێت، زۆرجار بیرمان دەچێتەوە سەر تۆپی پێ، بەڵام پرسیارێکی گرنگ لێرەدا هەیە: بۆچی یاریەکانی گۆڕەپان و مەیدان، کە بنەمای سەرەکی وەرزشی جیهانن، تا ئەم ڕادەیە فەرامۆش کراون؟ ئایا کوردستان تەنها شوێنی پەرەپێدانی تۆپی پێیە؟ ئایا لە نێو هەزاران گەنجی کورددا هیچ توانایەکی وەرزشی نییە بۆ ڕاکردن، بازدان، هاویشتنی گۆی ئاسن، دیسک و ڕکابەرییەکانی تری گۆڕەپان و مەیدان؟

بەداخەوە، ئەم جۆرە وەرزشانە لە زۆرێک لە پلان و پڕۆژە وەرزشییەکاندا شوێنێکی شایستەیان نییە. نە گرنگیی پێویستیان پێ دەدرێت، نە یاریگای ستانداردیان بۆ دروست دەکرێت، نە پشتگیریی مادیی و ئەکادیمیی پێویست بۆ ڕاهێنەران و یاریزانان دابین دەکرێت.

کێ بەرپرسیارە لە فەرامۆشکردنی ئەم وەرزشانە؟ یەکێتییە وەرزشییەکان، وەزارەتی وەرزش و لاوان، فیدراسیۆنە پەیوەندیدارەکان و دەسەڵاتدارانی وەرزش پێویستە بە ڕوونی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە.

بۆچی هەموو سەرنج و بودجە و توانا کان دەخرێنە سەر تۆپی پێ، بەڵام وەرزشەکانی تر بە تەنها دەهێڵدرێنەوە؟

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، گۆڕەپان و مەیدان بنەمای دروستکردنی وەرزشوانی نیشتمانییە، قوتابخانەکان، زانکۆکان و یانەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە دۆزینەوە و پەرەپێدانی بەهرەی گەنجان، بەڵام لە کوردستاندا هێشتا ئەم بابەتە پێویستی بە هەنگاوی کرداری و بڕیاری جدی هەیە. ئەمە تەنها فەرامۆشکردنی چەند یارییەکی وەرزشی نییە، بەڵکو فەرامۆشکردنی بەهرە و داهاتووی نەوەیەکی گەنجە.

ئەگەر ئەمڕۆ بۆ ئەم وەرزشانە پلانی درێژخایەن دانەنرێت، سبەی چۆن دەتوانین چاوەڕێی دەرکەوتنی پاڵەوانی کورد بکەین لە ئاستی ئاسیا و جیهان؟

داواکاریی ئێمە ڕوونە:

* دروستکردنی یاریگای ستانداردی گۆڕەپان و مەیدان.

* گەڕاندنەوەی ڕکابەرییەکانی ناو قوتابخانە و زانکۆکان.

* پشتگیریی دارایی و تەکنیکی لە یاریزان و ڕاهێنەران.

* دانانی پلانی درێژخایەن بۆ پەرەپێدانی ئەم وەرزشانە.

لە کۆتاییدا، پێویستە بڵێین: وەرزش تەنها تۆپی پێ نییە، کوردستان پێویستی بە هەموو جۆرە وەرزشێک هەیە، چونکە پێشکەوتنی وەرزش بە تۆپی پێ تەنها پێوانە ناکرێت.

ئەگەر بەرپرسان ناتوانن گرنگی بە گۆڕەپان و مەیدان بدەن، ئەوا دەبێت ئەو پرسیارەیان لێ بکرێت: بۆچی وەرزشی کوردستان بە یەک لق وەرزشی سنووردار دەکەن؟ وەرزشوانانی گۆڕەپان و مەیدانیش مافیان هەیە، بەهرەکانیان شایانی پشتگیرییە و داهاتوویان نابێت ببێتە قوربانیی بێپلان و بێهیوایی.

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
salamomer42@gmail.com

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

KHABAT info@xebat.net www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT 4.4.1959
تا ژیان بەردەوام بێ خەبات بەردەوامە
Mon.2 Nov. 2026 No.:(7323)

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرانبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
سەرنووسەر: 07504459940 - 07702969696
بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

جریوە

لە X ەوە

دۆناڵد تەرمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند، ئەمەریکا بەشێکی زۆری توانا سەربازییەکانی ئێرانی لەناوبردووە، بەڵام هێشتا ناچاربوو «مامەڵە لەگەڵ» یەک یان دوو ئامانج بکات.
تەرمپ ڕۆژی شەممە دووپاتی کردەوە کە دانوستانەکان لەگەڵ ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە «بە باشی بەڕێوەدەچێت، بەڵام وەک دەزانن بە تەواوی جێی متمانە نین». دووپاتیشی کردەوە کە ئەمەریکا هیچ پەلەیەکی نییە لە گرتنەبەری هەنگاوی هێرشبەرانە، چونکە زیانی بەرچاوی بە توانا سەربازییەکانی ئێران و بەرنامەی ئەتۆمی گەیاندووە.
تەرمپ لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لە فلۆریدا بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: توانا ئەتۆمییەکانیان لەناوبردووە. هێشتا یەک یان دوو شوێنمان ماوە کە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، بەڵام دەتوانین بە ١٠ خولەک ئەو کارە بکەین، باسی لە « شاخی تەور »کرد لە پارێزگای ئیسفەهان کە نزیکەی ٢٠٠ کیلۆمەتر لە باشووری تارانەوە دوورە.

@shamsnewstv.





د. سالار عوسمان لە سلێمانی سەردانی ماڵی نووسەر کەریم زەند و شاعیری بەنێوبانگ لەتیف هەڵمەتی کرد


ڕۆژی شەممە ٣١ی ١٠ی ٢٠٢٦، د. سالار عوسمان، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە شاری سلێمانی سەردانی ماڵی نووسەر، تێکۆشەر، جیۆگرافیناس و گەڕیدەی بەناوبانگی کورد و هەڵگری مەدالیای بارزانی، خوالێخۆشبوو کەریم زەندی کرد و لەلایەن ئامینە خان، هاوسەری کۆچکردووەوە پێشوازیی لێ کرا.
لە سەردانەکەدا، د. سالار عوسمان بە ڕێز و پێزانینەوە باسی لە هەوڵ، ماندووبوون و خزمەتە بەنرخەکانی کەریم زەند کرد لە بواری نووسین، مێژوو و جیۆگرافیاناسیدا و ڕۆڵی ناوبراوی وەک تێکۆشەر و قەڵەمێکی دیاری کوردستان بەرز نرخاند.
هاوکات، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ئامادەیی تەواوی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی بۆ هەر خزمەت و هاوکارییەک لەو بوارەدا و بۆ پاراستن و زیندووڕاگرتنی بەرهەم و میراتی ڕۆشنبیریی مامۆستا کەریم زەند دووپات کردەوە.
هەر هەمان ڕۆژ، د. سالار عوسمان، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، سەردانی شاعیری بەنێوبانگی کورد، لەتیف هەڵمەتی کرد.
لە سەردانەکەدا، د. سالار عوسمان لە نزیکەوە لە بارودۆخی لەتیف هەڵمەتی پرسی و، وێڕای ڕێزگرتن لە هەوڵ و ماندووبوونەکانی، توانا، لێهاتوویی و بەخششە ئەدەبییەکانی ناوبراوی لە خزمەتکردنی شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا بەرز نرخاند.
هەروەها جەختی لەوە کردەوە، کە بەسەرکردنەوە و ڕێزلێنان لە شاعیران و قەڵەمە داهێنەرەکان جێگەی بایەخی بەردەوامە، و ئامادەیی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنیشی نیشان دا بۆ پێشکەشکردنی هەر خزمەت و کارئاسانییەک، کە پێویست بێت.



سەلامەتی بۆ هاوکارمان هاودەنگ فاروق

هاوپێشەمان هاودەنگ فاروق سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەولێر لە دەرەوەی وڵات تووشی ڕوودواوی هاتووچۆ بووە، ئێستا دۆخی تەندروستی جێگیرەو تەمەننای سەلامەتی بۆ دەکەین.
بەناوی سەرنووسەرو تەواوی کارمەندانی (خەبات)ەوە نزای چاکبوونەوەی خێرای بۆ دەکەین.

گۆڤاری (زمان و زار) بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکرایەوە



حەمە ئەحمەد جاف

ژمارە 23ی پاییزی 2026 ساڵی پێنجەم، وەرزە گۆڤاری زمان و زار بە زمانی ئینگلیزیی بڵاوکرایەوە.
بەرگی گۆڤارەکە وەک ڕێزلێنان وێنەی زمانناس، فەرهەنگنووس و کۆردۆلۆژیست دوکتۆر مایکڵ چایەت دانراوە. لە لاپەڕە 31 تاوەکو 54 هەڤپەیڤێنێکی تێدایە لەگەڵ دکتۆر مایکل چایەت بەنێوی (سەربردەی زمانان بە گێرانەوەی فەرهەنگێک). سەرنووسەری ئەم گۆڤارە د: فەرەیدوون سامان و خاوەنی ئیمتیازی دکتۆر تەها ڕەسوولە.
ئەم ژمارەیە پتر لە نزیکەی ٢٠ تۆێژینەوەی ئەکادیمی لەخۆدەگرێت، لەگەڵ چەند بابەت و هەڤپەیڤێنێک. تەواوی ژمارەکە بە زمانی ئینگلیزییە، جگە لە دوو بابەت کە بەزمانی فەرەنسایی. گۆڤاری (زمان و زار) بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی دەردەچێت.

کتێبەکە باس لە ئەزموونی کۆچ، سەختییەکانی ژیان و چۆنییەتی گەیشتن بە سەرکەوتن دەکات

کتێبی چیرۆکە ڕاستەقینەکانی تاراوگە بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی بڵاوکرایەوە



خەبات - ساسان دەرویش

کتێبی چیرۆکە ڕاستەقینەکانی تاراوگە، لە ئامادەکردنی ڕۆژنامەنووس شاخەوان ئەکرەم دووکانی، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ڕێکخراوی چەپک و بە پاڵپشتی کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی، بە هەر دوو زمانی کوردی و ئینگلیزی چاپ و بڵاوکرایەوە. بڵاوکردنەوەی کتێبەکە لە بۆنەیەکدا لە هۆڵەندا ڕاگەیەندرا.
شاخەوان ئەکرەم دووکانی، سەبارەت بە ناوەڕۆکی کتێبەکەی بە خەباتی ڕاگەیاند: کتێبەکە کۆمەڵێک چیرۆکی ڕاستەقینەی کەسانی تاراوگە لەخۆ دەگرێت، کە تێیدا باس لە ئەزموونی کۆچ، سەختییەکانی ژیان، خۆڕاگری و چۆنییەتی گەیشتن بە سەرکەوتن دەکرێت. ئەم بەرهەمە بە ژمارەی سپاردنی (٢٦٥٥)ی ساڵی ٢٠٢٦، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕەزامەندیی پێدراوە.
دووکانی، ئاماژەی بەوەش کرد کە لە ماوەیەکی نزیکدا کتێبەکە دەگاتە کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا وەشانی ئینگلیزییەکەشی بۆ کتێبخانەکانی هۆڵەندا، ئەڵمانیا، بەڵژیکا، بەریتانیا و چەند وڵاتێکی دیکە دەنێردرێت. شاخەوان دووکانی، لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، مژدەی ئەوەی دا کە ڕێکخراوی چەپک، لە ڕێککەوتی ٢١ی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ، لە چوارچێوەی مەراسیمی شەوی یەلدا لە شاری لاهای هۆڵەندا، کتێبەکە بەخۆڕایی دابەش دەکات.
هەروەها گوتیشی: بەپێی بەرنامەی دانراو، کتێبەکە لە کۆنفرانسێکی نەتەوەیی دیاسپۆرا لە ئەڵمانیا و مەراسیمێکیش لە شاری هەولێر و سلێمانی دەناسێنرێت و بڵاودەکرێتەوە.
لە کۆتاییشدا، شاخەوان دووکانی ئاماژەی بە پلانەکانی داهاتووی ئەم پڕۆژەیە کرد و گوتی: بەپێی پلانی بڵاوکردنەوەی کارەکانمان، بەرگی دووەمی کتێبەکەش لە بەرنامەکانی داهاتوودایە کە چیرۆکی کەسایەتییە سەرکەوتووەکان لەخۆ دەگرێت.بەم شێوەیە، پڕۆژەی چیرۆکە ڕاستەقینەکانی تاراوگە، هەوڵێکە بۆ تۆمارکردنی ئەزموون و چیرۆکی ژیانی کوردانی تاراوگە، ناساندنی ئەزموونی کۆچ و خۆڕاگرییان و گواستنەوەی ئەو ئەزموونانە بە دوو زمانی کوردی و ئینگلیزی بۆ خوێنەرانی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان لە داهاتوو بەردەست دەبێت بێ بەرامبەر.

هەر هونەرمەندەکێ شێوەکار شێوازێ خوە یێ تایبەت هەیە

شێوەکار عیماد ئالیخانی: هەمی کەس نەشێن ببنە نیگارکێش



دیدار – مسلم دۆلەمەری

عیماد ئالیخان ئاکنجیێ پارێزگەها دهۆکێ، دەرچوویێ پەیمانگەها هونەرێن جوان بەشێ شێوەکاری/ نیگار هەروەسا دەرچوویێ زانکۆیا دهۆکێیە لە کولیژا پەروەردا بنیات بەشێ دەروونناسی, دقێ دیدرێدا بۆمە بەحسێ ئەزموونا چەند ساڵیا هونەرێ خۆیێ شێوەکاری کر.

دەمێ ئەزێ زارۆک من حەز ژ کارێ وێنەکێشانێ دکر و دیواڕێن ژۆرێن مالێ هەموو ب وێنەکێشانێ ڕەنگاورەنگ کربوون و هوسا من دەست ب وێنەکێشانێ کر و دگەل من دا مەزن بوو تاکو من پەیمانگە ب دوواهی ئینای، لێ ل بیرا من نینە کا ئێکەم کەڤال من دروستکری ل سەر چ بوو و ب چ کەرەستە من دروست کربوو، لێ بێگۆمان ئێکەم کەڤال ئەز زارۆک بووم و ل وی دەمی دبیت ل سەر وێنێن کەساتیێن کارتوونی بن. لێ نوکە کارێن من یێن هونەری یێن کو ئەز دروست دکەم د هەمەجۆرن، و ب کەرەستێن جودا جودا کار دکەم، بۆ نموونە ڕەنگێن زەیتی، ڕەنگێن پاستین و ئاڤێ و ... هتد. و پتر د فلکلۆری و کولتووری نە گرێدای ژیان و ژیارا کوردان ڤە.
سەبارەت ب وان کەڤالێن کو دروست دکەت کا پتر ل سەر چنەگۆت: ب هەمی شێوان کار دکەم لێ پتر د ڕاستی نە بۆ نموونە سروشتی، کولتووری و ژیانا کوردان ڤە، هەروەسا وێنێن کو قوتابی مفای ژێ ببینن من ل سەر دیواڕێن هندەک قوتابخانان وێنەکرینە. بۆ نموونە زانست، ئینگلیزی و ڕێنمایی و ... هتد.
ل سەر ڕەنگ ڤەدانا سروشتێ کوردستانێ داناڤا کەڤالیت خۆدادبێژیت: بەلێ سروشتی کوردستانێ تێکەلی کەڤالێن خوە دکەم، ژ بەرکو سروشتێ مە ب خوە هونەرە کەڤالە، میوزیکە و ... هتد، هەروەسا ئازار، خۆشی و نەخۆشییێن گەلێ خوە تێدا دیار دکەم ل دووڤ پێدڤی.
ل بارێ هندێ کاهەمی کەسەک دێشێت ببیتە نیگارکێش و هونەرمەند گۆت: نەخێر هەموو کەس نەشێن ببنە نیگارکێش، ژ بەرکو یا ئاسان نینە، هونەرێ شێوەکاری حەزە ئارەزوویە و ئیلهامە، ئەگەر ئەڤە ل دەف مرۆڤی نەبن گەلەکا ب زەحمەتە ببیتە نیگارکێش.
ل بارا وێ پەیام و نامانا میللەتێ خۆ کو هونەرمەندێن نیگارکێش هەریەک ب شێوازەکێ جیا دشێن بگەهینە جڤاکێ یان جیهانێ دبێژیت: هونەر نامەیەکە هونەرمەند دگەهینتە جڤاکی یان جیهانێ ب گشتیی، ب ڕێکا کەڤال، ستران و شانۆ و ... هتد. هەر هونەرمەندەکێ شێوەکار شێوازێ خوە یێ تایبەت هەیە، دەمێ کو کەڤالەکێ دکێشیت نامەکا هەی بەلکی نەشێت ب گۆتن یان نڤیسین بگەهینیت، لێ ب ڕێکا کەڤالی دێ گەهینیت، هەروەسا خەم و خەیال، خۆشی و نەخۆشییێن خۆ یێن تاکە کەسی یان کومەلایەتی تێدا دیار دکەت. هەموو کەڤالێن من تشتەکێ ڤەشارتی ژ کەساتی، ژیان و هێز و لاوازیا من تێدانە لێ د ڤەشارتی نە و دبیت هندەک شێوەکار هەست پێ بکەن و ببینن. لێ دەمێ ئەز وی تشتێ خوە یێ ڤەشارتی د کەڤالی دا بکار دئینم دەروونێ من ئارام دبیت، لەوا وێنەکێشان ژی دبیتە ڕێکە چارەسەریەکا دەروونی بۆ هونەرمەندێ شێوەکار و بینەری ژی.
ل دوماهیکێدا بەحسێ هونەرێ خۆیێ داهاتی کرو گۆت: من دڤێت دناڤ هونەرێ شێوەکاری پتر گرنگیێ بدەمە لایەنێ دەروونی و تێکەلی کەڤالی بکەم ژبەرکو دەروونناسی ژی هونەرە، و هونەرێ کلاسیک و مودرێن تێکەلی هەڤ بکەم، خەم و ژیان، خۆشی و نەخۆشی، هێز و لاوازی و ... هتد یێن خۆ و یێن خەلکی یێن تاکەکەسی و گشتی دارێژمە سەر کەڤالی و دخوازم پتر پشتەڤانی ل هونەرێ شێوەکاری ب گشتیی بهێتە کرن.



نەسیمی بادی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هێنا
بەریدی عاشقان دیسان پەیامی دڵبەری هێنا
نەوید، ئەی عاشقانی دڵفگار! یار هاتە سەر خەندە
سەڵا، ئەی بولبولان! دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا

وەفایی